


23
ئیسلامیزم، فاشیزم و.....





31
دیموکراسی لیبرالیستی....





45
پێکناکۆکی و سەربەخۆیی





58
لەزانکۆی کامبریج لێکۆلینەوە...



ژمارە
19
ساڵی دووەم
ئـــاب ٢٠١٧
خەرمانان ٢٧١٧


# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge


www.komelge.com
Political, Intellectual and Social monthly Magazine
گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە


## پارتەکانی هەرێم رووداوەکان دروستیکردون و بونیادێکی فیکرییان نییە!!



### رێبوار رەشید

لە پایتەختی هەرێم رۆژنامە و ئاژانسی
زمانحالی فاشیزم و داگیرکەریی تورک
بە پیتی عەرەبیی و لاتینیی دەردچێت!

### دیاری خلید

بۆچی
بارزانی دهیەوێت
ریفراندۆم ئەنجامبدات؟

Azadî Komelge



١٩

ئازادیی كۆمەڵگە

گۆڤارێكی سیاسیی، هزریی، جڤاكی مانگانەیە


خاوەنی ئیمتیاز

محەمەد كیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد كیانی)

سەرنووسەر

گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)

دەستەی نووسەران

د. سالار باسیرە

سەردار ستار

بەیان عەلی

نەجیبە قەرەداخی

كامەران گوڵپی

كوردۆ شوانی

راوێژكاری یاسایی

پارێزەر هیلال ئیبراهیم




٤٠



٢٧



٤٩


پەیوەندییەكان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge



چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار

ناونیشان: نوسینگەی سەرەكی: كوردستان - سلێمانی - گەڕەكی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# فاشیزمی سیاسی و ئیرادەی دیموکراسی

فاشیزم وەك گوتارێکی پەتاداری پەڕگیر لەهەناوی هەموو ئەو دەسەڵاتانەدا سەردەردێنێت کە چیدی ناتوانێت بە «دەمامکی دیموکراتی» یان بە «شەرعیەتی شۆڕشگێڕی» بەردەوامیی بە هەژموونگەرایی خۆی بدات. فاشیزم لە سادەترین پێناسەی خۆیدا؛ سڕینەوەی جیاوازییەکانی کۆمەڵگەیەکی فرەچەشن و فرەڕەنگە. واتا ئاراستەکردنی زۆرەملێیانەی کۆمەڵگە بۆ یەکچەشنی و یەکڕەنگی، ئەمەش لەکۆتادا بەواتای بێچەشنی و بێڕەنگی دێت. چونکە وەك ڕاستییەکی گەردوونی؛ هەر ڕەنگێك بە بوونی ڕەنگەکانی دیکەوە گوزارشت لە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە دەکات. بەڵام بە دیوێکی دیکەشدا؛ فاشیزم لە ئانی سڕینەوەی جیاوازییەکاندا جۆرێك لە دابەشکاری و پۆلینکاری ساختە و ناڕەسەنیش لەنێو کۆمەڵگەدا دروست دەکات، کە دەمارگیری ڕۆحەکەیەتی، رق و کینە و شەڕانگێزی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانیش بنەمای کارکردنییەتی. واتا فاشیزم لەسەر دوو بنچینەی ناکۆك بەیەك(پارادۆکس) و دوو قاچی هاوتەریب بەیەك دەڕوات و گەشە بەخۆی دەدات. لەلایەکەوە؛ جیاوازییەکانی نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەسڕێتەوە و لەهەوڵی هۆمۆژەنکرکردن (یەکشێوەکردن، یەکڕەنگکردن، یەکچەشنکردن) دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە خۆی جۆرێك لە دابەشبوون و پۆلینکاری لە ناو کۆمەڵگە دروست دەکات و هەموو کۆمەڵگە دەکاتە دووژمنی یەکتر. بەمەش ئاشتەوایی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە پارچە پارچە دەکات و دەیانکاتە دووژمنی یەکتر. کەواتە فاشیزم لەیەککاتدا جیاوازییەکان دەسڕێتەوە، هەمیش یەکێتی جیاوازییەکان پارچەدەکات.

فاشیزم سروشتی هەموو دەسەڵاتێکە کە دەکەوێتە نێو قەیرانە جۆربەجۆرەکانەوە و بەدوایدا لە گێژاوێکی گشتگیردا گیر دەخوات و گێژاوەکەی خۆییشی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت و دەگشتێنێت. بێگومان لەڕووی کەتوار(واقیع)ەوە سروشتی هەموو کۆمەڵگەکان فرە پێکهاتەیین. ڕەنگێ کۆمەڵگەیەك نەبینرێت یەکڕەنگ و یەکچەشن بێت. ئەگەر لەهیچ ڕووێکەوە فرەچەشنی و فرەڕەنگیش نەبێت ئەوا لەڕووی جیهانبینی سیاسییەوە فرە بۆچوون و فرە بەرژەوەندی و فرەشێوازی تێدایە. بەڵام «فاشیزمی سیاسی» کە یەکێك لە ترسناکترین جۆرەکانی فاشیزمە، لەهەوڵی سڕینەوەی ئەو فرەیی و جیاوازییە سیاسییە دەدات.

ئەمڕۆ لە باشووردا؛ لەگەڵ بەرۆژەڤبوونی باسوخواسی ریفراندۆمدا، گوتارێکی فاشیستانەی دەسەڵاتداران دژ بەوانەی لەگەڵ ریفراندۆم نین، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان، ڕەخنە و سەرنج و تێبینییان لەسەر کات و شێواز و گوتار و ئامانجی ریفراندۆمەکە هەیە، ناویان دەزڕێندرێت، کەرامەتی مرۆییان دەوروشێنرێت، تەخوین دەکرێن، تەنانەت هەوڵی لێدان و لەناوبردنیشیان دەدرێت. ئەمانەش هەمووی شێوازی گوزارشت لەخۆکردنی فاشیزمن. ئێستا بەو گوتارە دەمارگیر و رقبەخش و کینەبەخش و شەڕانگێزەوە دۆخی رۆحی و دەروونی کۆی کۆمەڵگەکەمان گەیەنراوەتە ئاستی دۆخێکی هیستریای شەڕانگێزانەی ئەوتۆ، کە ئەگەر ریفراندۆم بکرێت یان نەکرێت، هەر چ ئەنجامێکیشی لێبکەوێتەوە، بەقەد دروستبوونی ئەو دۆخە هیستریا جڤاکییە کاریگەری مەترسیداری نییە. ئەوەی ئەو مەترسییەی زیاترکردووە؛ دەسەڵات کەناڵە راگەیاندنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مینبەری مزگەوتەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کردۆتە بڵندگۆ و سەکۆی بانگەشە فاشیستەکانی خۆی و سەنگەری لە زۆرینەی کۆمەڵگەش گرتووە و بە لۆژیکی «یان لەگەڵ منیت یان دووژمنیت» گوتار دەدات و هەڵسوکەوت دەکات.

مسۆگەر وەکچۆن هیچ کاتێك فاشیزم نەیتوانیوە تەمەنی دەسەڵاتە گێژاودارەکان درێژبکاتەوە، بەهەمانشێوەش نەبۆتە چارەسەری بۆ هیچ گرفت و قەیران و گێژاوێك، چونکە خۆی بەرهەمی ئەو گرفت و قەیران و گێژاوانەی دەسەڵاتە کە جگە لە فاشیزم دەرەتانی دیکە نابینێت و نادۆزێتەوە و دەرکی پێناکات. ئەمە لەکاتێکدا لە دیموکراسیدا، کە تەواو ناکۆك و پێچەوانەی فاشیزمە، چارەسەری ریشەیی هەموو گرفت و قەیران و گێژاوێك لەخۆوەی دەگرێت، چونکە دیموکراسی لە سادەترین واتاییدا؛ داننانە بە هەموو جیاوازییەکان، واتا یەکێتی جیاوازییەکان و یەکبوونی ئیرادەکانە، بەیەکەوەژیانی ئازاد، دادپەروەر و یەکسان و ئاشتیانەی پێکهاتە فرەچەشن و فرەڕەنگەکانە. بۆیە فاشیزم پەتای دەسەڵاتە و دیموکراسیش ئیرادەی چارەسەری کۆمەڵگەیە.

# مەنتك: حیزبەکانی هەرێم نەك لە فیکری سیاسیی بەڵکو لە رووی بوونیشەوە مردوون

ئازادیی کۆمەڵگە

دیدار: ئازادیی کۆمەڵگە



دکتۆر کامەران مەنتك

کامەران مەنتک، رایدەگەیەنێت: ئەوەی لە کوردستان لە ژێر ناوی حیزبی سیاسییدا خۆیان مۆڵ داوە خێڵەکیین و هەوڵدەدەن قاڵبی حیزبی سیاسیی وەربگرن، مانەوەی ئەم حیزبانە نە پێوەندی بە فیکری سیاسییەوە هەیە، نە دەنگدەرانی و نە بە ئیرادەی خەڵکیش، بەڵکو پێوەندی بە هێزە هەرێمییەکانەوە هەیە.

مەنتک، لەم دیدارەی ئازادیی کۆمەڵگەدا، وتیشی: هەموو سیستمێکی دواکەوتوو، هوشیاریی سیاسیی لەبەرژەوەندیی خۆی نابینێت، حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بەرژەوەندییان و مانەوەیان لەوەدایە، خەڵک بە ناهۆشیاریی و نەزانی بمێنێتەوە. جەختیشی کردەوە: حیزبەکانی کوردستان، بەرژەوەندیی بنەماڵە و خێڵەکانی خۆیان و حیزبەکانی خۆیان، پێش بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان دەخەن. هەر بۆیە ریفراندۆمیش لە کوردستان هەوڵدانە بۆ هەناردە کردنی کێشەکانی ناوخۆی حیزب.

**بۆچی لە نێو پارتە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان قەیرانی فیکری سیاسیی هەیە؟**

**کامەران مەنتک:** لەڕاستییدا تاوەکو ئێستا ئەمانە خاوەن فیکرێکی سیاسیی خۆیان نین، زیاتر فیکریان رۆژئاواییە؛ بەڵام ئەم قۆناغەی تێیدا دەژین مەسەلەی ئایدۆلۆژیا تێیدا زاڵترە و بەرژەوەندییەکان زەقتر بووەتەوە. پێشتر لە پاڵ فیکرێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکی سیاسییەوە هەوڵدەدرا کۆمەڵێك شت بشاردرێتەوە، بەڵام جیهانگەرایی وادەکات هەندێك شاردنەوەیان زەحمەت بێت، ئێستا سیاسەت راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندییەکان دەکات لەبەرچاوی خەڵك، بەنمونە: ئەم دیاردەیە لە جیهاندا باوە، بەڵام لە کوردستاندا زەقترە، هەرچەندە رەنگە کوردستان جیاوازتر بێت لە جیهان، چونکە ئەوەی لە کوردستان لە ژێر ناوی حیزبی سیاسییدا خۆیان مۆڵ داوە، ئەوانە حیزبی خێڵەکیین و هەوڵدەدەن قاڵبی حیزبی سیاسیی وەربگرن، بەڵام تاوەکو

ئێستا نەیان توانیەوە.

**هۆکار چییە پارتەکانی هەرێم خاوەن گوتارێکی فیکریی نین؟**

**کامەران مەنتک:** شۆڕشی باشووری کوردستان، لە دوای جەنگی جیهانییەوە زیاتر پارچە کرداربووە، حکومەتی بەعس هەوڵیدەدا ئامانجەکانی خۆی بچەسپێنێ بەسەر گەلی کوردا، بەڵام حیزبە کوردییەکان هیچ پلانێکیان نەبووە لە بەرانبەر پلانەکانی حکومەت. تەنها هەوڵیانداوە روبەڕووی پلانەکانی حکومەت ببنەوە، کۆمەڵێك خەڵك بوونە کە خەباتیان کردوە، ئێستاش کۆتاییان پێنەهاتووە و بخۆرانە لە سەرحوکمن. چونکە خۆیان بە خاوەن فیکرێکی سیاسی دەزانن، لە دوای روخانی بلۆکی رۆژهەڵات و سەرهەڵدانی تاك جەمسەریی کە لە کوردستان شۆڕش سەری هەڵدا، قۆناغێکی نوێ سەری هەڵدا کە ئەو حیزبانە ئیدی بەسەرچوون، نەك تەنها لە رووی فیکری سیاسی و ئایدۆلۆژیانەوە، بەڵکو لە رووی بوونیشەوە حیزبی مردوون، ئەوەی هێشتونیەتەوە توانای خۆیان نییە، ئەوململا نێ ئاڵۆزەی لە ناوچەکەداهەیە، کەواتە مانەوەی ئەم حیزبانە نە پێوەندی بە فیکری سیاسییەوە هەیە، نە دەنگدەرانی و نە بە ئیرادەی خەڵکیش، واتە پێوەندی بە هێزە هەرێمییەکانەوە هەیە. ئەگەر تورکیا نەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان ناتوانێت ببێتە ئەو هێزە. ئێمە بینیمان لە دوا هەڵبژاردندا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کەمترین کورسی هێنا و زۆر ئاستی کورسییەکانی دابەزی، بەڵام لە رووی دەسەڵات و هێزەوە وەک خۆی مایەوە. لەبەرئەوەی بنەمای تواناکانی ئەو لەسەر دەنگدەران نەبوو، بەڵکو لە ئێرانەوە بوو، لەبەرئەوەی شتیك قۆناغی بەسەر چووبێت ناتوانرێت فیکری لەسەر دابنرێت ناتواندرێت هاو فیکری سەردەمەکەی خۆی بێت.

**پارتەکوردییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆچی نایانەوێت هۆشیاریی سیاسیی و فیکری سیاسیی گەشە بکات؟**

**کامەران مەنتەک:** هەموو سیستمێکی دواکەوتوو، هوشیاریی سیی سیاسی لەبەرژەوەندیی خۆی نابینێت. لە چیرۆکی نەمروود کە ئیدعای ئەوەی دەکرد کە خوایە، دەچێتە لای یەکێک لە وەزیرەکانی و دەڵێت دەزانی ئەو خەڵکە ئەوەندە نەزانن وادەزانن من خوام، وەزیرەکە زۆر زیرەکە، دەڵێت تۆ پێویستە بە هەموو شێوەیەک پارێزگاریی لە نەزانی خەڵک بکەی! ئێستا لە بەرژەوەندیی ئەو حیزبانەیە کەوا خەڵک بە نا هوشیاریی و نەزانی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بمێننەوە، واتە مانەوە و بەردەوام بوونی ئەوان، یەکێک لە فاکتەرەکانە نەک هەموو فاکتەرەکان؛ بەشێکی زۆری پێوەندی بە هێزە هەرێمییەکانەوە هەیە، یەکێکی تر لە فاکتەرەکان ئەوەیە کە خەڵک نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست روو بە رووبان ببێتەوە، بۆیە ئەوان بەرژەوەندییان و مانەوەیان لەوەدایە خەڵک بە ناهۆشیاریی و نەزانی بمێنێتەوە.

**چی بکرێت بۆ ئەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکان لە هەرێمی کوردستان هۆشیاریی سیاسیی و فیکری سیاسیی گەشە پێبدەن؟**

**کامەران مەنتک:** کێشەکە ئەلەوەدایە، ئەوان نەک هەر خەڵک بەڵکو هەموو ئەو ئامرازانەشیان ستۆک کردوە کە دەبنە هۆی هۆشیار بوونەوە، ئێستا زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی فیکر بەرهەم بهێنن نەزانی بەرهەم دێنن! لە راستییدا ئەوەنەی لە کوردستاندا پێدەوترێت زانکۆ، بەشێکی هەرە زۆری وەکو پەیمانگەیەکی کادیرانی لێهاتووە کە زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو حیزبانەوە کە تێیدا باڵادەستن. لەکوردستان بە چەمکە زانستییەکەی شتێک نەماوە پێی بوترێت زانکۆ کە بتوانێت مەعریفە بەرهەم بهێنێت، ئێستا زانکۆ لە کوردستان بەو پەڕی هۆشیارییەوە لاسایی شەقام دەکاتەوە لە کاتێکدا لە هەموو دونیادا شەقام لاسایی زانکۆ دەکاتەوە. لە دونیا دا حیزبەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی زانکۆکان، بەڵام لە کوردستاندا حیزب زانکۆی کۆنترۆڵکردوە. بە نموونە هەندێک جار کە لە دونیا دا کۆنفرانس دەکرێت، ئەکادیمیستەکان قسەدەکەن سیاسەتمەدارەکان گوێ دەگرن، بەڵام لە کوردستان نەک سیاستەمەداران ئەوانەی کادیرێکی حیزبیین لە کۆنفرانسەکان قسەدەکەن و ئەوانەی بە ناو ئەکادیمین وادەزانن قسەی زۆر گرینگ دەکەن دانیشتوون و گوێ دەگرن، لە کوردستان هەموو پێگەکان ئاوەژوو بووەتەوە، رۆڵی تاك لە کوردستان شێوێندراوە و کاڵا بە گوێرەی باڵا نییە.

**حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ناوەند و دامەزراوەی گەورەیان هەیە، بەڵام کادیرەکانیان زۆر کۆڵەوارن لە ئاستی فیکریی دا، ئەمەیان بۆچی؟**

**کامەران مەنتک:** ئەو ناوەندانە وانیین، لە کوردستان ئەو حیزبانە پێویستیان بە ناو نیشتان هەیە، دەسەڵاتی کوردیی یان حیزبە کوردییەکان بۆ ئەوەی وای نیشان بدات، حەزدەکەن زانکۆ، رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر بێت، بۆ ئەوەی وای نیشان بدەن یان پێچەوانەکەی خۆیان بشارنەوە، لە کوردستان ئەو هەموو رێکخراو، سەنتەری توێژینەوە، راگەیاندنە هەیە، پێموانییە لە زۆر دەوڵەتدا هەبێت. ئەمە بۆ ئەوەیە پەردەپۆشی ئەوە بکەن کە ئەوان دژی دیموکراسیین، لەبەرئەوەی بە فیعلی هەموو رەفتارەکانیان لەگەڵ دیموکراسیی ناگونجێت! ئەو سەنتەرانەی هەن لە کوردستان وانەبێت هەموویان بەیکجار سفر بکەین، بەڵک هەندێک جار بەرهەمی باش و کتێبی باشیان هەیە، بەڵام بەشیوەیەکی گشتیی لە ئاستی ئەو قۆناغەدا نیین و لە ئاست ئەو خەرجییەدا نین کە دەیکەن.

**زۆربەی حیزبەکانی هەرێم دەیانەوێت لە رێگەی ناسیۆنالیزمەوە بگەن بە ئامانج، ئایا ناسیۆنالیزمی کوردیی تەنها فۆرمێکە بەکاردەهێندرێت یان ناوەرۆکێکی فیکریی هەیە لای ئەم حیزبانە؟**

**کامەران مەنتک:** من پێموایە، ئەوان ئیش لەسەر ناسیۆنالیزم ناکەن و هێشتا نە گەیشتوونەتە قۆناغی ناسیۆنالیزم؛ ئەوان لە قۆناغی بەبنەماڵە کردندا دەژین، ناسیۆنالیزم لای ئەوان تەنها ئامرازێکە بەکاری دەهێنن وەکو دورشم. کەسێک لەرووی ناسیۆنالیزمەوە کاربکات، بەرژەوەندیی نەتەوە و کۆمەڵگەکەی پێش بەرژەوەندییە خێڵە کییەکان دەخات، بەڵام لە قۆناغی خێڵ بەرژەوەندیی بنەماڵە و خێڵ پێش بەرژەوەندیی نەتەوە دەخرێت، حیزبەکانی کوردستان بەرژەوەدندیی بنەماڵە و خێڵەکانی خۆیان و حیزبەکانی خۆیان پێش بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان دەخەن، بەڵام بەداخەوە زۆر خەڵک واتێدەگات ئەوانە باسی کوردایەتیی دەکەن، نەخێر ئەوان قۆناغێک کوردایەتییان وەک دروشمێک بەکاریان هێناوە بۆ خزمەت کردنی پێگە خێڵەکیی و بنەماڵەییەکەی خۆیان. لە ناسیۆنالیزمدا بییری سیاسیی لەبەرژەوەندیی کۆی نەتەوە کەدایە، کاتێکیش ئەم ئە حیزبانە دەبینی نەک لەبەرژەوەندیی نەتەوە کەیان بوونە، بەڵکو بە رێک بە پێچەوانەوە دژی نەتەوە کەیان بوونە! شەڕی هەموو لایەکیان کردوە، لە کوردەکانی رۆژهەڵاتیان داوە، لە کوردەکانی باکوردەدەن و کێشە بۆ کوردەکانی رۆژئاوا دروست دەکەن؛ من پێموایە گوناحە ئەوانە پێیان بوترێت حیزبی ناسیۆنالیستین. تێنەگەیشتنێکی زۆر نەزانانەیە ئەو حیزبانەی باشووری کوردستان بە حیزبی ناسیۆنالیستی تێبگەین، بەداخەوە! بەشێکی زۆر لە رۆشنبیران کەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە، شەڕی ناسیۆنالیزم دەکەن وەک ئەوەی پێیان وابێت شەڕی یەکێتیی و پارتیی و ئەو حیزبانەی باشوور دەکەن، کەواتە ناسیۆنالیستی کوردیی لە دوولا شەڕی لەسەر دەکرێت، ئەوانەی بەناوی ناسیۆنالیستییەوە کاردەکەن، لە راستیی دا ئیش لەسەر بێ هێزکردنی پێگە خێڵەکییەکان دەکەن و ئەوانەشی کە دژی ناسیۆنالیستن ئەوانەش هەر ناسیۆنالیست باش تێنەگەیشتوون، ئەوانەشی کە دژی یەکێتیی و پارتین شەڕی ئەو دروشمانە دەکەن کە پارتی و یەکێتیی بەرزیان کردوەتەوە.

**کوردایەتیی وەک عروبە دەچێتە خانەی رەگەز پەرستییەوە، ئەمە چۆن هەڵ دەسەنگێنیت؟**

**کامەران مەنتک:** ئاماژەم بەوەکرد، کوردایەتیی راست تەرجەمەی عەرەبیی عروبەکەیە، لە کوتایی چلەکان و پەنجاکان –سەدەی رابردوو- مەسەلەی ناسیۆنالیزم سەری هەڵدا و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی کە باسی عروبە دەکات و باسی نەتەوەی عەرەب دەکرا. بۆیە ئەوان لەسەر ئەوە سەریان هەڵدا؛ عەرەبەیاتیی کوردایەتیی هاتا پاشگرەکەیشی لەو نزیکە، بەڵام مەسەلەی کوردایەتیی ئەو ناسیۆنالیستە نییە یان ئەو رەگەز پەرستییەنییە کە ئاماژەت پێکرد، کاتێک نەتەوە دەگاتە قۆناغی ئەوەی کە بڵێت هەر من هەم و دژی نەتەوەکانی تر بێت، وەک نەتەوەی تورک کە دەگاتە رەگەز پەرستیی و بەرەو فاشیزم دەڕوا؛ بەڵام لە کوردستان ئەوە نەبووە، کورد هەر بە تەبیعەت رەگەز پەرست نەبووە، کەی کەسێک دەتوانێت رەگەز پەرست بێت کاتێک بە هەزاران کەسی ئەنفال کرابێت و بچێت دەست لە نێو دەستی عەرەبێک بنێت، دەست لە نێو دەستی تورکێک بنێت و سەرووەتوو

سامانی وڵاتەکەی پێشکەشبکات و تورک ئامادەنەبێت گوێ لە مۆزکی کوردیی بگرێت، ئەوە کەی ناسیۆنالیستە ئەوە کەی رەگەز پەرستییە. مەسەلەی نەتەوە پێویستی بە کۆمەڵێک بنەماهەیە، ئەو بنەمایانە لە کوردستان هەتا ئێستا بوونیان نییە، پێویستیی بە یەکێتییەکی ئابووریی هەیە نییە، پێویستیی بە بازاڕە و ئەو بازاڕە لە کوردستان نییە. بازاڕ هەیە، بەڵام گەشەسەندنی بازاڕەکان بەشێوەیەکی قورغکارانەیە لەلایەن بازرگانەکانەوە، نەک لەرێگەی ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی سروشتیی لە رێگەی ئیشکردنەوە بوون بە سەرمایەدار. ئەوانەی شەڕی کوردایەتیی دەکەن، من پێموایە بەهەڵە تێگەیشتوون، مەسەلەی کوردایەتیی مانای رەگەز پەرستیی و ناسیۆلیست نییە، هەر بۆیە مەسەلەی کوردایەتیی لاسایکرنەوەیەکی کوێرانەی عروبەیە، عروبە بەرەو راسیزم رۆیشت، بەڵام لە ناو کوردستان کوردایەتییەکە گەشەی نەکرد. کوردایەتییەک بەس وەک دروشم مایەوە، یەکێتیی و پارتی بەرزیان کردەوە، ئەو کەسانەی ئێستا شەڕی کوردایەتیی دەکەن، پێویستە راستەوخۆ شەڕی یەکێتیی و پارتیی ئەفکارەکانیان بکەن، نەک شەڕی مەسەلەیەک بکەن مەسەلەی کوردبوون، لەگەڵ مەسەلەی خەبات کردن لە پێناو نەتەوە و هەوڵدان بۆ ئەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی تر بژیت، من پێموایە شتێکی پیرۆزە، خۆ تۆ ناکرێت بۆ تورکیا کاربکەیت و نەتەوەی خۆت لەبیر بکەیت، پێویستە کورد بۆ کورد کاربکات، بەڵام لە کار کردنەکەدا نابێت توشی ئەو نەخۆشییە ببین کە عەرەب و تورک و فارسەکان توشی بوون، نەتەوەی بەرانبەر رەت بکەنەوە. ناسیۆنالیزم هەتا لەلای مارکسیزمیش قۆناغێکی پێشکەوتووخوازە، لە سەرەتا دا قۆناغێکی پێشکەوتووخوازە هەتا بۆ ئەوەی خزمەتی ئەو بنەمایانە بکات کە بەرەو ئیشتراکییەت و با بڵێن بەرەو کۆمۆنیزم دەڕوات، بەڵام دواتر کە زۆر گەشەدەکات وەک ئەوەی عروبە و تورک بەروە راسیزم دەڕوات! ئێمە پێویستمان بەم ناسیۆنالیزمە پێشکەوتووخوازە هەیە کە بتوانێت خزمەت بە نەتەوەی خۆتباکات و هەست بە کوردبوون بکات، بەڵام لە هەمان کات دا دژی تورک نەبێت دژی عەرەب و نەتەوەکانی تر نەبێت. ئەوان واتێگەیشتوو، بەداخەوە! ئێستا زۆر دەنووسن خەریکە دەبێتە مۆدێل، ئەو مۆدێلە زیان بە مەسلە نەتەوەییەکە دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی مەسەلەی کوردایەتیی رەگێکی دروست کردوە، لەو رەگەوە خەڵکێک واتێدەگات ئەگەر بێت و لە کوردایەتیی بدرێت واتە لە ناخی ئەو هەموو کوردێک دەدرێت.

**لەلایەن ژمارەیەک لە حیزبەکانەوە ریفراندۆم وەک ئامرازێک بە کاردەهێندرێت، دەیانەوێت لەو بۆ شاییە فیکریی و بێچارەییە خۆیان دەرباز بکەن، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کۆڵەوارن لە فیکری سیاسییدا؟**

**کامەران مەنتک:** بەر لە هەمووشت دەبێت خەڵکی کوردستان تێبگات، مەسەلەی ریفراندۆم و دەوڵەت مافێکی کوردە پێویستە ئەو ریفراندۆمە و ئەو مافە تێکەڵ نەکات لەگەڵ ئەو دروشمانەی کە پارتی دەیەوێت پێشەنگایەتی بکات. مەسەلەی ریفراندۆم وەرگرتنی رەئی خەڵک بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، دواتر سیستمی سیاسیی یاخود دەسەڵات تەنفیزیی کار لەسەر ئەو بڕیارەی خەڵک بکات، ئەوە شتێکی پیرۆزە! بەڵام ئەوەی کێشەی لە کوردستان دا هەیە، ئەو کەسانەی باسی ریفراندۆم دەکەن ئەهمیەتی ریفراندۆمیان نییە، ریفراندۆم لە کوردستان هەوڵدانە بۆ هەنارده کردنی کێشەکانی ناوخۆی حیزب، پارتی لە قەیران دا دەژی، چ بەرانبەر حیزبەکان چ بەرانبەر هەرێمایەتی و چ بەرانبە خودی ناوخۆی. ئەو کێشەیە کە هەیە و کاتی خۆی کە ئەوان هەڵەیان کرد و گەیشتوونەتە قۆناغێکی هەڵەکە! تورکیا نزیک بووتەوە و خەریکە پەلامار دەدات و هێرش دەکات. ئەو دۆخەی کە هەیە خەریکە لەباردەچێت؟! ئەوان دەزانن کە لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو دا نەیان توانی شتێک بکەن، ئێستا دەیانەوێت مەسەلەی ریفراندۆم وەک کارتێک بەکار بهێنن و خۆیان لە قەیرانەکان بدزنەوە و بۆ ئەوەی مەسەلەکان بخەنە ئەستۆی خەڵک، بە بۆچوونی من ئەگەر سبەی ریفراندۆم بکرێت بۆ دەوڵەتی کوردیی ئەگەر خەڵک بڵێت بەڵێ ئەو کاتە ئەو حیزبانە خۆیان دژی رادەوەستن؟! لەبەرئەوەی ئەسڵەن ئەوان ئەو توانایەیان نییە لە کوردستان. لەبەرئەوەی نە ئەهمیەتی ئەوەیان هەیە و نە بەو پاشخانە مێژووییەوە کە هەیانە نە ئەوعەقڵییەت و توانایەیان هەیە و نە ئەو ئیرادەیەیان هەیە دەوڵەت دامەزرێنن.

# «دەسەڵاتی پارتیی لە فاشیزمی ئیتاڵیی و نازیی ئەڵمانیی خراپترە!»

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: ئاسۆ جەوهەر

کەسایەتییە سیاسیی و ئەکادیمیستەکان رایدەگەیەنن: پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان رووداوەکان دروستی کردون و بونیادێکی فیکریان نییە، بەڵکو لە فیکری سیاسیی دا پێناسەشیان نییە و بوونەتە بارگرانی بۆ گەلی کورد.

جەختدەکەنەوە: پارتەکان هێندەی خەریکی جەدەلی سیاسیین، هێندە خەریکی ئەوەنیین کە جەدەلێکی فیکریی لە هەرێمی کوردستاندا دروست ببێت.



محەمەد کیانی کەسایەتیی سیاسیی و خاوەنئیمتیازی گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە سەدەی رابردوو دا پارتە کوردییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی گەلانی دراوسێی و «کاتێک کە رێکخستنە سیاسییەکان سەریانهەڵدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو رێکخراوە کوردییانە کە سەریانهەڵدا بوو لە ئەستەمبوڵ و سلێمانیی، لە راستییدا بنەمایەکی فیکریی ناسیۆنالیستیانەیان هەبوو. هەروەها کاریگەر بوون بە ناسیۆنالیسیزمی تورکیی و فەرەنسیی و ناسیۆنالیسیزمی عەرەبیی. بەو تێکەڵ بوونە توانیبویان بابەتی کورد بکەنە بابەتێکی ناسیۆنالیزم، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان کومەڵگەیەکی خێڵەکیی بوو، نەیانتوانی زیاتر پەرە بە ناسیۆنالیزم بدەن.»

کیانی، لای وایە بە هۆی ئەوەی لە کوردستاندا فۆرمی خێڵ لە پێشەوەیە و بەکاریگەرە، ئەمە وایکردووە کە ناسیۆنالیزمی کوردیی گەشە نەکات، ئەو بۆ ئازادیی کۆمەڵگە جەختیکردەوە: لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمیدا کە رۆژنامەی کوردستان دەرچوو، پێداگریی لە مەسەلەی نەتەوەیی کورد کردووەتەوە و پێداگریی لەسەر مافی گەلی کورد کردووە، پێداگریی لە سەربەخۆیی کردووە، بەڵام لەبری ئەوەی گەشە بکات، ئێمە کەوتینە بارودۆخێکەوە بە تایبەتی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم کە کوردستان دابەشکرا بە سەر چوار پارچەدا، ئەو پارچەکردنە جێگەی خۆی گرت و هێدی هێدی فیکری ناسیۆنالیزمی کوردیی بەرەولاوازی چوو. پێشتر لە سەردەمی شێخ مەحمود دا، هەتا بزوتنەوەکەی شێخ مەحمود کەوتە یەک ناوچەوە، لە ناوچەی سلێمانییدا مایەوە، زیاتر رێینەدا بکەوێتە هەولێر و پەرە بسێنێ. هەروەها بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیی لە باکوریشدا بەو شێوەیە لە ناوچەیەکدا دمایەوە، بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی بوو، وای لێکرد زیاتر خەڵکی کورد وابەستەی خێڵ و سەرۆک خێڵەکان بن، لەبری ئەوەی وابەستە بێت بە نەتەوەکەیەوە. هەر بۆیە نەتوانرا بوعدێکی رۆشنبیریی گەورە وەربگرێت، لەبەر بڵاوی و نارۆشنبیریی لە ناو کورددا. هەتا کۆماری مهابادیش سەرنج بدەین، هەر لە ناوچەی مهاباد بوو نەیتوانی بگاتە سنە، بۆیە ئەو ناوچەگەرییەی پێوە بوو، لە ئەنجامی زاڵ بوونی فیکری خێڵە بەسەر خەڵکدا، زاڵبوونی وابەستە بوونی خەڵکە

بە خێڵەوە، زیاتر لەوەی بە نەتەوەوە.

ناوبراو، لای وایە کە لەسەرتادا پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق گوتارێکی نەتەوەیی هەبووە و وتی: دواتر کە حیزب دروست بوو، ئەو حیزبانەش بۆ نموونە لەسەرەتادا پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق، خیتابێکی نەتەوەیی هەبوو، بەڵام لە دواییدا خۆی خستە قاڵبێکی خێڵەکییەوە. ئەو کەسەی لە خێڵدا دەستڕۆیشتووە، ئەوا لەسەر ڕێکخستنەکان و لەسەر حیزب هەمیشە بەرژەوەندیی خۆی و هەژموونی خۆی لەسەر حیزبەکە زاڵ کردووە؛ بۆیە ئەوانەی کە لە پارتییش جیا بوونەتەوە، لە پاشاندا هەر هەمان شێوەیان وەرگرتووە. ئەگەر نموونە بێنینەوە لەسەر جەلالیی و مەلایی کە دروست بوون، جەلالیی و مەلایی لەسەر ئەساسی ئەو بوعدە فیکرییەی کە لە ڕاستیی دا ڕەنگە بە شێوەیەک بانگەشەی فیکری ناسیۆنالیزمیی لای جەلالییەکان هەبووبێت و خێڵەکیی-ش لای مەلاییەکان هەبووبێت، دواتر ببوو بە ململانێی شەخسی و بەرژەوەندیی تایبەت، ئەو بەرژەوەندییە تایبەتە ئێستاش بەردەوامە لە نێوان یەکێتیی و پارتیی، هەتا بە گۆڕانیشەوە. ناتوانین بڵێین ئەو حیزبانە شوناسێکی نەتەوەییان هەیە، بۆچی ئەو شوناسە نەتەوەییانە وەرناگرن؟ لەبەرئەوەی ناتوانن لە قاڵبی تەوجیهی کەسێکدا دەربچێت، دەبینیت هەموو شێوازەکانیان بگرە شێوازی خێڵەکیی پێوەیە. پارتەکانی ئێمە مۆرکی خێڵەکیی پێوەیە، بۆیە نەیانتوانیوە لەسەر ئەساسێک خۆیان ڕێکبخەن لە دەرەوەی خێڵ بێت و سیستمێکی سیاسیی دابمەزرێنن، کاتێک نەیانتوانیوە ئەوە تەجاوزە بکەن لەو قاڵبەدا ماونەتەوە. ئینجا ئەگەر پێشتر لەسەر بنەمای خێڵ بوو بێت، ئێستا شەخس هاتووەتە جێگای سەرۆک خێڵ و بڕیار دەدات. ئەوەی هەیە، هەر هەژموونی تاکە کەسە و تاکگەرایی و خێڵەکییە، بۆیە زۆر جار وتارەکانیشیان دەبێتە وتاری لۆکاڵیی؛ بۆ نموونە دێگەڵە بە لای پارتییەوە ئەوە سنوورە و هەرکەسێک رای لەگەڵی نەبێت، ئەوا دەینێرێتە ئەودیو دێگەڵە.

> ئەوەی کە ئێمە دەی بینین بەکار هێنانی فیکری ناسیۆنالیزمە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت

ئەو کەسایەتییە سیاسییە، لای وایە «ئێمە ناتوانین ڕەفزی ناسیۆنالیزم بکەینەوە، ناشتوانین هەمووی بکەینە فاشیزم. فۆرمی ناسیۆنالیزم کە هاتە سەر حوکم ئەو دەمە تۆ دەزانی و دەتوانی بڕیاری لەسەر بدەی کە بەرەو فاشیزم دەچێت یان نا، بەڵام من ئەوەی دەی بینم لەم حیزبانە دیارە هێشتا نەگەیشتوونە بە پلەی ناسیۆنالیزم، چونکە ناسیۆنالیزم لە ڕاستیی دا سیستمە، نەک تەنها بانگەشە بێت، سیستمەکەش دیارە کە بە چی ئاراستەیەکدا دەڕوات. ناسیۆنالیزمی نیشتمانیی-یش هەیە، ئەوەیە کە مەسەلەکە لەسەر بنەمایەک دروست دەبێت و چوارچێوەیەکی نیشتمانیی هەیە کە ئەو نیشتمانە هی هەموو کەسە، دەبێت هەموو کەس تێیدا بەهرەمەند بێت، یان هەموو کەس هەلی یەکسانی هەبێت، یان هەموو کەس بە هەمان شێوەی خەڵکانی تر بەبێ ئەوەی کە بابەتی ئەتنیکی هەبێت، دەوری بنەڕەتی ببینێت لە فۆرم کردنی فیکر و زاڵ بوون بە سەر سیستمدا. ئەوەی کە ئێمە دەی بینین بەکار هێنانی فیکری ناسیۆنالیزمە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت. بەکار هێنانی ناسیۆنالیزم، بەکار هێنانی فیکری نەتەوەییە، ئەو بابەتە نەتەوەییانە بەکار دێت بۆ بابەتی تایبەت، ئەوە دوو شتی جیاوازن بۆ نموونە سەیری کاری هیتلەر بکەین، هیتلەر شتێکی نەکرد کە بۆ خۆی بێت یان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بێت، ڕاستە خیتابی نەتەوەیی بەکارهێنا بۆ زاڵ بوون، بەڵام هەموو فیکرەکەی ئەوە بوو کە دەبێت نەتەوەی ئەڵمانی ئەو ناسیۆنالیزمەبێت کە بتوانێت سەیتەرە بکات لە سەرهەموو جێیەک! لەبەرئەوە بە گەورەتری دەزانی لەوانی تر، یان ئەوەی ئەگەر سەیری فاشیستی ئیتاڵی بکەین، هەمان شێوە شتێکی وای نەبووە کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی تایبەتی کەسێکدا بێت، ڕاستە خیتابەکە بەکارهاتووە بۆ دیکتاتۆریی، ئەوەی ئێمە خراپترە! لەبەرئەوەی گشتگیر نییە زۆر ئێکسکلوسیڤە، ئێکسکلوسیڤە چونکە دەکەوێتە قاڵبی بەکارهێنانی فۆرمی ناسیۆنالیزم بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی تاک، یان خێزانێک، ئەوە جیاوازە لەوەی کە تۆ دەتەوێت خزمەتی هەموو نەتەوەکەت بکەیت، بەڵام جار هەبووە ناسیۆنالیزمی نازیی و

فاشیزم و هەتا کۆمەنیزمیش کە فیکری شمولییە، ئەوە بووە کە وای کردووە بووەتە هۆی تێکشکانی نەتەوەکان، بووەتە تێکشکانی دەوڵەتەکە خۆیشی لەبەرئەوەی ئەو شمولییەتە بوو بووەتە دیکتاتۆرییەت.»

محەمەد کیانی، لە درێژەی لێدوانەکەیدا جەختی لەوەکردەوە:»ئەو دەسەڵاتەی ئێستای پارتیی لە فاشیزمی ئیتاڵی و لە نازیەتی ئەڵمانی خراپترە! لە یەک شتدا دەگەڕێنەوە سەر مۆدێلی شەرق کە بەکارهێنانی فیکری ناسیۆنالیزمە بۆ دروست کردنی دیکتاتۆرییەت، ئەوەی کە پێی دەوترێت کلیپتۆکراسی (Kleptocracy) واتە حوکمی دزوجەردەکان! لەبەرئەوە کۆمەڵێکی کەم ئەوەی کە ئۆلیگارشی پێدەڵێن گروپێکن ئەو گروپە دەتوانن دەستبگرن بەسەر حوکم و بەکار هێنانی هەموو مقەدەرات و ئیمکانیاتی دەوڵەت بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی تاقمێکی زۆرکەم، ئەوە خراپترە لەوانی تر.»

کیانی، ئەوەش دەخاتەروو کە ئەو فۆرمە سیاسییەی هەرێمی کوردستان، لە چاخەکانی تاریکی دەچێت و زیاتر لێیدەدوێت: ئەو فۆرمەی ئێمە چەقبەستنە، چەقبەستنە لە رابردوودا و نەهاتنە نێو مێژووە. لەبەرئەوەی ئێمە هەتا ئێستا لەچاخەکانی ناوەڕاستدا دەژین ئەو فیکرە و ئەو شێوەی کارکردنە هی چاخەکانی ناوەڕاستە، نەهاتووین لە سەر بنەمایەکی فیکریی دەوڵەت دروست بکرێ، ئەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، ئەوانە ئەسڵەن پێناسەیان نییە لە سیاسەتدا، ئەمانە لە فیکری سیاسیی دا پێناسەیان نییە. مەسەلەن لیبرالیزم هەیە ئەوان لیبرالیزمیش نین، سەرمایەداریی هەیە ئەوانە ناتواین پێیان بڵێین سەرمایەدارین، ئەوانە کلیپتۆکراسین واتە دزوجەردەن. لێرە سیستم جیاوازی هەیە لەگەڵ نەبوونی سیستەم، ئێمە لە حاڵەتێکدا دەژین نەبوونی سیستم و ئیدامەدانە بە ئەوەی نەگەیەن بە سیستمێک کە کۆمەڵگە رێک بخات.

نووسەرێک لەوەدوێت کە پارتە کوردییەکانی هەرێم نەزەرییەکیان نییە، هەر لەبەر ئەمەیە ستراتیژییەتێکی رونیان نییە.



مەسعود عەبدولخالق، نووسەر و خاوەن ئیمتیازی دەسگای ستاندەر، بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند: حیزبی سیاسی رۆژهەڵاتیی بە تایبەت لە جیهانی سێیەم، جیاوازیی هەیە لەگەڵ جیهانی یەکەم کە سەرمایەدارییە، چونکە جیهانی سێیەم زیاتر ئایدیۆلۆژییە، حیزبە کوردستانییەکانیش کە دروست بوونە لەئەسڵدا بە ئایدیۆلۆژیا دروست بوونە؛ لەم دواییەش فیکری مارکسی زۆر زاڵ بووە بەسەر حیزبەکان دا، بە تایبەتی مارکسیزمی لینینی.

خاوەن ئیمتیازی دەسگای ستاندەر، ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات»هەتا پارتیی دیموکراتی کوردستانیش لە کۆنگرەی نۆ لە ماددەی چوار و پێنج، لە پێڕەوی ناوخۆدا، بە پشتیوانی مارکسیزمی لینینیی کار و پیشەکانی خۆیان دەکرد و کە واتە هەموویان هاتوونەتە سەر ئەو قوتابخانەیە. لە دواییدا قوتانخانەی مارکسیزمی لینینی کە ئەزمونی سۆشیالیزمی لە دونیادا رووخا! ئەوان ئەو کاتە کەوتنە بۆ شاییەکی فیکرییەوە، نەیانتوانی نەزەرییەکی روون دابڕێژن؟ تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین گەڕانەوە سەر قەومیی و دروشمی قەومیی و سۆزی نەتەوەیی...هتد، بێئەوەی رێکخستن بکەن، تەنها هەندێک کتێب داندراون لەلایەن هەندێک کەسەوە، بەڵام وەکو حیزب، ئێستا حیزبە عەرەبییەکان وەک بەعس، حیزبی قەومیی سوریا، زۆر کەسایەتی گەورەیان هەیە نەزەرییە دادەڕێژن و خاوەنی نەزەرییەی قەومیین و نەخشەڕێگەی قەومییان بۆ دەوڵەت داڕشتووە، واتە چۆنییەتی پێوەندی کەسێک بە قەومەوە، چۆنێتی دیین بە قەومەوە و چۆنییەتی مرۆڤایەتیی بە قەومەوە، ئەوانەیان داڕشتووە.

ئەو نووسەرە، رەخنەی ئەوە لە حیزبە کوردییەکان دەگرێت کە خاوەنی نەزەرییەک نەبوونە، بەڵکو بوونەتە بارگرانی بۆ کورد و وتی: هەرچی حیزبە کوردییەکانە نەیان توانییەوە ئەو نەزەرییە دابڕێژن و بە روونی فیکریان دیار نییە؟! لەلایەکی تریش زیاتر خەریکی گەندەڵی بوونە، بۆیە بە پێچەوانەی ئەوەی نەزەرییەکی قەومیی دابڕێژن، بەڵکو ئینتیمای قەومییان لاواز کردوە، حیزبەکانی کوردستان بوونەتە بارگرانییەک بۆ کوردا! بوونەتە

پرۆژەیەک دژی پرۆژەی قەومی کورد ئەگەر جوان لێکی بدەینەوە! هەر بۆیە روانگەیەکی روونی حیزبەکان بۆ پرسی نەتەوەیی نییە.

مەسعود عەبدولخالق جەختی لەوەکردەوە: حیزبەکان نەزەرییەکی سیاسیی قەومییان نییە، کێشە هەرە گەورەکە ئەوەیە! بۆیە هەر کەسەو بەپێی خۆی هەر کۆنگرەیەک لەسەر جۆرە وەتەرێک دەڕۆن و هەر رۆژەی لەگەڵ لایەنی هەرێمی و جیهانیی پەیمان دەبەستن و ستراتیژ دادەنێن، چونکە ستراتیژییەتێکی روونیان نییە، هەر چەند دەڵێن « با ماڵی کوردیی یەکخەین»، تەنانەت دەتوانین بڵێین جارێ ماڵی کوردیی-شیان نییە؟

یەک لە ئەکادیمیستەکان، سێ لەو هۆکارانە دەخاتەڕوو کە بۆچی پارتەکوردییەکانی هەرێمی کوردستان فیکری سیاسییان نییە.



د. سەردار قادر، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانیی، ئەوە بۆ ئازادیی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو کە سێ هۆکار هەیە وایکردوە، حیزبە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی فیکری سیاسیی نەبن، وتی: یەکەم: لە پێکهاتەی دروستبوونی ئەو پارتە سیاسیانەی هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی کە رووداوەکان وەک پەرچەکردار دروستی کردون، ئەوەندە ئەو پارتە سیاسییانەی هەرێمی کوردستان وەک پرۆسە یاخود وەک پەیامێکی سیاسیی کامڵ کە گەلی کورد پێویستی پێیبێت، دروست نەبوون. پارتەکانی هەرێمی کوردستان رووداوەکان دروستی کردون، نەک پێویستی کۆمەڵگەی کوردستان کە بوونیادی فیکریی و بونیادی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بوویێت. ئەگەر بێت و باسی ئەو پێویستییە کۆمەڵایەتییەی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، لەوانەیە لە کۆی ٣٧ حیزبی هەرێمی کوردستان، دوو حیزبی لێبەدەر نابێت.

ئەو مامۆستایەی زانستە سیاسییەکان، ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، بە جەدەلی فیکرییەوە خۆیان سەرقاڵ ناکەن و جەختدەکاتەوە: هۆکاری دووەمیش ئەوەیە پارتیی سیاسیی ئەوەندەی کە خەریکی جەدەلی سیاسییە، ئەوەندە خەریکی ئەوەنییە کە جەدەلێکی فیکریی لە هەرێمی کوردستاندا دروست ببێت؛ بەڵکو کۆمەڵێک بەهای فیکریی و کۆمەڵێک بەهای مرۆیی تێدا سەقامگیر، ببێت؟! ئەمە وابکات ئێمە لەو سەرەوە خاوەنی پرۆسە یاخود پرۆژەیەکی فیکری نەتەوەیی بین و لەسەری کۆک بین، هەر بابەتێک لە هەرێمی کوردستاندا دەکەیەتەوە نەک لە گوتارە سیاسییەکاندا جیاوازییان هەیە، بەڵکو بەهەمان شێوە دەبینی تا سەرئێسقان بە ناکۆکیی ١٨٠ پلە لێکتری جیاوازن!

ئەمە وادەکات هەمیشە پارتیی سیاسیی لە بازنەیەکدا بخولێتەوە و نازانێت ئەم بازنەیە کۆتایەکەی چییە و نازانێت دەرچەکەی چییە؟! چونکە بەردەوام رووداوی سیاسیی هەیە، بەردەوام پێویستی بە هەڵویستی سیاسیی دەبێت، بەردەوام پێوستی بەوە دەبێت کە گوتاری ئەمڕۆی لە هی دوێنێی جیاوازە. جاری وایە ئەم گوتارە سیاسیانە لەسەر هیچ پێکهاتە و لەسەر هیچ بوونیادێکی فیکریی بینا نەنکراوە، بۆیە پارتیی سیاسیی خۆی لەخۆیدا پێویستی بەوە نەبووە و ئەمە واقیعەکەیەتی کە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە.

د. سەردار، هێما بۆ هۆکاری سێیەم دەکات و وتی: پارتی سیاسیی کوردیی لە زەرووەرەتدا بەو شێوازە نەبووە کە پێویست بووە، بەڵکو خەریکی جەدەلی سیاسیی بووە، هەمیشە بە دوای کاڵای رۆژگاردا دەگەڕێت موناقەشەی بکات. ئەمە وایکردوە کە عەقڵییەتێک یان زهنییەتێکی سیاسیی هەبێت، نەک عەقڵییەتێکی وای هەبێت بەردەوام لەگەڵ کێشە و بوونیادە فیکرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دا بێت. هەر بۆیە ئەوەندەی کە ئێمە بە سیاسەتەوە مەژخولین، هێندە بە سیاسەت کاریگەرین، هێندە بە واقیعە کولتووریی و فیکرییە کاریگەر نین کە بۆ میللەتی کورد بینا بکرێت. ئێمە تا ئێستا بە هایەکی سیاسیی یەکگرتوومان لەلا دروست نەبووە، نەشمان توانیوە بوونیادێکی فیکریی لەناو پارتە سیاسییەکان دروست بکەین.

# بۆچی بارزانی دەیەوێت ریفراندۆم ئەنجامبدات؟



ئازادیی کۆمەڵگە
دیاری خالید

سوربون و موکوڕی مەسعود بارزانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەبێ کۆدەنگی نیشتمانی و ئامادەسازی و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە ناوخۆی و عێراقی و نێودەوڵەتیەکان چەندین خوێندنەوە و گریمانەی بۆدەکرێت. ئەوەی پرسیارە لای چاودێران بەرژەوەندی خەڵکی وای لێدەکات ریفراندۆم بکات، یاخود بەرژەوەندی خۆی و مەترسی لەسەر حیزبەکەی و پێگەی داهاتویی؟ ئامانج و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی بارزانی چیە؟ ئایا ویست و خواستی راگەیاندنی دەوڵەتی هەیە یاخود وەک فشار و کارتی سیاسی بەکاری دەهێنیت؟

هەڵچون و لێدوانەکانی بارزانی لە ناوخۆ و لە پارلەمانی ئەوروپا لە یەکێک لە هەرێمەکانی بەلجیکا، وەڵامێکی باش و خستنەڕووی کۆمەڵێ هەقیقەتە کە بارزانی لەپێناو خۆی و حیزبەکەی دەیەوێت ریفراندۆم بکات. هەروەها سەلمێنەرێکی دیکەی ئەو راستیە ئەوەیە، بەبێ پلان وپێشینە و باسکردنی کاتی دیاریکراوی ریفراندۆم، لەکۆبونەوەی سەرەتای مانگی حوزەیران لەگەڵ نوێنەری چەند حیزبێک رۆژی ٢٥-٩-٢٠١٧ی وەک رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم راگەیاند، تەنانەت هەندێک لە ئامادەبوانی کۆبونەوەکەی بارزانی ئاگاداری بڕیاری لەوشێوەنەبون و قسە لەسەر دواخستن و پێشخستنی بەروارەکەی نەبوە. هەروەها لەلێدوانێکی دواتردا بارزانی رایگەیاند،

## بارزانی دەیەوێت شەرعیەت بەخۆی بدات لەکورسیەکەی بمێنێتەوە

بە هەرجۆرێک بێت ریفراندۆم دەکات، ئەگەر لایەنەکانی دیکەشی لەگەڵ نەبێت. ئەم جۆرە لێدوان و سوربون و کەموکوڕی بونە دیارە کە بارزانی بەرژەوەندی گەل و نیشتمانی لەبەرچاونەگرتوە، بەڵکو بڕیارێکی تاکە کەسی و تاک حیزبیە کە بەبێ هەمو لایەک کارەکەی دەکات، دیارە بیرکردنەوەی تاکەکەسێک تەنیا لەپێناو بەرژەوەندی تاکەکەس و حیزبێکدایە.

بۆیە بەپێی لێدانەوە و خوێندنەوەکان، ئامانج و مەبەستی بارزانی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، لەپێناو پرۆسەیەکی نیشتمانی و باشترکردنی ژیانی خەڵکی نیە، بەڵکو دەیەوێت لەچەندین کێشە قوتاری بێت؛ وەک: کێشە خودیەکانی بارزانی، کێشەی ناوخۆیی حیزبەکەی، کێشەکانی شکستی حکومەت و بارودۆخی کوردستان، کێشە لەگەڵ حیزبەکان، کێشە لەسەر کورسیەکەی. لەسەرئاستی عێراق دەیەوێت کێشەکان لەبەرژەوەندی خۆی یەکلای بکاتەوە و لەسەرئاستی ناوچەکە، ویستی هەندێک لە وڵاتانی دەوروبەر بەدیدەهێنێت، لەسەرئاستی نێودەوڵەتی مەبەستیەتی، وڵاتان چاو لە حوکمڕانیە ناشەرعیەکەی بپۆشن. هەریەک لەو لایەن و ئامانجانە، کاریگەری لەسەر بارزانی هەیە کە ریفرادنۆم بکات، بەمشێوەیە:

### کێشە خودیەکانی بارزانی

بەشێوەیەکی گشتی بارزانی دەیەوێت شەرعیەت بەخۆی بدات لەکورسیەکەی بمێنێتەوە، کە بەهۆیەوە کێشە خودیەکانی چارەسەربکات یان چیدی

خەڵکی باسیان نەکات لەوانە:

**١- کێشەی کاریزمابونی بارزانی**

بارزانی چەندین کێشەی لەگەڵ خودی خۆی هەیە و ڕەنگە ئازاریان بدات کە تاکو ئێستا نەتوانیوە، وەک کاریزما دەرکەوێت و ڕۆڵی هەبێت، هەریەک لەو سەرکردانەی کەبارزانی خۆی دەخاتە هاوشانیان و خەباتی لەگەڵ کردون، جۆرێک لە کاریزمایی و کاریگەریان هەبووە، توانیوەیانە سەرنجی کۆمەڵێکی زۆرلەخەڵکی ڕاکێشن، بەڵام مەسعود بارزانی لەگەڵ ئەوەی بەمیرات دەسەڵاتی بۆ جێماوە و کوڕی مەلا مستەفایە نەیتوانیوە کارامەی خۆی بسەلمێنێت، تەنانەت نەیتوانیوە وەک باوکی کاریگەری هەبێت، لەبەرئەوەی بارزانی باوک جۆرێک لەکاریزمای و کاریگەری هەبوە، ئەمە بەجۆرێک بوە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە و عێراق خەڵکی لەبەر هەستی نەتەوەی خۆشەویستی خۆیان بۆ دەربڕیوە و لەسەردەمی جوڵانەوەکەی لەزۆرینەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق و ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە هێز و دەسەڵاتی هەبوە، بەلام بارزانی کوڕ لەگەڵ ئەوەی چەندین ساڵ پۆستی سەرۆکی هەرێمی لەدەستدایە و لەدوای ١٩٩١، پارە و هێزێکی زۆری لابوە، نەیتوانیوە کاریگەری قوڵ دانێت، ئەمە نەک لەسەرئاستی کوردستانی گەورە، بەڵکو لەسەرئاستی کوردستانی عێراق دەسەڵاتی زۆری نیە و بڕیارەکانی لەهەندێک شوێن کاری پێناکرێت.

**٢- دروستکردنی مێژوو**

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی بارزانی، لەماوەی ٥٠ ساڵی خەبات و ماندوبونی، نەیتوانیوە دەستی لە دروستکردنی مێژووی کورد هەبێت، یاخود بارزانی شانازی مێژوویی نیە، وەک چۆن مەلا مستەفا ڕۆڵی لە جوڵانەوەی ئەیلول و چەند قۆناغێکی دواتر هەبو. یاخود هاوتەمەنە سیاسیەکانی مەسعود بارزانی خاوەنی مێژو و دروستکەری مێژون وەک عەبدوڵا ئۆجالان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، لەناوەڕاستی ساڵنی ١٩٧٠کان لەسەختترین سەردەمی تورکیا، ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران بوە و بناغەی شۆڕشێکی بەهێزی دامەزراند. لە کوردستانی عێراق جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانیان لەدوای شکستی جوڵانەوەکان و ڕێکەوتننامەی جەزائیر دەستیان بە جوڵانەوەکردەوە. بەڵام بارزانی ئەم سەروەریانەی پێنەبڕاوە، بە پێچەوانەی ئەمەوە بە کۆمەڵێک ڕووداو تۆمەتباردەکرێت کە بە مێژوی ڕەش دادەنرێت، وەک ڕووداوی ٣١ ئابی ساڵی ١٩٩٦، کە سوپای عێراق هێنایە هەولێر، هێنانی سوپای تورکیا، ڕووداوی ١٢ ئۆکتۆبەر و داخستنی پاڕلەمان و ڕێگیریکردن لە سەرۆکی پاڕلەمانی کوردستان بۆ سەرکارەکەی. بۆیە بۆ داپۆشینی ئەمانە و دروستکردنی مێژوو، بارزانی دەیەوێت ریفراندۆم بکات و لەکۆتاییەکانی تەمەنی سیاسی خۆی دەستکەوتێکی هەبێت.

> **هەریەک لەو سەرکردانە خۆشەویستیان لای زۆرینەی خەڵکی هەیە، ئەگەر باس لە کۆتای تەمەنی سیاسیەکان بکرێت ئەوا لایەنی ئەرێنی و پۆزەتیڤیان زۆرترە، بەڵام بارزانی بەهۆی مانەوەی لە کورسیەکەی بۆ دوو خولی نایاسای و کارە نایاساییەکانی کۆمەڵی کوردی و هێزە عێراقییەکان خوێندنەوەی دیکەی بۆ دەکەن**

**٣- نەمانی هاوتەمەنە سیاسیەکانی**

هەریەک لە هاوتەمەنە سیاسیەکانی بارزانی، لەکایەی سیاسیدا نەماون، بەوپێیەی نەوشیروان مستەفا و قاسملو کۆچی دواییان کردوە، بەهۆی نەخۆشیەوە تاڵەبانی لە مەیدانەکە دورکەوتوەتەوە، عەبدوڵا ئۆجالان زیندانی کراوە، بەڵام هەریەک لەو سەرکردانە خۆشەویستیان لای

زۆرینەی خەڵکی هەیە، ئەگەر باس لە کۆتای تەمەنی سیاسیەکان بکرێت ئەوا لایەنی ئەرێنی و پۆسەتیڤیان زۆرترە. بەڵام بارزانی بەهۆی مانەوەی لە کورسیەکەی بۆ دوو خولی نایاسای و کارە نایاساییەکانی کۆمەڵی کوردی و هێزە عێراق و نێودەوڵەتیەکان خوێندنەوەی دیکەی بۆ دەکەن و وێنایەکی خراپی هەیە و ئەدای باش نەبوە، بۆیە دەیەوێت کۆتایی تەمەنی سیاسی ئەو وێنایانە بگۆڕێت و بەئەنجامدانی ریفراندۆم خەڵکی ئاشتبکاتەوە و وەک کۆتای هاوتەمەنە سیاسیەکانی بێت.

لەسەرئاستی ناوخۆی حیزبەکەی، لەناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین کێشە هەیە و تادێت ئاراستەی ئەو حیزبە بەرەو خراپی دەبات، وەک :

**١- کێشەی نێوان کوڕ و برازاکەی**

کێشەی نێوان مەسروربازانی کوڕی و نێچیرڤان بارزانی برازای، گەیشتوەتە ئاستێک کە بە دورکەوتنەوەی بارزانی ئەگەری تەقینەوە و پەرت بونی ئەو حیزبەی لێدەکرێت، بەشێک لە کێشەکانی نێوان کورو برازاکەی بارزانی، نیگەرانی بۆ بارزانی دروستکردوە و ناتوانێت چارەسەریان بکات. ئەمە بەجۆرێکە تەسفیەی باڵەکان دەکرێت و لایەنگری یەکتر سزادەدەن، لە ئێستاوە پرسیار لەسەرئەوە دەکرێت لەکۆنگرەی داهاوتی ئەو حیزبە کامیان دەبێتە جێگری سەرۆکی پارتی؟ یان دوای دورکەتنەوە و مردنی مەسعود بارزانی کامیان دەبیتە سەرۆکی پارتی و شوێنی دەگرێتەوە؟ بۆیە بارزانی دەیەوێت لەدوای ریفراندۆم دۆخێکی دیکە دروست بێت و کێشەناوخۆییەکانی حیزبەکەی لەخۆی دروبخاتەوە و کوڕ و برازەکەی بە پۆستی جیاواز رازیبکات.

> بارزانی حیزبەکەی و کوردستانی بردوەتە تونێلێک گەرانەوەی زۆر زەحمەتە و دەربازبونیشی کارێکی ئاسان نیە

**٢- کێشەی شنگال و جینۆسایدی ئێزیدیەکان**

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی رووبەڕووی پارتی بوەتەوە کێشەی جینۆسایدی ئێزیدیەکان و کەوتنی شنگالە. دیارە بەرپرسایرێتی کەوتنی ئەو شارە لە ئەستۆی حیزبەکەی بارزانیە، چونکە سەرجەم پۆستە حوکمیەکانی دەڤەرەکەی هەبوە و حیزبەکەی دەسەڵاتی یەکەم بووە. بۆیە تا ئێستا هیچ کەس لەسەر ئەو پرسە دادگایی نەکراوە، تەنانەت روونکردنەوە لەبارەی کەوتنی شنگال نەدراوە. ئەمەش وادەکات گومانەکانی سەر پارتی زۆرن کە ئەگەری هەیە دوای کۆتای هاتنی داعش، پرسیاری زۆرتر رووبەڕووی ئەو حیزبە بکرێتەوە. بەم چەشنە بارزانی دەیەوێت لە رێگای ریفراندۆمەوە جینۆسایدی شنگال پەردەپش بکات.

**٣- ترسی هەڵبژاردن**

چوونە ناو هەڵبژاردن بەو دۆخەی ئێستاوە، تەنانەت ئەگەر ساختەکاری و تەزویریش بکرێت، بارزانی دڵنیایە لەوەی کە قەوارەی حیزبەکەی بچووک دەبێتەوە، چونکە بەشێک لە پارتیەکان ئەو هەستەیان بۆ دروست بوە بەکارە نایاساییەکانی بارزانی هەیمەنەی حیزبەکەیان نەماوە بۆیە بۆ پەکخستنی هەڵبژاردن، پەنا بۆ ریفراندۆم دەبات و مەسەلەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دەکاتە قەلغان و شکستەکانی خۆی لە پەنا دەشارێتەوە

**ئامانجەکان لەسەرئاستی هەرێم**

لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان بارزانی و حزبەکەی رووبەڕووی چەندین کێشە بونەتەوە و رۆشتوەتە قۆناغیک چارەسەری بەو تێڕوانین و بیرکردنەوانە زەحمەتە، چونکە بارزانی حیزبەکەی و کوردستانی بردوەتە تونێلێک گەرانەوەی زۆر زەحمەتە و دەربازبونیشی کارێکی ئاسان نیە. ئەمەش لەبەرچەند هۆکارێکە

**١- نەمانی شەرعیەتی کورسیەکەی بارزانی**

بارزانی دەیەوێت شەرعیەت بە کورسی سەرۆکی هەرێم بداتەوە ، چونکە دڵنیایە بەهۆی مانەوەی لە کورسیەکەی بۆماوەی دوو خولی نایاسایی، لە کەسایەتی هێناوەتە خوارەوەو ئەگەر بیەوێت لە کورسیەکەی بمێنێتەوە و دەزگای سەرۆکایەتی هەرێمیش ئەو بڕیارە بدات، بێگومان پارتی خۆی دڵنیایە لەوەی کە بارزانی ئەو شەرعیەتەی نەماوەو ماوەکەی بەسەرچووە، تەنانەت خودی بارزانی خۆشی ماوەیەکی زۆرە

ئامادە نیە وەک سەرۆکی هەرێم ئیمزا بکات، واتە ئەویش دەزانێت و بەکردار دان بەوەدا دەنێت کە شەرعیەتی نەماوە. بۆیە دەیەوێت لە رێگای ریفراندۆمەوە بەشێوەیەکی دیکە بگەڕێتەوە ناوخەڵک.

**٢- بێبایەخکردنی پارلەمان**

یەکێکی دیکە لە مەبەستە سیاسیەکانی پشت مەسەلەی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان زیاتر بێبایەخکردنی پەرلەمانی کوردستانە، دەیانەوێت بە خەڵک بڵێن پەرلەمان هەبێت یاخود نەبێت، ئەوان دەتوانن بڕیار لەسەر پرسی چارەنووسساز بدەن و بگەڕێنەوە بۆ رای خەڵکیش. ئیدی پێویستیان بە یاسانەبێت. بۆیە ریفراندۆم بازدانێکە بەسەر پەر لەمان و بچووککردنەوەی وێنای پارلەمان لای خەڵکی. لەوێشەوە ئەو خەباتە مەدەنیەی لە رابردودا هەبوە بسڕێتەوە و مۆدێلێکی دیکەی سیاسەت بهێنێتە ئاراوە.

**٣- حوکمی تاکەکەسی و بنەماڵە**

یەکێکی دیکە لە مەبەست و ئامانجەکانی بارزانی، لەدوای بێبایەخکردنی رۆڵی پارلەمان دەیەوێت دەسەڵاتی تاکەکەسی و بنەماڵەیی دروستبکات و پرۆسەی بەکەسایەتیکردنی سیاسیەت لە کوردستان بێتە ئاراوە. یەکێک لە ئەگەرەکانی ئەم مەترسیە کە خۆی لە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە ئەوەیە، مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆریەتی حوکم و دەستبەسەرداگرتنێتی لەلایەن خێزانێکی دەسەڵاتدارەوە بێتە کایەوە.

**٤- شکانی گەمارۆکان و دەرچون لە قەفەزی ئاسنین**

لەهاتنی داعشەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان گەمارۆدراوە، چونکە لەگەڵ حکومەتی عێراق دۆخێکی خراپیان دروستکردوە، حەشدی شەعبی هێنراوەتە سنورەکانی کوردستان. بەشێک لە دەسەڵاتەکەی لە شنگال و چەند ناوچیەیەکی دیکە کەمکراوەتەوە و هێزێکی ئێزیدیەکان سەر بە پەکەکە لەوناوچانە دروستکراوە و ناچنە ژێر دەسەڵاتی پارتی. لەلایەکی دیکەوە پارتی بەشێک لە دەڤەرەکانی پارتی لەژێردەستدایە، بەهۆی سیاسیەتی هەڵەوە لەسلێمانی و هەڵەبجە و کەرکوک دەسەلاتی نیە، لەگەڵ ئێران نێوانی تێکداوە، بۆیە ئێستا پارتی بەمانا سیاسیەکەی گەمارۆدراوە و دەیەوێت لەرێگای ریفراندۆمەوە لەو قەفەزە ئاسنینە دەرچێت.

> ”
> **بارزانی دەیەوێت بەئەنجامدانی ریفەراندۆم خۆی لە چەندین کێشە لابدات و پێگەی بەهێزبکات**

**٤- دابەشکردنی کۆمەڵگە**

یەکێک لەو هۆکارانەی کە لە رابردودا بەشیک لە حیزبە کوردیەکان، بۆ مانەوەیان سودیان لێ بینیوە، دابەشکردنی کۆمەلگە بوە، چونکە هەرحیزبێک ئەوکاتەی بەشێک لە کۆمەڵگە پشتی لێکردبێت، بەشەکەی دیکە پشتیوانی کردوە. بۆیە ئەو نەریتە خراپە، ئێستا بارزانی پەنای بۆ دەباتەوە و رەنگە ئێستای کوردستان بگەڕیەتەوە سەر دەمی شەڕی ناوخۆ و ساڵانی نەوەدەکان کە هەرێمی کوردستان دابەش و پەرت بوبو، ئەم دابەشبونە هەندێکی وەلائی بۆ بارزانی دەبێت و زیاترپشتیوانی دەبن و دەتوانێت لە کورسیەکەی بمێنێتەوە. ئەمەش گەمەیەکی سیاسی بێزراوە، کە خەریکە کۆمەڵگای کوردی زیاتر دابەش دەکات. واتە لە ریفراندۆمەوە زەمینە سازی ناکرێت بۆ یەک دەنگی، بەڵکو زەمینە سازی دەکرێت بۆ زیاتر دابەشکردن و لەتکردنی باشووری کوردستان.

**٥- ریفراندۆم بەبێ ناوچە دابڕاوەکان**

یەکێک لەو ئامانجانەی دیکەی بارزانی کە دەیەوێت ریفراندۆم ئەنجام بدات و حیزبەکەی بەهێزبێت، ئەوەیە؛ نایەوێت کەرکوک، خانەقین و ناوچەکە کوردستانیەکانی دیکە، ریفراندۆمی تێدابکرێت، چونکە حیزبەکەی لەوناوچانە جەماوەری کەمە و سەرکەوتونابێت. ئەمەش واتای دەستەبەرداربونی ئەم ناوچانەیە کە خواستی تورکیاشی لەسەرە.

**ئامانجەکانی بارزانی لە عێراق**

لەسەر ئاستی عێراق، بارزانی دەیەوێت بەئەنجامدانی ریفراندۆم

خۆی لە چەندین کێشە لابدات و پێگەی بەهێزبێت، وەک:

**١- ناچارکردنی عێراق بۆ خواستەکانی بارزانی**


لەماوەی چەند ساڵی رابردو، بارزانی لەپێناو پێگەی خۆی و حیزبەکەی کێشەی لەگەڵ حکومەتی عێراق و بەتایبەتی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی پێشوو نوری مالیکی دروست کرد، کێشەکان، پەیوەندی بە هەردوو کەسایەتیەکەوەهەبوە نەک کێشەی نەتەوەی و نیشتمانی، کەچی دەیانکردن بە کێشەی خەڵکی و بەهۆیەوە کوردستان رووبەڕووی قەیرانی ئابوری و سیاسی قوڵ بوەوە، خواستی کورد لە بەغداد زیاتر کەم بووەوە. بەهۆی ئەمانەوە واچاوەڕوان دەکرێت دوای کۆتایی شەڕی داعش کەمتر گوێ لەخواستەکانی بارزانی بگیرێت، چونکە لەکاتی هاتنی داعش و گرتنی موسڵ بێمنەتانە لێدوانی دژی حکومەتی عێراق ئەدا. بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت رووداوەکان کەمتر لەبەرژەوەندی بارزانی بێت، لەمەوە بارزانی دەیەوێت ڕیفراندۆم بەکاربهێنێت وەک کارتی فشاری سیاسی بۆ دەسکەوتی حزبی لە بەغدا و لەوێ هەندێک پلە و پۆست و پارەی پێ بەدەست بێنێت.

**٢- پرسی کەوتنی موسڵ و دادگای بارزانی**

بەر لەشەڕی مووسڵ بارزانی هەڕەشەی لە حکومەتی عێراق دەکرد و فشاری دەکرد، داعش هاوشێوەی دەوڵەتی عێراق دەبینی، تەنانەت بە شێوەیەکی ناراستەوخۆش بە یەکێک لە هۆکارەکانی کەوتنی مووسڵ لەقەڵەم دەدرێت. ئەمەش بەو گۆڕانکاریانەی کە دوای شەڕی مووسڵ دێنە ئاراوە، واتای تەسفیەی حیساب دەبێت لەگەڵ بارزانی، چونکە لە ئێستاوە. لیژنەی ئاسایش و بەرگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوا دەکات لە دۆسیەی کەوتنی موسڵدا هەر کەسێک بوەتە هۆکاری هاتنی داعش بۆ وڵات و وێرانکاریی بۆ شارەکە و لە هەر پۆست و پلەو پایەیەکدا بێت, ڕەوانەی دادگا بکرێت، دیارە بارزانیش گومانی دەکرێتە سەر بۆیە بە پرسی ریفرندۆم دەیەوێت پرسی دادگای کردنی بسڕیتەوە مەرجیان بۆ دانێت باس لەو پرسەنەکرێت.

**٣- هەوڵی بچوکردنەوەی حیزبەکەی بارزانی لەعێراق**

یەکێکی دیکە لەو مەترسیانەی کە لەداهاتودا بەرۆکی بارزانی و



مەسعود بارزانی(سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان)

حیزبەکەی دەبێتەوە، ئەوەیە؛ هەوڵی بچوکردنەوەی دەدرێت و زیاتر گرنگی بە هێزەکوردیەکانی دیکە دەدێت، چونکە هەر لە شنگالەوە تاوەکو دوا خاڵی زۆنی زەرد ئابڵووقە دراوە، بۆیە دەیەوێت لە رێگای مەسەلەی ریفراندرمەوە کێشەی حزبەکەی بکا بە کێشەی هەموو کوردو هەموو کورد رابکێیشێتە نێو ململانێ و شەڕێی چارەنووس نادیارەوە.

بارزانی و ئەجێندای تورکیا لە عێراق

یەکێک لە ئامانجە گەورە و دیارەکانی بارزانی کە دەیەوێت ڕیفراندۆم بکات، پەیوەندی بە ئەجێندای تورکیاوە هەیە لە عێراق و کوردستان،چونکە بارزانی بەجۆرێک تێکەڵی ئەجێندای ئەو وڵاتە بوە زەحمەتە بتوایت خۆی بکێشێتە دواوە و سەلامەت بێت، خۆ ڕەنگە لە دهاتودا تورکیا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی زیاتر بارزانی بخاتە گەمەکەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک:

**١- پەراویزخستنی تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە**

لەگەڵ بەهێزبونی هێزەکوردیەکانی رۆژئاوای کوردستان و نزیکی نێوان ئەمریکا و ئەوهێزانە، دورکەوتنەوەی زیاتری تورکیا و ئەمریکایە، بۆیە بەپەراوێزخستنی تورکیا، ئەردۆگانی نیگەرانکردوە و دەیەوێت لە عێراقەوە تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە، لانیکەم گوێ بۆ خواستەکانی بگریت دژی رۆژئاوای کوردستان و پەکەکە.

**٢- پەردەپۆشکردنی گرێبەستی نەوت و غاز**

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی ئەنجامدانی ریفراندۆم پەیوەندی بەو گرێبەستە نەوتیانەوە هەیە کە بارزانی لەگەڵ تورکیا ئەنجامی داوە، گرێبەستەکان بۆماوەی ٥٠ ساڵە و زیاتر

> **بارزانی ریفراندۆم بۆمەبەستی شەخسی و حیزبی دەوێت، نەک بۆئەوەی دەوڵەت راگەیەنێت، چونکە نە کورستان بەو قەیرانە زۆرانەوە دەتوانێت ببێتە دەوڵەت نە خواستی نێودەوڵەتی لەسەرە و نە خودی بارزانیش باوەڕی بە پرسی دەوڵەت هەیە**

لەبەرژەوەندی تورکیایە، بۆیە هەرکات ئەردۆگان داوای لە بارزانی هەبوو ناچارە جێبەجێی بکات. هەروەها نزیکەی ١٨ بنکەی سەربازی تورکیا لە هەرێمی کوردستان هەیە و بەپێی رێکەوتنی هەردوو ولات بارزانی ناچارە بەرگری لەخواستی تورکیا بکات.

**٣-هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن**

رووبەرووبوونەوە لەنێوان کوردو حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، کە گەیشتوونەتەوە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان روودەدات، لەوحاڵەتەدا ئەگەر پارتی بە تەنیا بمێنێتەوە سوپای تورکیا دەهێنێتە هەرێم و ریفراندۆم وەک ئامرازێک بەکاربهێنرێت بۆ گەڕاندنەوەی ویلایەتی مووسڵ، بە تایبەتی دەڤەری زەرد بۆ سەر تورکیا، جا لە ژێر هەر ناوێکی بێت، باشترین سەلمێنەری ئەم راستیە، ماوەیەکی زۆرە کادیرەکانی ئاکپارتی لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیان باسی ئەوە دەکەن کە لە رێگای ریفراندۆمە ژمارەیەک لە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی روخاو دەگەڕێننەوە سەر ئیمپراتۆری عوسمانی نوێ، لەمەشدا ناوی باکووری عێراق دەهێنن، کە دیارە ناتوانن بە هۆی دابەش بوونی سیاسی و رۆڵی ئێران ئەمە لەناوچەی زەردیشدا بکەن، بۆیە ئەو دۆخەی پارتی دەقۆزنەوە و سیاسەتەکەی خۆیات پراکتیزە دەکەن.

بەپێی ئەو گریمانە و خوێندنەوانەی خرانەڕوو بارزانی ریفراندۆم بۆمەبەستی شەخسی و حیزبی دەوێت، نەک بۆئەوەی دەوڵەت راگەیەنێت، چونکە نە کورستان بەو قەیرانە زۆرانەوە دەتوانێت ببێتە دەوڵەت نە خواستی نێودەوڵەتی لەسەرە و نە خودی بارزانیش باوەڕی بە پرسی دەوڵت هەیە، چونکە کارەکانی بارزانی و نەیارانی کورد لە رابردوودا دژی دەوڵەتی کوردی بوە نەک دروستکەری دەوڵەت، بەلام دەیەوێت لەرێگای ریفراندۆمەوە خواستەکانی خۆی حیزب و چەند هێزێکی ناوچەکە بێتەدی.

# ریفەراندۆمی ٩/٢٥ بۆ کێ؟




ئازادیی کۆمەڵگە
ڕێبوار ڕەشید

چەند هەفتەی ڕابردوو بە سەدان لە ڕۆشنبیرانی دڵسۆز قسەوباسی جیددیان لە سەر ڕیفەراندۆمی ٩/٢٥ کردووە. قسەوباسەکان هەمەلایەنە و تایبەتگیرن و لە ڕووانگەی جیاوازەوە ڕیفەراندۆمی ٩/٢٥ یان هەڵسەنگاندووە، ڕەخنەکردووە و هەندێک جاریش پێشنیاریان خستووەتە بەردەست.

بە پێی ڕاگەیاندنی فەرمیی ڕۆژی چوارشەممە ٧ی ٦ی ٢٠١٧ لە سەلاحەدین پازدە ڕێکخراوی کوردیی و باشووری کوردستانیی لە ئاشوور و تورکەمان و ئەرمەن و کلدان کۆبوونەتەوە و لەوێدا بڕیار دراوە کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ دا ڕیفەراندۆمێک بە مەبەستی ڕاپرسیی لە باشووری کوردستان سەبارەت بە پرسی [گوایا] سەربەخۆیی یان مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق بکرێت.

لە ڕاستییدا هیچ بەڵگەنامەیەک تا ئێستا لەبەردەستدا نییە نیشانی بدات کە ئایا پرسیاری سەرەکیی لەو ڕاپرسیەدا کامە دەبێت و چۆن فۆرمولە دەکرێت. یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان گەورەترین حیزبی ناو ئەو گرووپە ١٥ لایەنەیە کە تا ئێستا بێ بڕیار ماوەتەوە، و لاقێکی لە ناو کۆبوونەوە فەرمیەکان و لاقیکی دیکەی لە ناو دەنگی «نا» بۆ ڕیفەراندۆمی ٩/٢٥ یە.




بڕیاری ٦/٧ ی سەلاحەدین خەڵکی باشووری لانی کەم کردووە بە دوو بەشەوە.

لایەنی فەرمیی ئەو بەرەیەی لەگەڵ گشتپرسیی ٩/٢٥ دایە تەنیا و تەنیا باس لە هەبوونی «ماف» و «دروستکردنی دەوڵەتێک دەکات و تا ئێستا خۆی بە دەلیلهێنانەوە و ڕوونکردنەوەی سیاسەیەوە خەریک ناکات. بەتایبەتیش پەنا دەباتە بەر گوتارە نەریتیە سوننەتیەکان وەکوو «دوژمنایەتیی کورد و عەرەب»، «مافی کورد بۆ دەوڵەت» و کە ئەم ڕیفەراندۆمە ڕاستەوڕاست بە مانای دروستکردنی «دەوڵەت» دێت و هتاد. هەڵەیەکی گرینگ و مەترسیداری ئەم بەرەیە ئەوەیە کە هەر کەس لە ڕیفەرندۆمی ٩/٢٥ بە گومان بێت ئەوا بە «دژ بە سەربەخۆیی» و «دژ دەوڵەتی کوردی» دەبینرێت. بە مانایەکی دیکە

ڕیفەراندۆمی ٩/٢٥ بێ هیچ ئەملاو لا و بێنەوبەرەیەک کراوە بە سینۆنۆم/ هاوواتا بۆ سەربەخۆیی/ دەوڵەت.

لایەنی دووهەم پێیان وایە ئەو گشتپرسییە بە کۆمەڵێک دەلیل پێگەی نەتەوەیی کورد لە باشوور لاواز دەکات، و ناتوانێت وەڵامی دروست بداتەوە. دەلیلەکانی ئەم لایەنە بریتین لە:

١. سێ مانگ و نیو ماوەیەکی کورتە بۆ ئەوەی سەرتاسەری هاووڵاتیانی باشووری تێدا بەرێکخستن بکرێت تاوەکوو بە زۆرینە وەڵامێکی ئەرێنیی/ پۆزەتیڤ بە گشتپرسیەکە بدەنەوە کە دیارە دەبێت سەربەخۆیی کوردستان بێت.

٢. پارلەمانی کوردستان لە کار خراوە. بە بێ هەبوونی پارلەمانێک کە لە راستییدا تەنیا دامێکی سەروەرە بۆ بڕیاردان و یاسادەرکردن، راپرسیی گشتیی هیچ سەنگ و قورساییەکی نییە و ناتوانێت سەرورەر بێت.

٣. کابینەی ٨ی حکومەتی هەرێم کە بە پێی دروستبوونی دەبێت «حکومەتی بنکە فراوان» بێت، لە ئێستادا بە پێی شێوەی پێکهاتەی خۆی هیچ مانایەکی حکومەتی نەماوە. هەرچۆنییەک بێت دروستبوونی حکومەتێکی نوێ کە توانای پیادەکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی هەبێت ستونێکی دیکەیە بۆ ئەوەی گشتپرسییەکە پرۆتۆکۆلی جیددی لە چوارچێوەی سەروەریی خۆیدا هەبێت.

٤. ئەگەرچی پازدە (١٥) حیزبی کوردیی و باشووریی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون، بە یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە، ڕای گشتیی کوردستانیی پرۆتۆکۆلێکی نووسراوەی وردەکارگیری نەخراوەتە بەردەست کە شێوەی ئاخافتن، پرسیار و وەڵام، ئاستی بەشداریکردن و دابەشکردنی کار، دەنگدان، پلان و پلانسازیی، پلانی

> **نفوزی دەوڵەتی ئێران بە تایبەتیی لە ڕێگای ئیتلاعات ـەوە لە زوونی سەوزدا زیاتر لەوەیە کە ئاسایشی نەتەوەیی کورد پێ هەڵبگیرێت**

پاشەکشە، شێوەی جێبەجێکردن، ئاخافتن لەگەڵ حکومەتی ناوەند و دۆستەکانی کورد وەکوو ئەمەریکا و هتاد تێدا بێت. لە خودی ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا نووسینی ئەم وتارە هیچ زانیارییەک لە سەر ئەم پرسە چارەنووسسازەی تێدا نییە، و تەنانەت وەکوو هەواڵیش بڵاو نەکراوەتەوە.

٥. لە ناو باشووردا ناتەبایی و ململانێیەکی بەرچاو لە ئارادایە. باشوور بە ڕەسمیی بریتییە لە دوو زوونی زەرد و سەوز، و لە هەموو ڕوویەکی سەربازیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و هتاد جیاوازن.

٦. لە باشووری کوردستان قەیرانی جیددیی سیستەم هەیە، بۆ نموونە کارەبا/ ئەلەتریک، کشتوکاڵ، بەرهەمی بژێوی، ئاوی خواردنەوە، سووتەمەنیی، خوێندن، نەخۆشخانە و چاوەدێریی، بێکاریی و هتاد نەک هەر لە ئاستی خۆحوکمرانیی و دەوڵەتدارییدا نییە، بەڵکو لە ئاستی ماڵوێرانە و تێکدەرانە دایە.

٧. پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەند، لەوانە متمانە و باوەڕ بەیەکترکردن، زۆر خراپن.

٨. مۆڵگاگەلێکی بەئەژماری سەربازیی تورک بە میت و دەستگاکانی سیخوڕییەوە لە باشوور لە ناوچەی بەهدینان هەن.

٩. نفوزی دەوڵەتی ئێران بە تایبەتیی لە ڕێگای ئیتلاعات ـەوە لە زوونی سەوزدا زیاتر لەوەیە کە ئاسایشی نەتەوەیی کورد پێ هەڵبگیرێت. خاڵی ٨ و خاڵی ٩ دوو خاڵن کە ئەمەریکا و هەندێک دەولەتی ئوروپایان بە تەواوی ناڕەحەت و نیگەران کردووە.

١٠. پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی دادوگەشە، لەوانە فرۆشتنی نەوت، پارەی کورد لە «خەڵک بانکی تورک» دا، و هتاد، هەروەها پێوەندیەکانی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان و ئێران، فرۆشتنی نەوت و بازرگانی دیکەی نائاسایی لە ئاستێکی وا باڵادایە کە دۆستە گەورە و جیددیەکانی کورد، وەکوو ئەمەریکا و هەندێک لە دیموکراسیەکانی ڕۆژئاوا، پێی نیگەرانن.

١١. ئەو ناوچانەی باشووری وڵات کە تا ئێستا نەخراونەتەوە سەر باشوور ناسکن و لە دۆخی تالوکەدان کە کاری ڕیفەراندۆم وا زەحمەت دەکەن لە زەرەری بێت وەکوو لە قازانج.

١٢. هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە پەناهێندەی ئێراقیی و سووریایی لە تەواوی باشووردا کە تا ئێستا پێناسەیەکی یاسایی ڕوون بۆ هەبوونیان نییە و کە کاریگەریی جیددیان لە سەر گشتپرسیەکە دەبێت. هاوکات پێکهاتەی زەرەرلێکەوتووی

وەکوو ئێزیدیەکان تا ئێستایش لە ناو کامپی زۆر خراپدا دەژین.

١٣. کۆنسێسوس/ هاوڕایی گشتیی لە سەر کۆمەڵیک پرسی گرینگ لە نێوان لایەنەکاندا نییە. بە پێچەوانەوە بێمتمانەیی، گومان و شک، و تا ڕادەیەکی زۆر تووڕەیی و ڕک لە ئارادایە.

١٤. باشووری کوردستان خاوەنی خەزێنەیەکی گشتیی شەفاف نییە، سیاسەتێکی روونی کوردستانیی بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکوور نییە، و بڵندگۆیەکی هاوبەش لانی کەم بۆ ڕای گشتیی باشوور لە ئارادا نییە.

١٥. پشتگوێخستنی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو پەڕی شەفافیەتدا ٢٥ کورسی پارلەمانی بردووەتەوە ناتوانێت بە قازانجی گشتپرسیەکیی باشوور بۆ سەربەخۆیی بێتەوە.

١٦. هەوڵێکی زۆری داگیرکەران لە گەڕدایە کە سێ شاری سلێمانی، هەولێر و دهۆک بە «کوردستان» مۆر بکرێت و بەو شێوەیە پارچەکانی دیکەی کوردستان سەنگ و ناوێکیان لە مێژوودا نەمێنێت. لەبەرئەوە گرینگە کە لە هەموو ئاستێکی قسەوباسدا ناوی «باشووری کوردستان» ڕوون و دیار بێت و بریتیی لە هەموو ئەو ناوچانە بێت کە لە پرۆتۆکۆلی حکومەتی پادشایەتی پادشا مەحمودی حەفید دا هەیە. لە خراپترین حاڵەتی داگیرکراویشیدا کوردستانیان دەتوانن موسڵ وەکوو کارتی فشار بەکار بهێنن. بەشێکی سیاسەت سازکردن و فەراهەمکردن و کردنەوەی دەروازەیە لە سەر پرسە ئاڵۆزەکان.

١٧. تا ئێستا دەسەڵاتدارانی باشوور حاڵیی نیین لەوەی کە ئاشتیەوانی گشتیی، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بە پیشەسازیکردن و بەکشتوکاڵکردنی وڵات، خوێندن و پەروەردە، یەکیەتیی نەتەوەیی و نیشتیمانیی، خزمەتگوزاریی گشتیی بەردی بناخەی دروستکردنی دەوڵەتن. دەوڵەت لە سەرئەنجامی

> **باشووری کوردستان خاوەنی خەزێنەیەکی گشتیی شەفاف نییە، سیاسەتێکی روونی کوردستانیی بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکوور نییە**

راپرسیی گشتیی دروست ناکرێت، بەڵکو لە سەرئەنجامی پێکەوەگرێدان و پێشخستنی نەتەوەیەک لە رووگەلی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دروست دەبێت.

فەلەستینیەکان لانی کەم لە ٣ شێوەپێناسەی«فەلەستینبوون» و «عارەببوون» و «ئیسلامبوون» ەوە هیچ کێشەیەکیان نییە و نەشیانتووانیوە دەوڵەتێک دابمەزرێنن و ناشتوانن دایبمەزرێنن.

دەوڵەت بە گوتاری سۆز و هەستگیر، بە خۆهێنانوخۆبردن و پەیداکردنی دۆستی درۆزنە و ناجێگای بەقا، بە پەیداکردنی «دوژمنی هاوبەش» دروست ناکرێت.

خاڵگەلێکی دیکە هەن کە وەکوو ئەو خاڵانەی پێشوو نەرێنیی، واتە نێگەتیف نیین، بەڵکو ئەرێنین، واتە پۆزەتیڤن، کە کەڵکی گەورە بە گشتپرسییەک بۆ سەربەخۆیی دەگەیەنن و کە دەبێت هەبن بەڵام نیین. بۆ نموونە ئەمانەن:

١. لە ڕاستییدا گشتپرسیی بۆ ساخکردنەوەی پرسی سەربەخۆیی مژارێکی نەتەوەیی بە جۆشە و بۆ نزیکەی زۆرینەی خەڵک بریتییە لە ڕۆژی خۆشحاڵیی و ئومێد و هیوا. لەبەرئەوە پێویستە بەو شێوەیە بەرخوردی لەگەڵدا بکرێت. واتە ڕۆژی ریفەراندۆم بکرێت بە ڕۆژی خۆشیی و شادیی، بە ڕۆژی متمانە بەیەککردن و پێکەوەبوون، بە ڕۆژی شانبەشانبوون و جیددیەتی سیاسیی.

٢. بەرلەوە دەبێت دۆخێکی ئاشتیەوانیی گشتیی ساز بکرێت کە لە تاکەکەسەوە هەتا پێکهاتەی گەورەی زەرەرلێکەوتوو بتوانن پەڕەیەکی سپی هەڵ بدەنەوە و ئەو ڕۆژە بکەن بە ڕۆژی پرۆتۆکۆلێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی بۆ ڕۆژانی داهاتوو وا کە بتوانن لە دۆخی دژواردا ئاماژەی پێ بکەن. ئامادەبوون بۆ هەڵدانەوەی پەڕەیەکی نوێ و هەڵگرتنی یەکەم هەنگاو بە متمانەوە یەکێک لە ستونە گرینگەکانی دامەزراندنی دەوڵەتە.

٣. کۆمیتەی تایبەتیی بۆ بەجۆشوخرۆشتنی و ڕاگرتنی ورەی خەڵک لە هەموو پێکهاتەیەکی کوردستان دروست بکرێت و سەردانی یەکتر بکەن، بۆ نموونە هەورامان بۆ لای ئێزیدیەکان، ئێزیدیەکان بۆ لای یارسانەکان، یارسەنەکان بۆ لای عەلەویەکان، عەلەویەکان بۆ لای شەبەک، سوننە بۆ لای شیعە و بەو شێوەیە. سەردانی

کەسوکارانی شەهیدان، سەردانی قەندیل و پێشمەرگە، سەردانی جەنگاوەرانی برینداران، سەردانی کۆمیتەی کەمئەندامان بۆ شوێنی جیاواز و هتاد. وەکوو ئەوانە گرینگ کۆمیتەگەلی ژنان هەبن کە لە ڕووانگەی ژنانەوە لەو گشتپرسییە و لە گرینگیی سەربەخۆیی بدوێن. ئێمە دەبێت ئاستی گشتیی ژنانی باشوور کە خاوەنی خەبات و تێکۆشانن بگەیەنینە ئاستیی ژنانی باکوور و ڕۆژئاوا و لە ڕیفەراندۆم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا کۆڵەکەی گرینگ بن. کوردستانی ئایندە بە دەستی ژنان و لەسەر دەستی ئەوان ڕادەگیرێت.

٤. دیاریکردنی ڕۆژێکی گرینگ لە مێژووی کورددا، بۆ نموونە ١ی نەورۆز، ساڵڕۆژی گازبارانکردنی هەڵەبجە، ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، سەرهەڵدانی ئاگری یان هەر ڕووداوێکی گرینگی دیکە کە مێژوویەکی شایانباس وەبیر خەڵکی کوردستان بهێنێتەوە، بکرێت بە ڕۆژی ڕیفەراندۆم. ڕیفەراندۆم سەیرانی دوو خانەوادە و ئاهەنگی حیزبێک نییە. ڕیفەراندۆمێکی سەرکەوتوو هەنگاوێکی گەورە و کاریگەر دەبێت لە مێژووی بەرخۆدانی کورددا.

٥. لانی کەم دوو هەفتە بەر لە ڕۆژی دیاریکراو دەست بە دەربڕینی خۆشیی و شادیی، بە هەڵپەڕکێ و سەما و گۆرانیی و دەربڕینی هەستی ئازادیی و سەربەخۆیی لە هەموو شوێنێکی باشوور بکرێت. ئێمە پێکەوە دەتوانین دوژمن دوورەبەزێن بکەین، هاوکات کە دەتوانین پەیامی ئاشتیی و دەراوسێیەتیی بە گەلانی ناوچەکە و بە پێکهاتەکانی ناوچەکە بگەیەنین. بناخەی دەوڵەت دەبێت توند و سەقامگیر و بەهێز دابڕێژرێت.

٦. تا دەکرێت هەمئاهەنگیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان لە هەموو ڕوویەکی سیاسیی، کولتوریی، چالاکیی هاوبەش و هتاد بکرێت. نابێت بۆ یەک چاوتروووکاندنیش لە یادمان بچێت کە پارچەکانی دیکەی کوردستان، لەوپەڕی داگیرکراویی و بێدەسەڵاتیشیاندا، تەنیا و تاکە پشتوپەنای ڕاستەقینەی ئێمەن. ئەوان هەمیشە ئەو ئامێزە بوون کە بێ هیچ مەرجێک بۆ ئێمە ئاوەڵەبوون.

> **بەهێزکردنی ناوچە دابڕاوەکان، ئاوەدانکردنەوەی هەموو کوردستان، پێشخستنی خزمەتگوزاریی گشتیی و شەفافیەتیی ئابووریی و هتاد، یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانی سەرکەوتنی گشتپرسییە**

٧. دەبێت لەگەڵ دۆستەکانماندا بدوێین و تا دەکرێت لە پێوەندی ئاسایی لەگەڵ بەغداد دا ڕیفەراندۆم پێش بخەین. لایەنێکی هونەری سیاسەت کەمکردنەوەی نەیار و بەئەژمارکردنی دۆستانە. سیاسەتی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بە کەمترین قوربانی زۆرترین دەستکەوت وەدەستبهێنرێت. هێشتنەوەی پێوەندیی دەراوسێیاتی قازانج بە دواڕۆژی نەوەکانی کوردستان دەگەیەنێت. ئێمە دەبێت سیاسەت لە دەرەوەی گوزەرانی خۆمان و لە پاش تەمەنی خۆمان ببینین.

٨. کارێکی دروست ئەوەیە کە لە ماوەی خۆئامادەکردنی گشتپرسیەکەدا دەستوورێکی نوێ ئامادە بکرێت کە وەڵام بە قەیرانەکانی ئەوڕۆ بداتەوە.. لە پرسی پێویستیەک بۆ هەبوونی سەرۆکێکی هەرێم تا دەگاتە شێوەی ماندات و ئەرک و ماف و هتاد و هەموو ئەو پرسانەی دیکە کە ئێستا کێشەن. یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و چەسپاندنی یەک ئیدارەیی لە هەموو ڕوویەکەوە دەبێت لەم کاتەدا ئەرکی سەرەکیی هەمووان بێت.

٩. بەهێزکردنی ناوچە دابڕاوەکان، ئاوەدانکردنەوەی هەموو کوردستان، پێشخستنی خزمەتگوزاریی گشتیی و شەفافیەتیی ئابووریی و هتاد. یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانی سەرکەوتنی گشتپرسییە بە مەبەستی سەربەخۆیی. سەرکەوتنی ئێمە لەو مەیدانەدا دیارە کە تا چ ئاستێک دەتوانین کوردستان بکەین بە شوێنی مرۆڤی سەربەرز و بەو جێگایەی کە ڕێزی مرۆڤی تیادا دەگیرێت.

سەرئەنجام:

هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە دەیسەلمێنن کە دواخستنی ڕیفەراندۆم ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە. ئێمە دەبێت کاتێک هەڵبژێرین کە بەشی خۆئامادەکردن و خۆسازکردن بکات. ئامانج گرتنی ڕیفەراندۆمێک نییە، بەڵکو سەرخستنیەتی.

بە حوکمی ئەوەی گشتپرسی

میتۆدێکی سیاسی دیموکراتییە دەبێت لە سەرئەنجامی بڕیاری پارلەمانێکی جیددیی نیشتیمانییدا بخرێتە ڕۆژەڤەوە و بەو شێوەیەش زەمینەی بۆ ساز بکرێت و پێش بخرێت.

دەنگدانی گشتیی دەبێت بۆ سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەت بێت. ئەوە مافێکی حاشاهەڵنەگری گەلی کوردستانە و پێویست ناکات بیشارینەوە، بەڵکو دەبێت وا زەمینەی بۆ خۆش بکەین و ئامادەکاریی بۆ بکەین کە تەواوی گەلی خۆمانی بۆ کۆبکەینوە وا کە لە ئاییندەدا ببێت بە نموونە بۆ پارچەکانی دیکەیش. ئامانجی ئێمە نابێت ئەوە بێت کە زۆرینەیەک دەنگی سەربەخۆبوونی تیادا بدات، بەڵکو دەبێت ئەوە بێت کە هەرە زۆربایەتی گەلەکەمان لە باشوور دەنگی پێ بدات، بۆ نموونە نە کەمتر لە ٩٥ ٪. ئێمە بینیمان کە ساڵی ٢٠٠٥ نزیکەی ٩٨ ٪ دەنگیان بە سەربەخۆیی دا.

ئەوانەی پێ دادەگرن کە حیزبێک یان لایەنێک بە تەنیا دەتوانێت بەرپرسیاریی ڕاپرسیەکی گشتیی هەڵبگرێت، پێداگرتنێکی چەوتە و هاوکاتیش مەترسیدارە. پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر و لە بڕیاری ١٩٧٥/٣/٢٠ بۆ وازهێنان و چەک دانان کاتێک کە بزووتنەوەی چەکداریی ئازادیخوازیی لە باشووری کوردستان لەو پەری بەهێزیدا بوو، هیچ کام لە بەرپرسانی باڵآی ئەو کاتە خوێن لە لووتی خۆیان یان کەسوکاریان نەهات و دوو فلسیان زەرەر نەکرد، تەنانەت بە پەسپۆرت و هاسانکاریشەوە گەیشتنە وڵاتانی ئورووپا و ئەمەریکا، بەڵام کوردی باشوور ، پاش زەرەوزیانی گەورەوگران کەوتە ناو دۆزەخی داگیرکەرانەوە. ڕۆژهەڵاتی و باکووریی و ڕۆژئاوایی و خۆراسانیی و کوردانی رووسیا و ئەرمێنیا و لوبنان و هتاد لە شیوەنی نەتەوەییدا بوون.

نموونە زۆرن نیشانی دەدەن کە قسەی ڕەنگاورەنگ و بەڕۆمانسیکردنی شۆڕش و ئامانجی نەتەوەیەک قڕانێک ناژی.

> **لە پایتەختی هەرێم ڕۆژنامەی ئاژانسی ئەنادۆڵۆ و AA زمانحالی فاشیزم و داگیرکەریی تورک بە پیتی عەرەبیی و لاتینیی دەر دەچێت**

تاکەکەسێک، حیزبێک یان لایەنێک هەرگیزاوهەرگیز ناتوانێت بەرپرسیاریی شانازیی و غروری شکێندراوی نەتەوەیەک هەڵبگرێت. باشوور خۆی لە ئێستادا لە دۆخێکی فرە ناسک و دژواردایە و نابێت ڕێگا بدەین هیچ کەسێک بیکات بە مەیدانی ڕمبازێنی دۆمکیشۆتیانە و ئەقڵی هەرزەکارانە.

سەرخستنی باشووری کوردستان بە کەسایەتیگەلێک دەکرێت کە دەستیان لە تاڵانیی و دزیی و گەندەڵیی، لە دابەشکردنی کوردستان و پارچەپارچەکردنی کوردستان و لەیەکتردوورخستنەوەی پێکهاتەکان و لە بێدەربەستیی و ناپاکیی لە خەڵک و لە نیشتیماندا نەبێت.

ئەوانەی لە دەرەوەی کاری خۆبەخش و دڵخوازانە، بە پارەوپول و بە وەرگرتنی زەویوزار و پلەوپایە، خۆیان خزاندووەتە ناو ئەم گفتوگۆیە، دەبێت ڕێگایان پێ نەدرێت.

هاوکات ئەوانەی مووچەی بندیوار، پول و پارە و زەویوزار یان پلەوپایەیەکیان وەرنەگرتووە و وەرناگرن، بێگومان مافی خۆیانە لەو گفتوگۆیەدا یان لە هەر گفتوگۆیەکی دیکەدا بە ئارەزووی خۆیان بەشدار بن. ڕا و بۆچوون و هەڵوێستی ئەوان هەرچییەک بێت، بەشێکی گرینگە لە سامانی سیاسی نیشتیمانییمان.

جیاوازییەکی پرینسیپیی گرینگ لە نێوان ئەو دوو گرووپەدا هەیە.

ئەورۆ لە هەولێر لە پایتەختی هەرێم ڕۆژنامەی «ئاژانسی ئەنادۆڵۆو AA» (http://aa.com.tr/ks/) زمانحالی فاشیزم و داگیرکەریی تورک بە پیتی عەرەبیی و لاتینیی لەو پەڕی ئازادییدا دەر دەچێت، بەشێکی ڕاگەیاندنی کوردیی بە شێوەیەکی ڕێکخراو کولتور و سیاسەتی ئێران و تورکیا بڵاو دەکەنەوە. ڕۆژانە خەڵک لە باشوور بەو پەروەردەیە گۆش دەکرێن. هاوکات ڕێگا بە هیچ شێوەدەنگێک نادرێت کە لەو پەڕی دلشۆزییدا ڕیفەراندۆمی ٩/٢٥ بخاتە ژێر پرسیار.

هاووڵاتیانی باشوور مافی خۆیانە بیر لە هەرچی زووتری سەربەخۆیی و دەوڵەت دروستکردن بکەنەوە. هاووڵاتییانی ژێر ئەوانەن کە پرسیاری زەحمەت و گران لە خۆیان دەکەن و کە بە گومانەوە لە خاڵەکان ورد دەبنەوە و داوای وەڵامی ورد و کۆنکرێت لە دەسەڵاتداران دەکەن.

# ئیسلامیزم، فاشیزم و تۆتالیتاریزمێکی نوێ



ئازادیی کۆمەڵگە
پ. د. سالارباسیرە

لەناو هەناوی ئیسلامیزمدا بزوتنەوەیەکی جیهادیی تۆتالیتێر سەری هەڵداوە کە جێگای مەترسیە بۆ سەر ئاشتی کۆمەڵگە، کە دەیەوێت بە رێگەی زەبروزەنگ و تیرۆرەوە و دژ بە دیموکراسیەتی عەلمانی خەلافەتێکی ئیسلامی و دەوڵەتی خودادا دروستبکات. ئەو تۆتالیتاریزمە نوێیە ئیسلامیە جەنگێکی نوێی لەگەڵ خۆی هێناوەتە کایەوەو پێداگریی لەسەر فەرمانڕەوایەتیەکی خودایی تۆتالیتێر دەکات. هەر لایەنێکی سیاسی نەیەوێت دین و دەوڵەت لە یەکتر جودا بکاتەوە نابێتە ئالتەرناتیڤێکی دیموکراسیانەو لەم تێڕوانینەوە ناکرێ هەڵگری فکری مەرکەزیەت نەبێت و مەرکەزیەتیش لەگەڵ دیموکراسیەتدا یەک ناگرێتەوە. لایەنێک تەنها کاتێک دەتوانێت تاکڕەوانە فەرمانڕەوایی دەوڵەت بکات کە ببێتە دیکتاتۆرێکی موتڵەق. هەر سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئاین و مەزهەب دروستبوبێت هەرگیز نابێتە ئالتەرناتیف و مۆدێلێکی تەندروست و ئەقڵانی بۆ کۆمەڵگە. بە رای من ئایندەی دەوڵەتی عێراقیش ئایندەی ناکۆکی و ململانێی توندی نێوان هێزە دیموکرات و عەلمانیەکانە لە لایەکەوە و ئیسلامە دەمارگیرەکان و هێزە ناسیۆنالیستەکان دەبێت لە لایەکی ترەوە و دەبێتە بابەتی سیستەمی

> ئەوەی کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی سیستەم و دەستورێکی تەندروست و ئەقڵانیە کە تێیدا جێگای سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان بە ئاین، ئاینەکان، و مەزهەبەکان و کەلتور و ئەتنیکە جیاوازەکانەوە ببێتەوە

سیاسی عێراق ئایندە. ئێمەی کوردیش بێبەش نین لێی. ئەگەر بروانینە مێژوی ئیسلام و بە حوکمی ئایدۆلۆژیاکەی دەبینین ئاراستەیەکی حیزبیی هەبووەو شەڕی لە پێناوی دەسەڵاتدا کردووەو کار بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکات لەسەر بنەمای شەریعە، ئەوە بە ئیسلامە سیاسیە میانڕەوەکانیشەوە، بەڵام ئەوەی کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی سیستەم و دەستورێکی تەندروست و ئەقڵانیە کە تێیدا جێگای سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان بە ئاین (ئاینەکان) و مەزهەبەکان و کەلتور و ئەتنیکە جیاوازەکانەوە ببێتەوە، بەڵام رۆڵێکی تری کۆمەڵایەتی بدرێت بە ئاین کە دەتوانێت خزمەتی کۆمەڵگەی پێبکات.

دوای کۆتایی جەنگی سارد زۆرێک لە گەشبینکاران بروایان وابوو کە چیتر سەردەمی ئاشتی دیموکراسی پێگەیشتووە، بەڵام شێوەیەکی نوێی تۆتالیتاریزم لەبەر چاو نەگیرابوو کە زۆر پێشتر لە جەنگی سارد لە جیهانی ئیسلامدا سەری هەڵدابوو، ئەویش ئیسلامیزمە. هەڕەشەی جیهادیزم دەبێت بە جدی لەبەر چاو بگیرێت ئەوەش بە

هەر بە گۆڕینی رژێمەکان کۆتایی نایەت بە ئامرازی جەنگ بەڵکو بە وەستانەوە بە رێگەی رێفۆرمی دیموکراسی و کەلتوریی بەرامبەر بەو ئاراستە ئیسلامیانە.

زۆرێک لەو گەشبینانەی موژدەی دیموکراسیەتیان دوای روخانی فاشیزم بە جیهان دەدا نەیاندەزانی کە لە جیهانی ئیسلامدا لە ١٩٢٨ وە تۆتالیتاریزمێکی نوێی بزوتنەوەی ئیخوان الموسلیمین لە دروستبووندا بووە. دوای دۆڕانی سوپای عەرەب لە جەنگی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧ و لاوازبوونی پان عەرەبیزم، بە سیاسی کردنی ئیسلام بە ئیسلامیستێکی جیهادیەوە وەک دەرئەنجام کە بە تۆتالیتاریزمێکی نوێ ناو دەبرێت بەرەو پێش برا. بەڵام لە هێرشەکەی ١١ی سەبتەمبەر لە ٢٠٠١ چاوی لایەنەکانی کردەوە سەبارەت بە مەترسی ئەم بزوتنەوە ئیسلامیە.

هەموو سیستەمێکی ستەمکار تۆتالیتێر نیەو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە رژێمی دیسپۆتیزم (ستەمکار) هەبووە، بەڵام لە جیهانبینی ئیسلامیزمەوە خۆمان لەبەردەم دیاردەی فەرمانرەوایی خودا دەبینینەوە کە تۆتالیتاریزمە. بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە تەواوی جیهاندا هەوڵ بۆ ئەم شێوە فەرمانڕەواییە ئەدەن. تۆتالیتاریزمی جیهادیی هێشتا ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە دەیەوێ شێوازی دەسەڵاتەکەی بە جیهاد بەدەست بهێنێت.

لە قورئانیشدا بەکارهێنانی زەبروزەنگ القتال بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام رێگەپێدراوە. ئەوە لە مێژودا لە کاتی داگیرکاریە جیهادیەکاندا بەکار هاتوە. هەر کەسێک ئینکاری ئەوە بکات نە ئاگاداری ئایەت و سورەتەکانی ناو قورئانە، نە ئاگاداری مێژووی ئیسلامە. تۆتالیتاریزمی جیهادیی هەر هێشتا ئایدۆلۆژیای بزوتنەوە ئیسلامیە دیارو نادیارەکانە، کە دەیانەوێ فۆرمێکی دەسەڵاتدارێتیی بە رێگەی جیهاد بەدەست بهێنێت. لە قورئانیشدا بوونی جیهاد هەیەو بەکارهێنانی توندوتیژیی (القتال)

**لە مێژووی نوێدا رۆژئاوا بە هۆی شارستانیەتەوە ئیسلامی بردە دواوە، ئیسلامەکانی سەدەی نۆزدە کاردانەوەی خۆ گونجاندنیان هەبوو**

ی لە پێناوی بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا گرتۆتە خۆی و لە مێژووی داگیرکاریەکانی ئیسلامدا بەکار هێنراوە و هەر کەسێک نەهی لەوە بکات نە ئاگاداری ئایەتەکانی قورئانەو نە مێژووی ئیسلام. هەرچەندە جیهادی کلاسیک جەنگخواز بوون، بەڵام ئەو جۆرە تیرۆریزمە نەبوو بە تێگەیشتنی ئەمڕۆی پۆست کلاوزەڤیتس بۆ جەنگ.

هەرچەندە باس لە لیبەرالیزمی ئیسلامی و لە تۆتالیتاریزمی ئیسلامی بکرێت، بەڵام هەردوکیان ئیسلام بنەمای سەرەکییانەو لە بۆچونەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ ئیسلام. دروستبوون و فراوانبوونی ئیسلامیزم وەک بزوتنەوەیەکی تۆتالیتێر باکگراوندێکی مێژوویی خۆی هەیە.

لە مێژووی نوێدا رۆژئاوا بە هۆی شارستانیەتەوە ئیسلامی بردە دواوە. ئیسلامەکانی سەدەی نۆزدە کاردانەوەی خۆ گونجاندنیان هەبوو، هزری رۆژئاوایان وەرگرت سەبارەت بە مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوە هەرچەندە مۆدێلی دەوڵەت لە قورئاندا نیە. فەشەل هێنانی دەوڵەتە نەتەوەییە سێکولارەکان و قەیرانی موئەسەساتەکانی لە جیهانی ئیسلامدا بوونە هۆی دروستبوونی ئیسلامیزم. کەواتە ئیسلامیزم لە بنەڕەتدا وەک تۆتالیتاریزمێکی نوێش ناکۆکە بۆ پرەنسیپە دیموکراتیەکان کە لەسەر پرەنسیپی سەربەخۆیی گەل و دەوڵەتی نەتەوەیی سێکولار وەستاوە.

نوسەری ئەڵمانی هانا ئارێندت لە مەسەلەی تۆتالیتاریزمدا تەنیا باس لە دەسەڵات ناکات، بەڵکو وەک بزوتنەوەش باسی لێوە دەکات، دەوڵەتان بەرژەوەندی و حیساباتی نەتەوەیی و دەوڵەتییان هەیەو پابەندن بە رێنماییە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا. دژی ئەو دەوڵەتانەی کە پابەند نابن بە رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە دەکرێ سزای نێودەوڵەتی بسەپێندرێت بەسەریاندا وەک دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان و ئەوانەی پشتی تیرۆریزم دەگرن و پابەند نابن بە رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، وەک ئەوەی بەرامبەر عێراق بەعس و ئەفغانستانی تالیبان و تورکیاش کراو دەکرێت، بەڵام بەرامبەر بە بزوتنەوە جیهادیە سەرانسەریەکان، وەک القاعیدەو داعش و بۆکۆ حەرام ئەوا پراکتیزە کردنی ستراتیجیەکی لەم جۆرە کارێکی ئاسان نیە بەرامبەر بە بزوتنەوەیەکی تۆتالیتاری جیهادی نادەوڵەتیی چەکداریی ئیسلامی سیاسی.

لایەنە نادەوڵەتیەکان بە پێچەوانەوە بۆنمونە لایەنە ئاینیە فەندەمینتالیستە بزوتنەوە جیهادیەکانی ئەنجامدەرانی جەنگ خزاونەتە دەرەوەی بازنەکە.

مەترسیەکە لێرەدا تەنها زەبروزەنگ نیە وەک میتۆدێکی تیرۆر بەڵکو مەترسیە بۆ سەر ئازادیی کۆمەڵگە، هەربۆیە لێرەدا دەکرێ باس لە هەڕەشەی جیهادیی بکرێت لە شێوەی تۆتالیتاریزمە نوێکە بۆ کۆمەڵگەکان بە گەورەترین هەڕەشەو تەحەدای سەدەی ٢١ دەبینرێ.

لە دوای کۆمۆنیزمی ستالین و فاشیزمی هیتلەر بە تێزەکانی هانا ئارێندت و کارل پۆپەرس و ماکس هۆک هایمەرس، جیهادیزمی ئیسلامیی نوێترین جۆری تۆتالیتاریزم بەدەی دەکرێت. ئەم شێوە تۆتالیتاریزمە لەبەر ئەوە کاریگەرترو لە هەمان کاتدا مەترسیدارترە، وەک لە تۆتالیتاریزمە کۆنەکە چونکە لەسەر بە سیاسەت کردنی ئاین بنەمای وەرگرتوەو بەمەش شەرعیەتێکی ئاینیی بڕوا بوون ئەدات بە خۆی. لێرەدا بە ئایدۆلۆژی کردنی ئاین کاریگەرترە وەک لە هەر ئایدۆلۆژیایەکی سێکولار.

تۆتالیتاریزمی نوێی ئاینیی خۆی وەک جیهادیست دەبینێت و تەنیا لەبەر ئەوەشنا کە وەک چالاکوانێکی سیاسی ئامادەیە بۆ زەبروزەنگ، بەڵکو بۆ باوەڕێکی ئاینییشە، کە بۆ حوکمڕانیی خودا لەسەر ئاستی جیهاندا دەجەنگێت. ئەم کۆمەڵە مرۆڤە ئیسلامیانە سەرەڕای جیاوازیی کەلتوری و ئیتنیکییان جیهانبینیەکی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت کە ئاینە. لێرەدا ئاراستەیەکی ئیسلامی سیاسی کار لەسەر بە سیاسی کردنی ئەم جیهانبینیە دەکات. ئایدۆلیۆژیای جیهادیزم لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتوە. بسام تیبی، بە ڕەچەڵەک سوری و پسپۆر لە بواری ئیسلامدا ئاگاداریی ئەوە ئەدات کە ئیسلام و ئیسلامیزم هاوتا نەکرێن بە یەک و ڕای وایە «جیهادیزم کار بۆ دار

> ## دەوڵەتی ئیسلامی هەن کە بە ڕێگەی دامودەزگای دەوڵەتیەوە دەیانەوێ خەوی دەوڵەت و ئیدارەیەکی خودایی بهێننەدی

الاسلام دەکات کە جیهان بگرێتەوەو بەوەش ئەو تۆتالیتاریزمەی نوێنەرایەتی دەکات هەڕەشەیەکی سیاسی جیهانیە. ڕیفۆرمێکی مۆدێرن بۆ ئیسلام بە جیهانبینیەکی لیبرال و دیموکرات و میانڕەو دەتوانێت ببێتە ئالتەرناتیف بۆ جیهادیزمێکی عەسکەریانە«. سەرجەم ڕێکخراوە ئیسلامیە تیرۆریستەکان دروشمی جیهادیان هەڵگرتوە (جیهاد لە میسر، جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین، جیهاد لە کشمیر، لە ئەندەنوسیا ..تاد) کە ئەمانە هەڕەشەی جیهادیین چ بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی و چ بۆ ئەو موسوڵمانانەی وەک ئەوان بیر ناکەنەوە.

ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم خوتبەی ئیدارەیەکی خودایی ئەدات کە سەرەتا بۆ جیهانی ئیسلام و دواتر سەرجەم مرۆڤایەتی بگرێتەوە، ئەوەش ئەو تۆتالیتاریزمە نوێیەی سەدەی بیست و یەکەمە. بەڵام بە پێچەوانەی فاشیزمی نازی و کۆمۆنیزمەکەی ستالین ئەم تۆتالیتاریزمە نوێیە ئیسلامیە نەبۆتە ریالیزمێک. ئیسلامیەکان بە پێچەوانەوە بزوتنەوەیەک پێکدینن کە لە توانایدایە ملیۆنان موسوڵمانی بێهیواو دوو دل بۆ ئامانجەکانی خۆی مۆبیلیزە بکات.

دەوڵەتی ئیسلامی هەن کە بە ڕێگەی دامودەزگای دەوڵەتیەوە دەیانەوێ خەوی دەوڵەت و ئیدارەیەکی خودایی بهێننەدی. هەندێکی تر دەیانەوێ ئەم ئامانجە بە ڕێگەی توندوتیژیەوە بە ئەنجام بگەیەنن، کە بریتین لە جیهادیستەکان. هەڕەشەی جیهادی ئیسلامی لە سەدەی ٢١ دا گەورەترین بانگهێشتی پێکدادانە بۆ ڕۆژئاواش. ئەو تیرۆریزمەی کە لە جیهادی ئیسلامیەوە سەری هەڵداوە ناکرێ وەک کاری باندێکی موجریم و شێت بچووک بکرێتەوە، بەڵکو بزوتنەوەیەکی سیاسی ئاینیی مەرکەزیی لە پشتەو هەرەشەیەکی جیهادییە.

ئەوەندەش پرەنسیپی جیهاد وەک ئامرازی ویستی خودا پیادە بکرێت لە پێناو سەرخستنی ئیسلام بەسەر «بێ باوەڕەکاندا» ئەوا فوندەمێنتی تیرۆرو چەوساندنەوە بە ئاسانی ناشکێنرێت، ئەوەندەش بیرکردنەوەی دەست نەبردن بۆ ئاین هەبێت ئەوەندەش ناکرێ دەسەڵات لەلایەن گەلەوە پیادە بکرێت.

فاشیزم جۆرێکە لە ئاینی سیاسی.
دواکەوتوەکانی وا بیردەکەنەوە خۆیان
لە ڕاستیەکی موتڵەقدا دەبیننەوە.
لە هەڕەمی سەرەوەیدا سەرۆکێکی
کاریزمایی هەیە کە موهیمەیەکی




پیرۆزی پێدراوە بۆ یەکخستنی نەتەوەو سەرکەوتن بەسەر دوژمندا. ئایدیۆلۆژیای فاشیزم هەوادارەکانی ژەهراوی دەکات بە رق و کینەو جیهان دابەش دەکات بەسەر هاوڕێ و دوژمنداو هەڕەشە لە نەیارەکانی دەکات. دژ بە مۆدێرنەو مارکسیزم و جولەکەو ئازادیەکانەو ئامادەی قوربانی دانیشە. هەموو ئەم خەسڵەتانە ئیسلامیزمی مۆدێرنیش دەگرێتەوە کە هاوکات لەگەڵ فاشیزمی ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابوردو دروستبووە. چ فاشیزم و چ ئیسلامیزم لە هەناوی یان هەست بوونێکی دۆڕاوەوە سەری هەڵداوە. هەردوو ئاراستەکە ئامانجێک پێکیانەوە دەبەستێتەوە ئیمپراتۆریەتێک پێک بهێنن بە دەسەڵاتێکەوە کە وێرانکردنێکی موتڵەق دوژمنەکانی پێشینەیەتی. بزوتنەوەی فاشیزم لە ئەڵمانیا ناسیۆنالیزم و رەگەزی ئاری کردبوە بنەمای ئایدیۆلۆژی، لە کاتێکدا ئەوی تریان قەناعەتی بە باڵادەستیی موسوڵمانان هەیە بەرامبەر بە بێباوەڕەکانی پاشماوەی مرۆڤایەتی و بڕوای بە دەست نەبردنە بۆ قورئان، وەک بەرنامەیەکی دەست بۆ نەبراو کە گوایە هەموو شتەکانی لەخۆ گرتوە. ئیسلامی سیاسی وای دەبینێت کە موهیمەیەکی خودایی پێدراوە کە لە دەرەوەی شوێن و زەمەنیشدا دەبێت بە دەست بهێنرێت.

# رۆژەڤا باشوور!



ئازادیا کۆمەڵگە
زەروان توراقی

د دیرۆکا نەتەوان دا هندەك قۆناغ هەنە کو چارەنڤیس سازن، نهۆ کورد دڤێ قۆناخێ دا نە، ل ئالیەکی کەفتیە ناڤا شەرەکە جهانی و ل ئالیەك دی ئەو ماڤێ وێ یێ کو د سەرێ سەدسالا بیستان دا ژ دەست هاتبوو ستاندن نێزوکە وی ماڤێ خوە بدەست بینیت. ئەڤە ژ بۆ نەتەوەکە وەك کورد کو ب پەیمانێن ناڤ دەولەتی هاتیە پارچە کرن قۆناخەکە زێرینە.

باشە کێ چەوا و ژ بۆ چ تێکلداری ڤێ قۆناخێ دبیت؟ دەمێ مرۆڤ ل رۆژەڤا باشوورێ کوردستانێ دنێڕیت هندەك دیمەنێن کو تێرا خوە خاڤن دەردکەڤنە پێشبەری مرۆڤی. مژارا گشت پرسینێ مژارەکە کو پێویستە هەر کەسەکێ کورد ب جدی سەرێ خوە پێڤە بێشینیت. پر جاران ل سەر شاشا تەلەڤزیۆنان دەردکەڤن کو ب مەبەستا ئاراستەکرنا گەل دەردکەڤن، و دهێتە گۆتن «پێدڤیە نەبیتە مژارەکە حزبایەتی» وی دەمی پڕسیار ئەڤەیە کو ئەڤ حزبە ژبۆ چ هەنە و ژبۆ چ سەروەت و سامانێ ڤی گەلی بۆ وان دهێتە مەزاختن؟ مژار بگشتی ب ئاوایەکێ بەرفرە مژارەکا حزبایەتی یە. بێ گومان مەبەستا گەلێ کورد ب تایبەت یێن ل باشورێ کوردستانێ ژ ڤێ گۆتنێ، بێ باوەریا وان بەرامبەر ڤان حزبان ددەتە دیار کرن. لێ د ڕەوشێن ئاسایی دا ئەڤ حزبە ژبۆ خزمەت و پێشەنگاتیێ هاتینە دامەزراندن. ئەڤە دەمەکە کو تەماشە دکەم کانێ کێ دێ مژارێ وەکە جڤاکی و سیاسی دەتە نیقاش کرن، خەلکەك هەیە کو دڤێ هەوڵدانێ دایە، لێ دەستهەلاتێ تشتەکە وەسا ڕێکخستن کریە کو ب هەر ئاوایی دکارن ڕۆژەڤا جڤاکێ و

> **کو مژار بتەنێ ل دەردۆرێ پەدەکێ دهێتە نیقاش کرن وەسا ددەنە دیار کرن کو تو دبێژی قەی دەرڤایی (پ د ك) هێزەکا دیتر ل کوردستانێ نینن**

جەماوەرێ وێ هەلخەلەتینن.

یا ژ هەمیا خەلەتي تر و نەڕاست تر ژی ئەوە کو مژار بتەنێ ل دەردۆرێ پەدەکێ دهێتە نیقاش کرن. وەسا ددەنە دیار کرن کو تو دبێژی قەی دەرڤایی پ.د.ك چ هێزەکا دیتر ل کوردستانێ نینن. دەمێ وەسا ژی دبیت ئەڤە کارتێکرنەکە نەباش لسەر گەل ددەتە چێ کرن. ب واتەیەکە دیتر لسەر ناڤێ پ.د.ك ی و د بەرژەوەندیا وێ دا شەڕێ تایبەت دهێتە مەشاندن. پ.د.ك بخوە ژی دناڤاهەولدانەك وەسا دایە کو ڕۆژەڤێ بتەڤاهی بکەتە یا خوە، د قوناغا هەلبژارتنان دا ناڤێ ڤێ دزینا ڕۆژەڤا گەلە. دز د کارێ خوەدا سەرکەفتیە ژبەر کۆ ماڵ بێ خودانە. دگەل ڕۆژەڤا ڕیفراندۆمێ ئامادەکاریێن هەلبژارتنێن ٢٠١٧ێ دهێتە کرن، نهۆ پ.د.ك ب دەسپێشخەریا ی.ن.ك ی ێ هەوڵ ددەت کۆ ژ ڤێ ڕەوشێ مەغدوریەتەکا نەتەوی دەربێخیت.

هەر ژ نهۆدا ئەم دکارین پێشبینی بکەین کۆ دێ د دەمێ هەلبژارتنان دا زمانەکێ چەوا بۆخوە بکار ئینن،: «مە سەربخۆبونا وەڵات خواست لێ وان نەهێلا» هەر ژ ڤی دەمی ژی دیارە کو دێ کێ تاوانبار دەرێخن؛ بزاڤا گۆران، دخوازن پ.ك.ك و لایەنێن

دەردۆرێ وێ ژی کو ب هزر و بیرێن سەرۆك ئاپۆ ل باشورێ کوردستانێ کار دکەن د هەمان فۆڕماتێ دا بنرخینن. لێ تەڤگەرا ئازادی ب داخویانیەکێ ژ دەسپێکێ ئەڤ ڕێکە لبەر وان دا گرتن.

ب هەوڵدانێن ك.ن.ك؛ێ د بنەکۆك دا ڕۆژەڤا ڕاستەقینەیا وەڵات و نەتەوەیا مە هاتە پێش. بێ گومان هەر کوردەکێ سەرخوەبوونا کوردستانێ دڤێت. ئەڤە نەمژارا نیقاشێ یە، ئەم ژ ئەزموونێن گەلان دزانین کو گەل بتنێ دکارن ب بەرنامە و پلانێن هەڤبەش ڤان قۆناغان دەرباس بکەن. ژبۆ کو ڕێك ل بەر یێکەتی و پڕۆگرامێ کوردان یا هەڤبەش بوونێ بهێتە گرتن هندەك دەردۆر کەتنە لەزگینیێ و نۆکە ژی د قادا ناڤدەولەتیدا ب تنێ ماینە. لەوما گرنگە کو چ کەسەك ل کوردستانێ نەکەڤیتە خەفکا ڤێ چەمکا بەڕەڵایی. ل وەڵاتەکێ کو ئەڤە دوو ساڵن پەڕلەمانێ کو ژلایێ گەل ڤە هاتیە هەلبژارتن دەگەهێ وێ هاتیە پڕۆم کرن و گرتن. ب کوردی ئەڤە لسەر زەویا هاتی دروون بازاڕ کرنە، ئانکۆ ژبۆ خوە ڕۆژەڤ ڤەهاندنە. هندی کۆ مژارا قەپات مانا پەڕلەمانی هەبیت، بلا کەس گوهێ خوە نەدەتە ڤان حزبێن کو د پەرلەمانیدا ئەندامن.

ڕۆژەڤا کو ئیرۆ خوە ددەتە بەرچاڤان ئەڤ گشتپرسیا( ڕیفراندۆما) هەیی یە، لێ د بنەکۆکا خۆدا ڕۆژەڤ نەئەوە، ڕۆژەڤا ڕاستەقینە ئەوە کو هەر ڕۆژ چەندین گەنج ژبەر کو ل وەڵات ژ پێشەڕۆژ و داهاتیا خوە بێ هیڤي نە، وەڵاتی بجی دهێلن و دچن و ل دەریایان دا دخەندقن، و بەشەك ژی ژلایێ ئیرادی و ئەخلاقی وندا دبن. نۆکە ل باشور ئەو پێشەیا کو ژ هەمویا باشتر پارە پێڤە دهێت چیە؟ مانە چۆلکرنا وەڵاتی ژ گەنجانە؟ د گەل ڤاڵا کرنا کوردستانێ ژ گەنجێن کوڕ، ڕەوشا ژنێن گەنج دبیتە چ؟ ڕۆژێ چەند ژ وان دمرن، و چەند هیڤیا وان ژ ژیانێ دهێتە بڕین و چەند ژ وان دهێنە سۆتن و چەند ژ وان ڕاستی دەست درێژیان تێن؟! باشە ئەڤە ڕۆژەڤا کێ یە؟ هندەك پڕسیار هەنە کو پێدڤیە پێداچۆن لسەر بهێتە کرن، پڕسیارێن کو بەرسڤێن وان هەنە لێ پا دڤێت بهێنە پەیدا کرن و دان. ئەو بەرێزێن کو نك دلێ خۆ ب ڕۆژەڤا گەل ڤە مژول دبن، ڕۆژێ چەند جاران ل ناڤ کۆلان و تاخ گوند و دەڤەرێن کو د وێرانیێ دانە دا دگەڕن و بەرسڤا وان پڕسان تێدا دبینن؟! ڕۆژەڤا قەیرانا ئابۆری ل باشور ژبۆ ئامادەکرنا ڕیفراندۆمێ هاتە پێش خستن، ئەڤە د داخویانیێن نێچیرڤان و قوباد دا ئەشکەرەیە. ل دەمەکێ کو گەل ب ڤان هەموو کێشەیێن جڤاکی ڤە ڕووبەڕوو مایە، ئەڤ بەرپرسانە ڕێکەفتنێن ب ملیۆنا دۆلاران ئیمزا دکەن. ب ڤان ڕێکەفتنان ژی شانازیێ دکەن و ئەڤە هەمان بەرەنە کو ل سەر شاشەیێن تلەڤزۆنان نیگەرانیا خۆ لبەرامبەر کێەیێن قەیرانان دەردبڕن. ژبۆ ڤێ مژارێ د مەتەلۆکێن کوردیدا دبێژنێ: «دگەل گورگی دخۆت و دگەل شڤانی گری و شینێ دکەت»

لەوما چارەنڤیسا مە ل باشورە. د ڕاستیێ دا ڕۆژەڤەکا گرنگ هەیە، لێ برۆهنی نەدیارە، پێدڤی ب ڕۆژەڤا هشیارکرن و پەروەردەکرنا گەل هەیە. نەك ب میناکا ڤان بەرنامەیێن کو هیڤیا گەل بتایبەت یێ گەنجان دڕۆخینیت. ل سەر ڤان ئەکرانێن تلەڤزیۆنان هندەك بەرنامە هەنە کو مرۆڤ دبێژیت قەی ل وەڵاتەکێ خەوناندا دژین. خەلکەك هەیە کو ب دوو شێوازان دکەڤنە ناڤا ڕوبارێ پ.د.ك دا و دگەل دمەشن: یێك ڕۆژەڤا ڕیفراندۆمێ یە کو دهێتە نیقاش کرن و یا دی ژی بتایبەت ب مژارا مادە و برسیبۆنێ دهێتە نیقاش کرن، ئەڤ هەردووکە ژی هەر ئەو تشتن یێن کو پ.د.ك؛ێ ددەنە خودانکرن. ل ڕاستیا ئەردۆغان بنێڕن کو ئەڤە ١٧ ساڵن کو ب هەمان پڕۆگرامی لسەر دەستهەلاتێ یە. برسی دکەت و نەچاری هەوجەییێ دکەت و ئیرادەیا وان بخوەڤە ددەتە گرێدان. نهۆ ئەڤە سی ساڵن یا کو ل باشوور هاتی کرن هەمان تشتە. ئەڤە نە تشتەکە کو بڕەنگەك سروشتی پێك هاتییە، ئەڤە د چارچۆڤەیا پڕۆگرامەکێ سیستەماتیك یا درێژ ماوەدا هاتیە مەشاندن.

ل تورکیێ ژی د چەند ساڵێن دەسپێکێن دا ئیجاخا ئەردۆغان، دەرێ خەزینێ ڤەکر و هندەك دەردۆر تێر کرن، پاشی ژی ئەوێن کو ب کەفچکا تێر کرین، ب مەڕپێلان دیسان ژێ خوارنەڤە. ل باشور ژی دساڵێن بۆریدا وەکە دهێتە زانین ب

> **چارەنڤیسا مە ل باشورە، د ڕاستیێ دا ڕۆژەڤەکا گرنگ هەیە، لێ برۆهنی نەدیارە، پێدڤی ب ڕۆژەڤا هشیارکرن و پەروەردەکرنا گەل هەیە**

هەر شێوازەکێ گەل فێری مووچەخوریێ کرن، و ئەڤە چەند سالن ژی کو دیسا ژێ دهێتە ستاندن. هەلبەت یاکۆ دهێتە کرن نەتشتەکە کو دەستهەلاتێن ل باشور پێش ئێخستین، ئەو ژی لگۆری دەرفەتێن خۆ ڤێ پڕۆگراما دوژمنێن مرۆڤاهیێ پێك دئینن. دئەنجامدا یاکو لسەر کارە سەرمایەداریا دەرەکی و یا ناڤخۆیی یە. یا کۆ پێدڤیە ببیتە ڕۆژەڤا مە ئەڤەیە کۆ؛ ئەڤ گەلێ بەرخوەدێر چەوا وەسا زوو ب ڤێ یاریێ هاتە خاپاندن و تەسلیمی ڤێ لەیستۆکێ بۆ، چەوا وەسا زوو باوریا خۆ ب ڤێ پڕۆگراما ڕۆخێنەر ئینا؟! پارە و ژیانا خوارن و ڕازانێ و بێ بەرنامە ژیان کرن و بێ سەروبەری چەوا بۆ سەرەوەرێ ژیانا ڤی ملەتی، ئەڤەیە پرسیارا سەرەکە. ئەم ژ مێژویا پێخەمبەران دزانین کو دەمێ خرابی بەڵاڤ دبیت غەزەب و بەڵا ژی ژلایێ خودێ ڤە بسەرێ جڤاك و خەلکان دا دبارن، باشە غەزەبا کۆ ئەڤرۆ بسەر گەلێ مەدا باری ما نەبەسە بۆ کو تێرا خۆ ئەم ئەزمونان ژێ وەرگرین. ڕەشەبایەك وەکە داعش بسەر گەلێ کورد دا هات، د ڤان سەدسالێن بسەر کوردان بۆریدا تێرا خۆ ئەزموونن، بەس تشتەك ژێ کێمە، ئەو ژی ئەزمون گرتنا ژ ڕابردوویە.

ئەم جارەکە دی بزڤرینە سەر ڕۆژەڤێ، ل سەر شاشەیێن کو ب گەندەلی هاتینە ئاڤاکرن بلا ئەو بەرێزانە لسەر پڕۆپاگندەیا گشتپرسیا خۆ هەر بەردەوام بن. بلا ئەم ژی ل کۆلان و تاخ و گوندان ڕۆژەڤا ڕاستەقینە دگەل خەلکێ خۆ نیقاش بکەین. ڕۆژەڤا گەل لسەر پڕۆگرامەکێ کو هەم بکاریت ڕێنماییەك بیت بۆ ژیانا وان و هەم ژی ورەیا وان بدەتە بلند کرن. مۆدێلا نەتەوا دیموکراتیك د ڤێ بارودۆخێ دا ژ بۆ ژیانێ زۆر گونجایە. دەمە کو دناڤ پڕۆژا نەتەوا دەموکراتیك دا هوربین بین. مۆدێلەك وەك یا ڕۆژاڤا ل بەر چاڤێ مەیە و ئەم ل باشور دکارین بکەینە پڕۆگرامێ کاری یێ تەڤگەرا ئازادیا جڤاکا کوردستانێ. ژبۆ ڤێ پڕۆگرامێ گەل لهەر جیەکێ ئامادەیە، ژخوە گەل هەموو گاڤا یێ ئامادەیە، یێ کو بێ ئامادەبوونە ئەم بخوەنە. ڕێبەر ئاپۆ د

> ## ل کوردستانێ (پ ك ك) تنێ وەك هێزەکە چەکداری دیتن شاشیەکە دیرۆکی یە (پ ك ك) ل کوردستانێ فەلسەفەیەکا نوویا ژیانێ یە

دەمێ بڕیارا ك.ج.ك دا دروشمەك پێش خست « هەرنە سەر کاری» ژبۆ ئاڤاکرنا پەرگالا سیستەما نەتەوا دیموکراتیك و مودێرنیتەیا دیموکراتیك هەر حەژێکەرەکێ فکر و ڕامانێن ئاپۆ دڤێت کو لسەر کار بکەت. گرۆپ زۆڕن، ل هەرقادەکا ژیانێ کار هەیە. گەنجێ کو چاڤەڕێ کارەکێ یە بلا بفەرمۆت، ئاڤا کرنا مۆدێرنیتەیا دیموکراتیك چاڤەڕێ وی دکەت. نەژبۆ بەرژەوەندیێن شەخس، بەلکە ژبۆ باوەریا ڕحێ بەرپرسیاریا خۆ و ئەڤینداریا لبەرانبەر مرۆڤاتیێ. خۆ ژ ڕۆژەڤێن سەختە و کاراکتەریا وێ ئەو دەستهەلاتدارن کو تو دبێژیە وان دز و گەندەلکار، ڕزگار بکە و ب شێوازێ وان کار نەکە و نەژی.

پڕسا مە یەکێتیا نەتەوەیی ل سەر بنەمایێ نەتەوا دیموکراتیك؛ە. ڕۆژەڤا مە ئەڤەیە. د ڤی دەمیدا جڤاك ئێم و بەرهەڤە ل باشور چاڤەڕێ هەڤرێتیا ڕێبەر ئاپۆ دکەن. لێ ل ڤێدەرێدا ژی ئاراستەکرنەك شاش هەیە، چاڤەڕێ دکەن کو پ.ك.ك ب چەکان داکەڤیتە قادان، ئەڤە ژی هەلخەلەتاندنەکە، ل کوردستانێ پ.ك.ك تنێ وەك هێزەکە چەکداری دیتن شاشیەکە دیرۆکی یە. پ.ك.ك ل کوردستانێ فەلسەفەیەکا نوویا ژیانێ یە. وەك مە لسەری باس کری، پێدڤیە ئەم بەر ب ڕۆژەڤێن ڕاستەقینەڤە بچین. گەلێ ڕێکخستن کری دکاریت خوە ژ بن ستەمکاریێ ڕزگار بکەت. کەس ژ دەرڤەی هێز و ڕێکخستنێن گەوهەری نکاریت نەتەوان ڕزگار بکەت. پ.ك.ك فەلسەفەیەکە کو کەسێن هەلگرێ ڤێ فەلسەفێ پێدڤیە خوە و ژیانا خوە لگۆری وێ هزرینێ پراکتیزە بکەن، و تەڤلی ڤێ فەلسەفێ بیر کرن و لگۆری ژیانا هەیی برێڤە چۆن و ژیان کرن دگەل هەڤدوو ناگونجن. ئەڤە مە ددەتە خەلەتاندنێ و ڕۆژەڤێ لبەر مە ددەتە وندا کرن و مە دێخیتە خزمەتا ڕۆژەڤا دەستهەلاتداریا هەیی. لەوما ل دەمەکێ کو ئەم ژبو جڤاکێ ڕۆژەڤێ ئاڤا دکەین د هەمان دەمێ دا ژبۆ خوە ژی ڕۆژەڤا هەڤاڵ بوونێ ئەساس بگرین. د وەڵاتێ مەدا هاتیە باورکرن کو ب شێوازێ بەرێ ژیانکرن نەپێکانە. ل گۆڕەپانا ژیانێ دەرەبەگ بوون و مودێلا سەرمایەداری هەردوو ژی ئەنجامێن وان قەیرانن و بێ هیڤي بوونن و کێشە نە. د بنگەە دا هەول دهێتە دایین کو ڕۆژەڤا جڤاکێ ب ڤان دوو شێوازان بهێتە پڕ کرن. ئەڤ هندە بێزاربوونا ژ وەڵات ژی چاڤکانیا

خوه ژ ڤێ ئەگەرێ دگریت. ل دەمەکێ کو زنجیرە دراما و فلیمێن تورکان، کو خۆ حەتا دەربڕینێ ژ ڕاستینەیا جڤاکا تورك ژی ناکەن، و ل ئالیەکێ دیتر فلیمێن کۆری کو قەت پەیوەندیا خۆ ب دەرەبەگیا کوردان ڕە نینە د شاشێن تلەڤزیۆنان و ڕکلامێن وێ دا ڕۆل دگێڕن، گەنجێ مە دێ چەوا هزرکەت و بەر ب کیڤە چیت؟! ئەو ژی ل دەمەکێ کو ل دبستانا پرۆگرامەك کو تێرا خوە ژ زانستا سەردەم و جڤاکێ دوورە دناڤدا ڕۆڵ دگێڕیت.

ژبۆ بەرهەنگاربونا دگەل دەستهەلاتداریا مەترسیدار و بەدیلەك کو دەرڤەی ڕۆژەڤا کو وان دەستنیشان کری، ڕۆژەڤا گەل و جڤاکێ یە. ل باشور یا کو پێدڤیە قەت لسەر نیقاش نەهێتە کرن مژارا برسیبۆنێ یە، ژبۆ کو ئەڤە خەفکەکە کو دەستهەلاتداران ژبۆ گەل دانایە. نان ئانکۆ ئەو خەزینەیە یاکو ژ جڤاکێ هاتیە دزین، بێگومان پێویستیا ماڵبات و مرۆڤان ب پێداویستیا دەبارا ژیارێ هەیە لێ کارێ شۆڕەشگێران نە کۆیلایەتی ل پێناڤا نانەکێ یە. کارێ شۆڕەشگێران پرۆگرامەکە شکێناندنا وێ و ئاڤا کرنا دەبارەك دەرڤەی وێ سەرچەماندنێ یە. ژخوە ڕۆژەڤا سەرەکە ئەڤەیە. ل وی جهێ کۆ دیتنا تاك و جڤاکێ ڕۆخیا ل وی جهی پێدڤیە سەرژنوو نرخاندن و نرخدایینا هەردۆکان بهێتە ڤەهاندن. ل وی جهێ کو تێ تاکەکەسان گرنگیا خو هەبوو گەنج ژ وەڵاتی دڕەڤن و وەڵاتی چۆل دکەن. ئەڤ ڕەوش دەربڕینێ ژ جڤاکەکا هەڕفتی و تاکەکێ کۆلە دکەت. هەموو هەولێن دەستهەلاتێ ژبۆ ڤێ یە، گەنجێ کو بەرب دەرڤەی وەڵات کۆچ دکەت، گەنجێ خوەدی توانایە، لێ ئەو توانایا کو شاش هاتیە ئاراستە کرن. ژبۆ ڤان گەنجان ئێش و ژان هاتن چێ کرن، نەئەوە کو هیچ تشتەکێ وان نینە، ئەو هزاران دۆلاران ددەن کو بچنە دەرڤەی وەڵات، دڕەوشەکێ دا کو ئەو نزانیت ژی کا دێ ل وێ دەرێ چەوا و ب چ شێوازەکێ ژیت، د ئەنجامدا قەیرانا مرۆڤان و هەڤسەنگیا جڤاکێ دهێتە دروستکرن. لەوما گەنج د ئالیێ هزریدا بڤی ڕەنگی ووندا دبیت. ڕێ لبەر وی هاتیە وندا کرن. ژبەر ڤان سەدەمان ل باشور ڕێپیڤان و مانگتن و بۆیکۆت و چالاکیێن ب ڤێ شێوازێ باشن، لێ گەرکو پرۆگرامەك کو بانگا ژیانا جڤاکێ دکەت نەبیت، وی دەمی بێ ئەنجام دەردکەڤیت. نۆکە ئەو دەمە کو ل باشور پەرگال دکاریت بهێتە گۆهەرتن، تێ یاکو دهێتە خوەستن ژیاندنا کارە، ئەڤە ژی ب پەروەردەکرنا جڤاکێ پێکانە. بەدیلا وێ ڕۆژەڤا مە و پرۆگرامێ مەیە. گەلی گەنجا لسەر کار بکەن.



# دیموکراسی لیبرالیستی و قەیرانی دەسەڵات و حوکمڕانیی لەجیهاندا



ئازادیی کۆمەڵگە
دارا مەحمود

**بەشی یەکەم**

لەناو گەلێک لە خەڵکانی ناو خۆمان و ئەوانەش کە ئەزموونی دیموکراسیان تاقی نەکردۆتەوە و یانیش ئەزموونێکی کەمیان لەم ڕووەوە هەیە، ئەم بیروباوەڕە زاڵە کە لە ئەورووپا و ئەمەریکا، یان ئەوەی بەگشتی پێیدەگوترێت خۆرئاوا، سیستەمێکی بێ هەڵە و کەموکوڕی پیادەکراوە و کاتێکیش شێوازە خۆرئاواییەکانی دیموکراسی وەک نموونە دەگرین پێمانوایە ئیتر ئەوان لەدیموکراسی بوونەتەوە و هەموو کاروبارەکانیان بەوپەڕی تۆکمەییەوە بەڕێوەدەچێت و بۆئێمەش تەنیا ئەوەندە پێویستە هەروەک ئەوان جارێکی تر دووبارەیان بکەینەوە. ئەمەش هەڵەیەکە نەک هەر بەشێک لە ئێمە بەڵکو گەلێک لە وڵاتانیش، بێ ئەوەی لەڕێگای شیکردنەوە و ناسینی بارودۆخ و هەلومەرجە ناوخۆییەکان، ڕێبازی گەشەسەندنی سروشتی بەرەو دیموکراسیی، بگرنەبەر، بەلاساییکردنەوە و هەڵخەڵەتان بە رووکەش تێی دەکەون. و زۆربەی هەرەزۆری جارەکانیش کاتێک باس لەچەمکی دیموکراسی دەکەین تەنیا مۆدێلە خۆرئاواییەکەی ئەمڕۆ، کە هەمان دیموکراسی لیبرالیستییە، لەزەینماندا بەرجەستە دەبێت. لەحاڵێکدا مۆدێلە یۆنانەکیەی دیموکراسی و شێوازی نوێنەرایەتی و شێوازی ڕاستەوخۆی دیموکراسی و لەهەمووشی گرنگتر کاریگەری سیستەمی سەرمایەداریی و لکاندنی ئەم دووانە بەیەکتریەوە پێویستە مژاری باس بن. و جێگای سەرنجی زۆرە کە ئەو دیموکراسییە خۆرئاواییەی ئەمڕۆیی کەبەلای گەلێک لە ئێمەوە تۆکمەو تەواوە، و لای نوێنەرایەتیەکەی خۆشی لەخۆرئاوا سەرسەختانە داکۆکی لێدەکرێت. لای گەلێکانی تر لە بیرمەندان و فەیلەسوف و سیاسەتمەدارانی خۆرئاوا وەها نییە و بۆیەک لەحزەش چییە بێنەوبەرە و ڕەخنە و ڕەخنەی بەرابەر و ململانێی فکری نێوانیان سەبارەت بەوەی دیموکراسی چییە و دەبێ چۆن بێت و چۆن بەسەر ئەم هەموو قەیرانانەدا زاڵ بن، وشێوازی حوکمڕانی چ ریفۆرم و گۆڕانکارییەکی پێویستە... ڕاناوەستێت. و هەر چەندساڵ جارێک تیۆرییەکی نوێ دێتە گۆڕێ، ڕەواج پەیدا دەکات و دەگوترێت کە ئەمە باشترینە. و پاش چەند ساڵ ئەویش ناکامبوونی دەسەلمێت، و یەکێکی تر دێتە گۆڕێ و یانیش جارێکی تر دەگەڕێنەوە سەر یەکێک لە تیۆرییە کۆنەکان.

کاتی خۆی ئەدیبی قسەنەستەقی ئێرلەندی (بێرنارد شۆ) گوتبووی مەسیحیەت تاکە یەک عەیبی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هیچکات تاقی نەکراوەتەوە. و گەلێکانیش لە ڕەخنەگرانی دیموکراسی لیبرالیستی بەسوودوەرگرتن لەم قسەیە گەلێجار گووتوویانە کە عەیبی دیموکراسی ئەمەیە کە تاقی نەکراوەتەوە. واتای ئەمەش دەتوانێ زۆرشت بێت بەڵام یەکەمین واتایەکی ئەمەیە کە دیموکراسی لیبرالیستی ئەو دیموکراسیە خوازراوە نییە، و یانیش ئەوە نییە کە بانگەشەی بۆدەکرێت.

لێرەدا بابەتێکی گرنگی تر ئەمەیە کەلەکاتێکدا دیموکراسی لیبرالیستی لە شوێنە سروشتییەکەی خۆی کە خۆرئاوایە ناکام ماوەتەوە، لەشوێنەکانی تری جیهان، لەئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین... چەندانجار شکەستخواردوترە. و دەبینین نموونەکانی وەک: میسر،

ئوردون، لوبنان، تونس، خوارووی ئەفریقا، ئەرژەنتین، ،مەکسیک، بەرازیل... کە دەگوترێت خاوەن ئەزموونی دوورودرێژن، چۆن قەیران لەدوای قەیرانی قوڵ، و شکەست وگرفتی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یەک لەدوای یەک بەسەریەکدا کەڵەکە دەبن. خۆ نموونە تورکیاییەکەی لەرووی شکەستخواردوویەوە لەهەمووان واتادارترو سەرنجڕاکێشترە. لێرەدا پرسیار ئەمەیە گرفتی دیموکراسی لیبرالیستی لەخۆرئاوا چیە.؟ ئایا گرفتەکە بۆ دیموکراسی دەگەڕێتەوە، یان بۆ لیبرالیزم، و یانیش بۆ هەردووکیان؟ و ئایا لەنموونەکانی تری جیهانیشدا هەمان گرفتە و هەردوو رووبەڕووی یەکجۆر بەربەستن و بەیەک رێگای چارەشدا رەتدەبن؟ . ئایا ئێمەی کورد کەلەم قۆناغەدا لەدوو پارچەی کوردستاندا باس لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و حوکمڕانیی دەکەین، گرفتەکانمان بەوەندە چارەسەر دەبن کە شوێنپێی نموونە خۆرئاواییەکان هەڵگرینەوە. و ئایا بەگشتی لەمڕووەوە دەبێ چی بکەین؟

لەخۆرئاوا ئەم باوەڕە رەواجی هەیە کە هەر باس و لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی دەبێ لە لیبرالیزمەوە دەست پێبکات. چونکە لیبرالیزم ئایدیۆلۆژیای خۆرئاوایە و هەندێ جاریش بە میتا ئایدیۆلۆژیا mete-ideology ناودەبرێت. واتاو مەبەستەکەش ئەمەیە کە لەناو گشت ئایدیۆلۆژیاکاندا ئەمیان باشتر و باڵاتر و خاوەن سیستەمی فراوانترە. کۆمەڵێک ئایدیۆلۆژیای تری رەقیبی خۆشی دەگرێتەوە. و ئەمڕۆ لە خۆرئاوا تەواوی ئایدیۆژیاکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، بەچەپ و راستەوە، سۆشیال-دیموکرات، و کۆنسێرفاتیزمەوە... هەموو مۆرک و رەنگی لیبرالیزمیان پێوەیە. وەک پێشمەرجێکی دیموکراسیش دەناسرێت. بەوپێیەی تاکە فۆرمی سەرکەوتووی دیموکراسی، شێوازە لیبرالیستیەکەیەتی. و یەکێک لەو بنەما سەرەکیانەش کە یەکیەتی ئەوروپای لەسەر دامەزراوە هەمان دیوکراسی لیبرالیستیی libral democracy یە.

**لیبرالیزم، لەچاو ئایدیۆژیاکانی تردا کەمتر جۆراوجۆریی و فرەیی تێدا بەدیدەکرێت**

لیبرالیزم بەرهەمی لەناووچونی فیودالیزمە و بەدرێژایی ٣٠٠ ساڵی رابردوو بەرفراوانی بەخۆیەوە دیتوە و گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆی. وهەر لەسەرەتاوە پەیوەندی دانەبڕاوی لەگەڵ سەرمایەداری سەنعەتیدا هەبووە و تائەمڕۆش لەخۆرئاوا ئەو باوەڕە لەئارادایە و رەواجی پێدەدرێت کەنەک تەنیا لیبرالیزم و سەرمایەداریی لازیمەی یەکترن بەڵکو ئەم دووانە پێشمەرجی دیموکراسین و دیموکراسی بێ ئەم دووانە نابێت. بەڵام لەکاتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم پرسانەدا گەلێک رەخنەو سەرنج وگومان سەرهەڵدەدن و بەرلەهەرشت سەرەڕای ئەم هەموو هەڵەو ناکۆکیانە لەتیۆریدا، ئەو جیاوازی و ناکۆکییە زۆرەشە کەلەنێوان تیۆری و پراکتیک، هەروا نێوان دیوە ئاشکرا و شاراوەکان، سەبارەت لیبرالیزم، لەئارادایە.

**جۆرەکانی لیبرالیزم:**

لیبرالیزم، لەچاو ئایدیۆژیاکانی تردا کەمتر جۆراوجۆریی و فرەیی تێدا بەدیدەکرێت. و بەگشتی باس لەسێ جۆری سەرەکی: کلاسیک، مۆدێرن، و نوێ دەکرێت. خاڵی جیاوازیی هەرەسەرەکیش لەنێوان ئەمانەدا بریتییە لەپرسی پەیوەندی تاکەکان بەدەوڵەتەوە و سنووری دەسەڵاتەکانی دەوڵەت سەبارەت ئازادیی تاکەکان.

لەشێوازە کلاسیکەکەیدا، ئەم باوەڕە لەئارادایە کەدەوڵەت بەسروشتی خۆی خواستی گشتیی بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێت و ئازادییەکان سنووردار دەکات. لەبەرئەمە دەبێ کاری دەوڵەت سنووردار بکرێت. هەروا لەلیبرالیزمی کلاسیکدا و لەپەیوەندی لەگەڵ ئابووریدا ئەو باوەڕە لەئارادایە کە ئابووری دەبێ بەشوازێکی تەواو ئازاد و بەدوور لەهەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەوڵەت کاری خۆی بکات، و چونکە بەپێی ئەم باوەڕە باشترین ئاکام بەدەستدێت و سەرمایەداری ئابووری ئازاد١، بەشێوازێکی سروشتی هەلودەرفەتەکان لەنێوان هەمووان دابەشدەکات و دەبێتە دەستەبەری پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووریی و پارێزەری ئازادییەکانی تاک و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی.

بەڵام لەشێوازە مۆدێرنەکەی

لیبرالیزمدا ئەم باوەڕە لەئارادایە کە دەستێوەردانی دەوڵەت، کارێکی دەست لێبەرنەدراوە. و لەئەمەریکا هەمیشە چەمک و دەستەواژەی لیبرال بۆ پشتیوانی لەحکومەتی مەزن Big government بەکارهاتووە. مەبەستیش لە حکومەتی مەزن، ئەو حکومەتەیە کەپتر دەست لەکاروبارەکان وەردەدات و بەڕێوەبردنی ئابووریی و ڕێکخستنی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان وەئەستۆدەگرێت. و ئەم باوەڕەش لەو ئاکامەوە بەدەستهاتووە کە سەرمایەداری سەنعەتی و لەئاکامی ناسەقامگیریی بازاڕەوە فۆرمی نوێی بێعەدالەتی هێناوەتە کایەوە و بەگشتی لیبراڵە مۆدێرنەکان دژی سەرمایەداری ئابووری ئازادن و لایەنگری سەرمایەداریەکن کە لەرێگای دەوڵەتەوە بەڕێوەببرێت و کۆنترۆڵ بکرێت.

شێوازی سێیەم، لیبرالیزمی نوێ Neolibralism جارێکی تر، بەلایەنگیریی ئابووری بازاڕی ئازاد ئاوڕ بەرەو شێوازە کلاسیکیەکەی لیبرالیزم دەدادتەوەو سەرنجی ئەم شێوازە بەوردی لەسەر تاکی مرۆڤ و بازاڕە و کار بۆ کەمکردنەوەی هەرچی زۆرتری دەسەڵات و بوارو کەرتی دەوڵەتی، و گەشەپێدانی کەرتی تایبەت دەکات و پێیوایە لەسێبەری وەها دەوڵەت و ئابووریەکدا توانا و لێهاتوویی تاکەکان گەشە دەکات و ئیتر پێویست نییە باس لەکۆمەڵگە بکرێت.

جێگای ئاماژەیە کە سەرەڕای ئەم سێ جۆرە سەرەکییەی لیبرالیزم ، باس لە ناسیونالیزمی لیبرالیش لەئارادایە.

ناسیونالیزمی لیبرالی وەک تەواوی شێوازەکانی ناسیونالیزم، لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە مرۆڤایەتی بەشێوازێکی سروشتی نەک دەستکرد بەسەر نەتەوەی جۆربەجۆردا دابەشبووە. وهەرنەتەوەیە خاوەن ناسنامەی سەربەخۆی خۆیەتی. وئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، و بەواتایەکی تریش بنیاتنانی دەوڵەت-نەتەوەیە.

**تاکگەرایی**
**individualism**
**بنەمای هەرەسەرەکی لیبرالیزم تاکگەراییە، بەم واتایەی تاک، لەبەرانبەر هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی و یانیش بەگشتی لەبەرانبەر کۆمەڵگەدا پێگەی لەپێشترە**

هەروا باس لەجۆرە دابەشکردنێکی تریش سەبارەت لیبرالیزم دەکرێت. کەلەمەیاندا بەسەر دووجۆری ئابووری و سیاسییدا دابەش دەبێت. لیبرالیزمی ئابووری، لەلایەن فەیلەسوفی ئەمەریکای هێربێرت سپینسەر Herbert Spencer (١٨٢٠-١٩٠٣) ەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. و ئەو باوەڕی وایە کە لەنێوان ئازادیی ئابووریی و سیاسییدا پلەی یەکەم بۆ ئازادیی ئابووریە. بەڵام لیبرالیزمی سیاسیی کەلەلایەن فەیلەسوفی ئینگلیزی ژان ستیوارت میل John Stuart Mill (١٨٠٦-١٨٧٣)ەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، پلەی یەکەم رەوای ئازادیی سیاسیی دەزانێت.

**بنەماکانی لیبرالیزم:**

لیبرالیزم، لەسەر گەلێک بنەما دامەزراوە، و بەپێی ئەو بنەمایانە پێناسەی خۆی دەکات، و بەگشتی بریتین لە: تاکگەرایی، بنەمای ئازادیی، عەقڵگەرایی، بەرابەریی، عەدالەت... ولەبەرئەوەی دوو بنەمای یەکەم سەرەکی تر و دەکەونە پێش ئەوانی تر بەکورتی باسیان لێوە دەکەین:

١- تاکگەرایی individualism : بنەمای هەرەسەرەکی لیبرالیزم تاکگەراییە. بەم واتایەی تاک، لەبەرانبەر هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی و یانیش بەگشتی لەبەرانبەر کۆمەڵگەدا پێگەی لەپێشتر و سەرتری هەیە. لەلیبرالیزمدا تەواوی تیۆری و دیدو سەرنجەکان دەبێ بۆسەر تاک بن. و لەمڕووەوە ناوەندی هەر بیرکردنەوەیەکیشە. بناغەی ئەم باوەڕە لەوەوە هاتووە کە گوایە مرۆڤ بەسروشتی خۆی هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیەتی و بۆئەمەش پشت بەخۆی دەبەستێت. و سەبارەت هەر تواناو لێهاتوویەکیش کەهەیبێت خۆی بەقەرزاری کۆمەڵگا نازانێت. و لەبەرئەمە هەر گرنگیدانێک بەکۆمەڵگە دەبێ بەتاکەکانیدا رەتبێت.

لەبەرانبەر تاکگەرایی لیبرالیزمدا کۆمەڵگەرایی collectivism بەو باوەڕەوە پێناسەی خۆی دەکات کە

مرۆڤ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. و تاک چەندە بەتواناو لێهاتوو بێت پێویستی بەهاوکارییە و لەپەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی تردا تواناکانی بەرجەستە دەبن و هەبوونیان دەسەلمێت. و لەدیدی کۆمەڵگەراییدا، کۆمەڵگە تەنیا بریتی نییە لەپێکهاتەیەک لەتاکەکانی بەڵکو هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی و خودی کۆمەڵگەش یەکەو پێکهاتەی سیاسیی واتادارن.

فەیلەسوفی فەرانسەوی ژان ژاک رۆسۆ Jean Jacques Rousseau (١٧١٢-١٧٧٨)، پێیوایە کە چەمکەکانی وەک: باش و خراپ، ڕاست و هەڵە... لەدەرەوەی کۆمەڵگە هیچ واتایەکیان نییە. و بەر لەپەیدابوونی کۆمەڵگەش هیچ واتایەکیان نەبووە. و مرۆڤی سەرەتایی تەنیا بەدوای غەریزەکانی خۆیەوە بووە. بەڵام ناتوانرێ بگوترێ ئەوەی ئەنجامی داوە باش بووە یان خراپ. لەهەمان کاتدا پەیدابوونی کۆمەڵگە دیاردەیەکی پێویستییە، ولەراستییدا ئەوە غەریزەیە کەمرۆڤ بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگە ڕێنوێنی دەکات.٢

لەگەڵ ئەوەدا کە ئایدیۆلۆژیاکانی وەک ناسیونالیزم، و کۆنسێرڤاتیزم لەرووی تیۆرییەوە کۆمەڵگەران، بەڵام ئەمرۆ لەخۆرئاوا ئەوانیش لەژێر چەتری لیبرالیزمدا تاکگەرایی پەیرەو دەکەنەوە. ئەمەش یەکێک لە پارادۆکس وناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆژای دەسەڵات و حوکمڕانییە لەخۆرئاوا.

تاکگەرایی لیبرالیزم تا ئەو جێگایە دەڕوات کە ئیتر دان بەهەبوونی کۆمەڵگەیەکدا نانێت. و لەهەرناوهێنانێکیش بۆ کومەڵگا نەک بەواتای واقیعی و دانپێدانان بەو هەبوونە، بەڵکو وەک هەبوونێکی زینی و خەیاڵی. و یانیش تەنیا ژمارەیەکی حسابیە. لەمڕووەشەوە کۆمەڵگە ئیتر خاوەنی هیچ بایەخێک نییە. ژیرمی بنتام دەڵێت: (خەڵک وەک چەمکێکی گشتی، نەدەتوانرێ سزا بدرێت و نەدەتوانرێ ئازادیش بێت. و مەگەر وەک چەمکێکی ئەبستراکت دەنا ئەوەی لەواقیعدا هەیە بریتییە لەتاکەکان کە پێیان دەگوترێت: خەڵک).٣

> **لیبرالیزم لەتیۆرییدا هەمیشە لایەنگریی لەتاک دەکات لەپراکتیکدا و لەپەیوەندیی نێوان تاک و چینی سەرمایەداردا لایەنگریی لە سەرمایەدار دەکات**

بیروباوەڕی ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگە تەنیا بەبواری بیرو فەلسەفە و تیۆری سنووردار نەبووە و لە سەر ئاستی سیاسەتیش هەربەهەمان شێوە. کاتی خۆی مارگرێت تاتچەر گووتبووی: (شتێک بەناوی کۆمەڵگە لەئارادا نییە. ئەوەی هەیە تەنیا بریتییە لە تاک و خانەوادە)٤

بەڵام بنەمای تاکگەرایی پڕ لەناکۆکی و پارادۆکسە. لەلایەکەوە دان بەهەبوونی پێکهاتەیەک بەناوی کۆمەڵگەدا نانرێت لەلایەکی دیکەشەوە دەگوترێت تاک خاوەن پێگەی یەکەمینە. ئەگەر تاک خاوەن پێگەی یەکەمینە ئەدی چ شتێک دەچێتە پێگەی دووەمینەوە؟ ئەگەر مەبەست کۆمەڵگە بێت. ئەوان پێشتر گووتویانە کە کۆمەڵگە هەبوونی نییە. کەواتە پێگەی دووەمیش هەردەبێ دیسان تاک بێت. بەمجۆرە چەمکەکانی وەک: تاکی باش و خراپ. تاکی شایستە و ناشایستە، ڕەسەن و ناڕەسەن، بێگانە و خودی... دێنە گۆڕێ و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کەئەمەش بۆخۆی ناکۆکە لەگەڵ بنەمایەکی تری لیبرالیزم کە بەرابەرییە.

یەکێکی تر لەناکۆکییەکانی لیبرالیزم سەبارەت چەمکی تاکگەرایی، لەنێوان تیۆریی و پراکتیکدایە. بۆنموونە کاتێک لیبرالیزم لەتیۆرییدا هەمیشە لایەنگریی لەتاک دەکات لەپراکتیکدا و لەپەیوەندیی نێوان تاک و چینی سەرمایەداردا لایەنگریی لە سەرمایەدار دەکات وەک چین. و کاتێکیش هیچ پاساو و بەهانەیەکی بۆئەم کارەی پێ نادۆزرێتەوە، دەڵێت: کە (چین) هەر لەشێوازی کۆمەڵگە هەبوونێکی واقیعی نییە. و ئەمەش بەم واتایە کە لیبرالیزم لەریشەوە باوەڕی بە ململانێی چینایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی نییە.

ئاربلاستەر دەڵێت: (ئەوان ناتوانن داکۆکی لە (چین) بکەن، بەڵام ناشخوازن هێرشی بکەنەسەر. لەبەرئەمە وای نیشاندەدەن کە شتێکی وا هەبوونی نییە، یان خەریکی لەناوچوونە. دیدی

لیبرالیستی سەبارەت چین، یەکێک لەنموونە کلاسیکییەکانی ناراستگۆییە.)٥

لیبرالیزم لەم هەموو بانگەشەی سەبارەت لایەنگیریی تاک، تەنیا ئەوەندەی نسیبی ئەو تاکە کردووە کە بیکاتە بوونەورێکی خۆپەرستی بێشەرم کە هیچ بایەخێک لە دەرەوەی حەزەکانی خۆی ناناسێت.

هەربۆیە عەبدوڵڵا ئۆجالان دەربارەی لیبرالیزم دەڵێت: (بونیادی زێدەڕۆییانەو بەجانەوەرکردنی تاک تاکڕەوێتی لەلایەن لیبرالیزمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە بەئاستێک گەیشتووە لەئەرزوئاسمان جێگای نەبێتەوە. بەودۆخەی ئێستای تاکڕەوێتی تەنیا لەرەوشی بەردەوامبووندا نییە. بەڵکو ژیان لەگەڵیدا مەحاڵە. نەکۆمەڵگەکەمان و نە هەسارەکەشمان چیتر هێزی بەرگەگرتنی ئەو ژیانە تاکڕەوێتییەیان نەماوە کەبۆ هەر جۆرە گومڕایی ولادانێک کراوەیە و لەهیچ جۆرێکی دیکەی بوونەوەراندا نابینرێت)٦

لەگەڵ ئەودا کە گرنگی مافی تاک و ئازادییەکەی، شیاوی نکوڵیکردن نییە و هەر کۆمەڵگەیەک کە زۆرینەی تاکەکانی ئازاد نەبێت کۆمەگاکەش ئازاد نییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر کۆمەڵگەیەک بوونی نییە. یانیش لەپێگەی بایەخ و گرنگیپێدانیدا نییە. بەڵکو راگرتنی پارسەنگی نێوان بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵگە بەو ئاکامەدەگات کە بەرژەوەندیی هەردوولا بەدەسست بێت و بپارێزرێت. مەگەر دەکرێ تەسەوری تاکێک بەبێ کۆمەڵگە بکرێت؟ ئەگەر ئا! ئەدی باسکردن و خۆهەڵکێشان بە سەروەریی نەتەوەیی و دەوڵەت و دامودەزگاکانی و ئەرتەش و جەنگ... چییە؟ ئەگەر کۆمەڵگەیەک لەئارادا نییە ئەدی بۆچی وەرزشوانانی وڵاتانی لیبرال لەژێر ئاڵای وڵاتانی خۆیان و بەسروودی نەتەوەییەوە بەشداریی یاری و پێشبڕکێکان دەبن ومافی ئەوتاکانە نییە هەرکەس بەناوی تاکی خۆیەوە چالاکی بنوێنێت؟ تاکگەرایی لیبرالیستی وەک لە درێژەی ئەم باسەدا و لەپەیوەندی لەگەڵ ئابووری سەرمایەدارییدا ناڕاسگۆیی و ناکۆکییەکەی پتر دەردەکەوێت، ئەوەی لەم سیستەمەوە بەتاک دەبڕێت تەنیا بواری بەرەڵایی وفرێدانی هەر بایەخێکی ئەخلاقییە. لەخۆڕا نییە کە ئۆجالان دەڵێت:

> **ئازادیی پرسێکی ئاڵۆزو فرەواتا و فرەلایەنە و شتێک نییە تەنیا بەکۆمەڵێک بڕیارو یاساو باوەڕ یەکلاو چارەسەر بێت**

(کاتێک تاک کۆمەڵایەتیبوونی خۆی لەدەستبدات، ئەگەر بەشێوەی جەستەیی لەژیانیشدا بمێنێت، ئەوە یان خائین و نارەسەنە، یانیش سەرسەری و بەرەڵایە. هەردوو دۆخەکەش کوشەندەیە)٧

٢- ئازادیی Freedom یان liberty : بایەخی هەرە بنەڕەتی لیبرالیزم بنەمای ئازادییەکەیەتی. و چەمکی لیبرالیزم لەواژەی لیبرتی وەرگیراوە، کەدەقاودەق بەواتای ئازادیی و بەشێوەیەکی گشتیش بەواتای توانای بیرکردنەوە و ژیان و گوزەران و رەفتارکردن بەوجۆرەی تاک ئارەزووی دەکات و دەیخوازێت.

ئازادیی پرسێکی ئاڵۆزو فرەواتا و فرەلایەنە. و شتێک نییە تەنیا بەکۆمەڵێک بڕیارو یاساو باوەڕ یەکلاو چارەسەر بێت. و یەکێک لەگرفتەکانی ئازایی ئەوبایەخەیە کە بۆ بەدەستهێنانی دەبێ بدرێت. بۆنموونە: ئازادیی لەبازاڕدا دەبێتە هۆی بیعەدالەتی و ستەمکاریی. لەبەرئەمە لیبرالیزم ئازادیی، گرنگترو بایەخدارترو باڵاتر لە عەدالەت، و بەرابەریی و هاوشێوەکانیان دادەنێت. هەروا لەنێوان ئازادیی تاک، و کۆمەڵگەدا لیبرالیزم پارسەنگی خۆی بەلای تاکدا دادەشکێنێت. بەڵام لەبەرئەوەی پێشوەخت ئەو ئەگەرە لەئارادایە کە ئازادی کەسێک ببێتە رێگر لەبەردەم ئازادی کەسێکی تر و ئەگەر سنوورێک بۆ ئەو ئازادییانە لەئارادانەبن کۆمەڵگە دەشێوێت و بەردەوام تاکەکان ئازادییەکانی یەکتر پێشێل دەکەن. لیبرالیستەکان لایەنگریی لە دانان و پەیڕەوکردنی یاساگەلێک بۆ رێکخستنی پەیوەندیی تاکەکان بەیەکتریەوە و راگرتنی پارسەنگی ئەو ئازادیانە دەکەن.

لیبرالیزم بەگشتی سێ پرسیار لەپەیوەندی لەگەڵ چەمکی ئازادیدا دەخاتە ڕوو، وەڵامەکانیشیان دەداتەوە: یەکەم: ئازادی بۆ کێ؟ بۆتاک. دووەم: ئازادی لەچی؟ لەهەرشتێک تاک کۆتوبەند بکات و دەست لەکاروبارەکانی وەردات، ناچاری بەکارێک بکات کەنایخوازێت. و لەبەرئەمەش ئەو هێزەی کەزۆرترین

کۆسپ لەڕێگای تاکەکان دادەنێت دەوڵەتە، کەواتە لەئاکامدا وەڵامی لیبرالیزم بۆپرسیاری دووەم بریتیە لە: ئازادیی لەدەستێوەردانی دەوڵەت. سێیەم: ئازادیی بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئازادیی بۆخۆی باڵاترین ئامانجێکەو پێشمەرجی گەیشتن بە هەرئامانجێکی ترە.

بەڵام ئەوەی کە لیبرالیزم لەتیۆریدا بانگەشەی بۆدەکات، لەپراکتیکدا بەجێی ناهێنێت و ئەمەش نەک تەنیا بەشیکردنەوە بەڵکو بەپشتبەستن بەدەیان و بگرە سەدان نموونە دەسەلمێت کە لیبرالیزم نە تاکگەرایەو نەکۆمەڵگەرا بەڵکو سیستەمێکی خۆپەرست و خۆویستە کە هەر شت بەتاکەکانی خۆشیەوە قوربانی خۆی دەکات. سیستەمێکی بێڕەحمی فێڵباز و قۆڵبڕ، کە بەرژەوەندی مادیی دەخاتە سەر هەر بایەخێکی ئەخلاقی و بگرە هەر یاسایەکیش کەخۆی دەریدەکات. و ئەمەش لەسەر هەردوو ئاساتی ناوخۆیی دەرەکی ئەو سیستەمەدا بەدیاردەکەوێت. و لیبرالیزم کۆمەڵێک خەسڵەتی ئاشکرا و کۆمەڵێکی تری داپۆشراویشی هەیە کەلەژێر پەردەی دیموکراسیدا حەشاردراون. و لەگەڵ ئەوەدا کە لەدیرۆکی کۆن و نوێدا چەندان مۆدێل وشێوازی دیموکراسی دەبینینەوە بەڵام لیبرالیزم، شێوازەکەی خۆی وەک باشترین و تاکەنموونە دەسەپێنێت.

جۆرەکانی دیموکراسیی:

رەنگە زۆربەمان سەبارەت واتای گشتی دیموکراسیی چ وەک چەمک، یاخود واژە لەگەڵ یەکتردا کۆک وهاوڕابین. بەڵام بەدڵنیاییەوە کاتێک بێینە سەر ووردەکاییەکان و جیاوازی نێوان شێواز و مۆدێلەکانی دیموکراسیی، تێگەیشتن و وەرگرتن و لێکدانەوەمان جیاوازیی تێدەکەوێت. هەرچۆنێک بێت ناکرێ باس لەباشی، یان خراپیەکانی دیموکراسیی، کەموکوڕییەکانی، سەرهەڵدانی ناکۆکی لە تیۆریی یان پراکتیکدا بکەین، بێ ئەوەی ئاماژە بە جۆرەکانی دیموکراسیی بکەین:

> ”
> **بیروباوەڕی دیموکراسی دووبارە سەریانهەڵدایەوە، و لەسەر بنەمایەک بیری لێکرایەوە، کە خەڵک بتوانن بەجۆرێک لەجۆرەکان بەشداریی ژیانی سیاسیی بکەن**

١- دیموکراسیی کلاسیک (Classical democracy): کۆنترین جۆری دیموکراسی کە دیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی پێش زایین لە دەوڵەتشاری یۆنان. واتا ئاتێن. شێوازی ئەم دیموکراسییە ڕاستەوخۆ نەک لەڕێگای هەڵبژاردن و نوێنەرایەتییەوە بوو، هەموو خەڵک کەمەبەست پیاوانی خەڵکی ئاتێن بوو ئەندامی ئەنجومەنی خاوەن سەلاحیەتی بڕایاردان بوون، ئەوکەسانەی پێویست بوو تەواوی کاتی خۆیان بۆکاری دەوڵەت تەرخان بکردایە بەنۆرە و لەڕێگای تیروپشکەوە هەڵدەبژێردران. ئەم شێوازی دیموکراسییە کاریگەریی زۆری لەسەر بیرمەند و فەیلەسوفانی دواتر بەتایبەتی کارڵ مارکس و ژان ژاک رۆسۆ دانا. دیموکراسی راستەوخۆ و بەردەوام، هێشتا لەچەند شوێنێکی جیهان وەک شارەبچوکەکانی نیوئنگلاندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وکانتۆنەکانی سویسرا بوونی هەیە.

٢- دیموکراسی پاراستنی (Protevtive democracy): لەسەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا بیروباوەڕی دیموکراسی دووبارە سەریانهەڵدایەوە. و لەسەر بنەمایەک بیری لێکرایەوە، کە خەڵک بتوانن بەجۆرێک لەجۆرەکان بەشداریی ژیانی سیاسیی بکەن. و سیستەمێک بێتە ئاراوە کە خەڵک لەکۆتوبەن دو ستەمی دەوڵەت بپارێزێت. هەرلەبەر ئەمەش ناوی لێنرا دیموکراسیی پاراستنی. و بەشێوەیەکی گشتیش هەمان دیموکراسیی لیبرالیستی ئەمڕۆی خۆرئاوایە. کە لەم فۆرمەدا خەڵک بەشێوازی ناڕاستەوخۆ نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن و بەپێی یاسایەکی بنەڕەتی یان دەستوور، چالاکی دەنوێنن. هەر ئەم جۆری دیموکراسیەشە کە بنەماکانی هەرچی زۆرتر لەگەڵ شێوازی ئابووری ئازاد رێکدەکەوێت و بەڕێوە دەچێت. هەروا لەم شێوازەدا بەرابەریی بەواتای مافی هەمووان لەدەنگدان لەهەڵبژاردنەکاندا دێت و مافی دەنگدانیش ئامرازێکە بۆ داکۆکیکردن لەئازادی تاک و ئەم ئازادییەش لەڕێگای جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکان لەیەکتر و پاراستنی مافە بنەڕەتی و ئازادییە مەدەنییەکانی وەک:

ئازدیی رادەربڕین، ئازادیی نواندنی چالاکی، دەستەبەربێت.

٣- دیموکراسی خەڵک (People's democracy): ئەم جۆرە دیموکراسییە لەسەردەمی سۆسیالیزمی دەوڵەتی یان، بنیاتنراوەوە و بەمۆدێلی سۆڤیەتی هاتەکایەوە. کۆمۆنیستەکانی پەیڕەوی ئەوکاتی یەکیەتی سۆڤیەت، دیموکراسی لیبرالیستی، یان پەرلەمانیان بە دیموکراسی سەرمایەداری پێناسەدەکرد. و لەم شێوازەی دیموکراسیدا باس لەبەرابەری کۆمەڵایەتییە نەک سیاسی. مەبەسەکەش موڵکدارێتیی کشتی سامان و رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگەیە.

گەرچی دیموکراسی گەل بەناوی مارکس ومارکسیزمەوە پێناسەکراوە، بەڵام پتر بەرهەمی بیروباوەڕی لێنینە. و مارکس کاتی خۆی ستایشی کۆمۆنی پاریسی ١٨٧١ی کرد کە شێوازێکی دیموکراسی راستەوخۆ بوو. و لەیەکیەتی سۆڤیەتیش سەرەتا بانگەشەی پەیڕەوکردنی دیمۆکراسی کۆمۆنی لەچوارچێوەی ئەنجومونە جۆربەجۆرەکاندا دەکرا، بەڵام پاشان حزبی شیوعی کاروبارەکانی بەجۆرێک خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە بواری بۆ چالاکی ئەو ئەنجومەنانە نەهێشتەوە. و بەگشتی مۆدێلێکی سەرکەوتووی وەهای لەدوای خۆی بەجێ نەهێشت کەشیاوی پەیڕەوکردن بێت.

٤- دیموکراسیی پەرەسەندنی (Developmental democracy): ئەگەرچی دیموکراسی پاراستنی، لەسەر زۆر ئاست، سەبارەت ماف وئازادیی و یاساپەروەریی.. سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا. بەڵام لەهەمان کاتدا شکەست و ناکامی زۆریشی بەدواوە بوو. لەبەرئەمە پێویستیەکی وا لەئارادابوو، کەفۆرمێکی نوێ دابهێنرێت ئەویش هەمان دیموراسی پەرەسەندنییە.

زۆرترینی بنەماکانی ئەم شێوازی دیموکراسییە لەلایەن فەیلەسوفی ئەخلاقگەرای فەرەنسیەوە، ژان ژاک رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)ەوە دامەزراوە. بیروباوەڕەکانی رۆسۆ لەزۆر رووەوە پێچەوانەی لیبرالیزم بوو. دواتریش لەلایەن مارکسیست و ئانارشیستەکانەوە سوودی لێوەرگیرا.

**ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین چۆن لە دیموکراسی لیبرالیستیدا دەوڵەمەندەکان توانای کڕینی مرۆڤیان هەیە**

دیموکراسی پەرەسەندنی خۆی وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بەئازادیی و خۆسەریی پێناسەدەکات. بەجۆرێک کە هاوڵاتیان بەشێوازێکی راستەوخۆ وبەردەوام بەشداریی لەفۆرمبەخشین بەژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن.

هەروا لەدیموکراسی پەرەسەندنیدا، ئازادیی بریتییە لەملکەچبوون بەرانبەر خواستی گشتیدا. چونکە خواستە بنەڕەتی و راستەقینەکە بریتییە لەخواستی گشتیی. و پەیڕەوی خواستیی گشتیش، لەلایەکەوە تاک لە سنووری خۆپەرەستی رزگار دەکات و لەلایەکی تریشەوە نەک تەنیا بەرابەریی سیاسی بەڵکو بەرابەریی ئابووریش دەهێنێتە کایەوە. ورۆسۆ دەڵێت: (هیچکەس نابێ هێندە دەوڵەمەند بێت کەتوانای کڕینی ئەوانی تری هەبێت، و نەهێندەش هەژار بێت کەناچاربێت خۆی بفرۆشێت).٨ ئەمە لەحاڵێکدا ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین چۆن لە دیموکراسی لیبرالیستیدا دەوڵەمەندەکان توانای کڕینی مرۆڤیان هەیەو، چۆنیش هەژاران ناچارن خۆیان بفرۆشن.

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠-١٩٧٠ بزووتنەوەی چەپی نوێ، هەوڵیدا هەرلەچوارچێوەی دیموکراسی پەرەسەندنیدا ولەرێگای بەشداریی فراوانی خەڵک لە حکومەتدا پەرە بە دیموکراسی بدات و ئەم شێوازی دیموکراسیەش بە بەشدارگەرا (Consociational demokracy)، ناسرا. بەتایبەتی تائەو جێگایەی لەپراکتیکدا سەلماوە ئەم شێوازە بۆ وڵاتانی فرەکولتورو نەتەوەو مەزهەب، تائاستێکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. و لەم سیستەمەدا هاوسەنگی لەنێوان دەسەڵاتی نێوەندیی و هەرێمییەکاندا دێتەئاراوە. ولەپرسە گشتییەکاندا وسەبارەت بڕیارە چارەنووسساز و گرنگەکاندا نوێنەری هەموو گروپەکان بەشداری بڕیاردان دەکەن، و لەهەمان کاتدا بوار بۆ تەواوی ئەو گروپانە دەرەخسێنرێت کەلەوپرسانەی تایبەت بەخۆیانە بڕیار وەربگرن و چالاکی بنوێنن.

شایانی باسە کە هەندێ لەبنەماکانی ئەم سیستەمە لەوڵاتانی نەمسا، هۆڵەندا، بەلژیکا، کەنەدا.. پەیڕەوکراوە و ئاکامای باشی بەدواوە بووە. و لەخۆرئاوای کوردستانیش ئەم شێوازی دیموکراسییە، و هەندێ لەبنەماکانی دیموکراسی

کلاسیک، بەداهێنانەوە و لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئۆجالان، پەیڕەو دەکرێت.

لیبرالیستەکان، بەگشتی شێوازی دیموکراسی پەرەسەندنی و کۆمەڵگەرایی رەتدەکەنەوە. ئەمەش لەبەر دووهۆ: یەکەم: بەبۆچونی ئەوان ئەم شێوازە لەبەرئەوەی جەخت لەسەر بەرژەوەندی گشتی وەک خاڵێکی ناوەندیی دەکات، ئەم ئەگەرە لەئارادایە کە لەئاکامدا و بەناوی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی گشتی تۆتالیتاریزم و دیکتاتۆری سەرهەڵبدەن. دووەم: سیستەمی بەشدارگەرا، ئاڵۆز و زەحمەتە و لەئاکامدا بە ناسەقامگیریی کۆتایی دێت.

بەڵام ڕەخنەی لیبرالیستەکان زۆر بنەمایەکی پتەوی نییە. چونکە هەموو سیستەمێک چەندە باشیش بێت ئەگەر باش پارێزگاریی لێنەکرێت هەر شکەست دەخوات. هیچ کارێک لەسیاسەتدا هێندە ئاسان و روون نییە کەوەک دوو رەنگی ڕەش و سپی لێک جیاکراوەبن. و لەدامەزراندنی هەر پرۆسەیەکی سیاسیدا، دەبێ چەندان خاڵ لەبەرچاوبگیرێت، کە ئەو خاڵانە هەمیشە لەگۆڕاندان و لەدۆخێکەوە بۆدۆخێکی تر و لەسەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی تر جیاوازیی پەیدا دەکەن و دەبێ هەمیشە وەڵامی کۆمەڵێک پرسی گرنگ بدرێتەوە. بۆنموونە: هۆشیاریی خەڵک لەچ ئاستێکدایە؟ وئەگەر نزمە پێویستە چۆن بەئاستی بڵندی هۆشیاریی بگەن؟ دوژمنەکانی ئەو پرۆسەیە کێن و چیان لەدەستدێت و چۆن بەرپەرچ بدرێنەوە؟ تواناماددییەکان بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە لەچ ئاستێکدایە و چۆن ژیان و گوزەرانی خەڵک بەشێوازێکی باش دابین دەکرێت. و چەندان پرسیاری تر... خۆئەگەر دیسان هەر بۆنموونە، لەدووولاتدا دەست بە پەیڕەوکردنی یەک شێواز و یەک مۆدێلی دەقاودەق حوکمڕانی وەک یەک بکرێت، ئەگەر ئەم دوو وڵاتە یەکێکیان هەژار بێت و ئەوی تریان دەوڵەمەند، هیچکات ئاکامەکان وەک یەک نابن. دیارە کەمەرجیش نییە هەمیشە دەوڵەمەندەکە سەرکەوتووتر بێت، چونکە ڕەنگە تەواوی سامان و دارایی لەرێگای دزی و گەندەڵیەوە بەفیڕۆ بڕاوات بەڵام گرنگ ئەوەیە کەهیچکات وەک نابن.

## کاتێک دیموکراسی لەهەرشوێنێکدا پەیڕەوبکرێت گرفتی گەورەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات وحوکمڕانی لەجیهاندا ناگەڕێتەوە بۆدیموکراسیی

بەڵام ڕەتکردنەی دیموکراسی پەرەسەندنی یان، بەشدارگەرا لەلایەن لیبرالیستەکانەوە هۆکاری تری لەپشتەوەیە. لیبرالیزم لایەنگریی دەوڵەتی نێوەندی بەهێزە، ئەمەش لەگەڵ بنەما تاکگەراییەکەیدا دێتەوە. چونکە کۆمەڵگە، یان گروپی جۆربەجۆر، ئەتنیکی مەزهەبی، پیشەیی، رەگەزیی... لەکاتێکدا بەدوای مافەکانی خۆیاندا دەگەڕێن، بەدەستخستنی هەر مافێک بەبایەخی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دێت. بەڵام تاک ئەگەر لەچوارچێوەی گروپدا نەبێت نەهیچ کات دەتوانێ ببێتە رکەبەری دەوڵەت و نە سنووری هێزو دەسەڵاتەکانیشی کەمدەکاتەوە. دیسان هەر لەبەر ئەمەیە کە چەمکی مافەکان لەئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمدا تەنیا تاکەکان دەگرێتەوە و ئەو مافانە بەفەرمی دەناسێت و رەواجیان پێدەدات کە بۆنموونە مافی رادەربڕین و مافی هاتووچۆ... وهاوشێوەکانیان دەگرێتەوە کەبەمافی نێگەتیف ناسراون. بەڵام تا ئەوجێگایەی لەتوانادا بێت، مافی پۆزەتیف کە مافەگروپیەکانی وەک: مافی کەمەنەتەوەییەکان، مافی ژنان، مافی منداڵان، مافی کارگەران... لەناو مافی تاکدا دەتوێنێتەوە.

### کرۆکی کێشەکە

کاتێک دیموکراسی لەهەرشوێنێکدا پەیڕەوبکرێت گرفتی گەورەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات وحوکمڕانی لەجیهاندا ناگەڕێتەوە بۆدیموکراسیی، یان تەنانەت کەموکوڕییەکانی ئەو دیموکراسیەش. بەڵکو تاکە لایەنی باشی شیاوی ستایشی ئەو سیستەمانەیە. گرفت و قەیرانەکان چەندە گەورەبن نابێ دڵمان لەدیموکراسی سارد بێتەوە و هێواکانمان لاوازبن، هەرکەموکوڕیەک لەدیموکراسییدا بەدیموکراسیی زۆرتر چارەسەردەبێت. کەواتە کێشەی سیتەمی دیموکراسیی لیبرالیستی چییە؟ کێشەکە لەدیموکراسییدا نییە بەڵکو لەوەدایە کە سەرمایەداریی دیموکراسی کردووە بەموڵکی خۆی و ستەم و قۆڵبڕی و بێعەدالەتی پەیڕەودەکات و لیبرالیزمیش رەوایی پێدەبەخشێت. یەکێک

لەئاکامەکانیشی پەیدابوونی بیروباوەڕو ڕەوت و بزووتنەوەی جۆراوجۆری وەک چەپی نوێ، راستی نوێ، رادیکالیزمی نوێیە کەلەسەدەی رابردوو لەئەوروپاو خۆرئاوا بەگشتی سەریان هەڵداو لەناو چەندان بەرگ و رەنگی جیاوازدا خۆیان نیشاندا. (پەیدابوونی رادیکالیزمی نوێ کاردانەوەیەکە بەرانبەر زیادەڕەویەکانی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەی بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازیی و وێرانی دامودەزگاو سیمبۆلە پایەدارەکان بوو، ودڵەڕاوکێ و نەبوونی ئاسایشێکی هەستپێکراو کەلەئاکامی سیستەمی نێودەوڵەتی دوای چەکی ئەتۆمیی، وەهەروا گەڕانێکە بەدوای ساکاریی و ژیاندنەوەی فەزیلەتەکانی گوندنشینیی، وەهەڵوێستەکردن لەسەر ئەم هەموو خولیاییبوونە بەدوای چێژداو رەتکردنەوەی توندوتیژیی و ئاڵۆزیی و باقوبریقی ساختەی سەدەی بیستەم)٩

بەشێک لەسیاسەتمەداران و بیرمەندانی خۆرئاوا، هۆکاری قەیران و کێشە جیهانییەکان فڕێدەدەنە دەرەوەی خۆیان. سەردەمێک بەئەستۆی کۆمۆنیزم و ئەمڕۆش بەملی توندڕەوی مەزهەبیدا دەلکێنن.. و رەنگە سبەینێش لایەنێکی تر پەیدابکەن. و لەگەڵ ئەوەدا کاریگەری باش و خراپی وڵاتان لەسەر یەکتر نکوڵی ناکرێت، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە ئۆباڵی کێشەکان بەم شوازە بەسەر وڵاتاندا دابەش بکەین. و وەها بیرکردنەوەیەک لە کرۆکی پرسەکە دوورمان دەکاتەوە کە بریتییە لەو ئایدیۆلۆژیایەی زەمینەی ستەم فەراهەم دەکات، دەیپارێزێت و درێژەی پێدەدات. ئایدیۆلۆژیایەک کەلەرێگای رەواجپێدانی سەرمایەدارییەوە رەوایی بەستەم دەبەخشێت، و لەرێگای بەکارهێنانی دەمامکی دیموکراسیەوە دیموکراسی لەباردەبات.

خۆرئاوا، بۆخۆی بانگەشەی رێبەرایەتی جیهان دەکات، لەبەرئەمە لەهەموو شکەستێکدا بەرپرسیارێتی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ئەو. و هەرچی قەیرانێکی دەسەڵاتدارێتی و حوکمڕانی لەناوخۆی وڵاتاندا، لەبێکاریی، ناعەدالەتی،

> **خۆرئاوای لیبرالیست، بەزۆر دەخوازێت، دیموکراسی، لە وڵاتان پیادە بکات، بەڵام دیموکراسی نەوەک رەچەتەیەک دەنووسرێت ورێنوێنی دەکرێت، نەکراسێکیشە هەر کەس لەبەریکات ببێتە دیموکراسیی**

رەواجی مافیا و تاوان، پووچکردنی ژیان... و لەسەر ئاستی دەرەوەش ئەو هەموو جەنگ و کێشە دیپلۆماتیکیانە و لەهەمووشی مەترسیدارتر، وێرانی ژینگە... جگە لەسیستەمی سەرمایەداریی و ئایدیۆلۆژیا لیبرالیستییەکەی ناکەوێتە ئەستۆی هیچکەس ولایەنێک. ئەمە بەو واتایە نییە کە سیستەمەکانی حوکم لە خۆرهەڵات، زێدە پاک و بێگوناهن. نەخێر ئەگەر بەدوای خەسڵەتە باشەکانی ئەم وڵاتانەدا بگەڕێین بەزەحمەت شتێکمان بۆ دەبینرێتەوە. بەڵام مەبەستەکەمان ئەوەیە کە ئەگەر خۆرئاوا، هەژموونگەراییەکەی و ئەم هەموو شێت و خولیاییەی خڕکردنەوەی پارەوسامان، و پەیڕەوکردنی دووفاقەیی و دووڕوویی لەسیاسەتدا واز لێ بهێنێت لەتوانایدایە ژیانی مرۆڤایەتی بەرەو ئاقارێکی تردا بەرێت.

خۆرئاوای لیبرالیست، بەزۆر دەخوازێت، دیموکراسی، لە وڵاتان پیادە بکات. بەڵام دیموکراسی نەوەک رەچەتەیەک دەنووسرێت ورێنوێنی دەکرێت. نەکراسێکیشە هەر کەس لەبەریکات ببێتە دیموکراسیی و هەرکەسیش دایکەند، لەدیموکراسی بشۆرێت. دیموکراسی پێویستیی بە فەراهەمکردنی هەلومەرجی تایبەت بەخۆی، تێگەیشتن و رێزگرتن لەبەهاکانییەتی. گەلێکان لەجیهاندا بانگەشەی دیموکراسی دەکەن و لەناوەرۆکیشدا گەورەترین سوکایەتی پێدەکەن. ئەگەر لەتورکیا بەناوی دیموکراسییەوە دیموکراسی دەخنکێنرێت و هەناسەی لەبەردەبرێت، ئەوە نەخەتای دیموکراسییە و نە قەیرانەکەش هی دیموکراسییە. بەڵکو قەیرانی سیستەمی داسەڵاتدارێتی و حوکمڕانییە لە جیهاندا. سیستەمێک کە تەواوی بەهاکان دەکاتە قوربانیی بەرژەوەندییە مادییەکان. سیستەمێک، بە پەیڕەوکردنی دووفاقەیی لە پێوەرەکاندا، و مەراییکردن بۆ سەرکردە سەرەڕۆکان.. بوێری وەبەر ئەو سەرکردانە ناوە تا بێ شەرم و بێ باک.. بەردەوامی بە تەوژمی تێرۆریزم ببەخشن.

# ڕۆڵی ڕێکخراو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کام ڕێکخراو؟



ئازادیی کۆمەڵگە
هیوا خۆشناو

دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا، باشووری کوردستان لە سەرجەم بەشەکانی دیکەدا زیاتر، چالاکی سیاسی، سەربازی و ڕێکخستنی بەخۆیەوە بینیوە. بەهۆی گرینگی ناوچەکە، ناکۆکی و شەڕی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا، کورد لەو بەشە، دەرفەتی زیاتری بۆ ڕەخساون کە گرینگترینیان بێ ئەقڵییەکانی سەددام و داگیرکردنی کوێت بو لە ساڵی ١٩٩٠.

سەرباری ئەوانە، ئەوڕۆ ئەبینین باشووری کوردستان لە سەرجەم بەشەکانی دیکە نائومێد و بێباوەڕتر، قەیرانەکانی زۆر لە قەیرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان قوڵترن. کۆمەڵگەی ئەو بەشەی کوردستان لەبەر ئەوەی بە جلی کوردی، بە زمانی کوردی و بە سیاسەتی کوردی زەبری لێدراوە، بۆتە بێئیرادەترین کۆمەڵگەی کوردستان.

وادیارە لەو بابەتەدا دەرفەتی ئەوەمان لەبەردەستدانیە بچینە ناو قوڵایی کێشەکان و یەک بەیەک پەردەیان لەسەر هەڵدەینەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە و سەرجەم تاکەکانی کوردستان هەستی پێدەکەن، زەروریەتی سەرلەنوێ خۆسازکردن و خۆڕێکخستنەوەیە.

من زۆر لە مێژە لەو بڕوایەدام چارەسەرکردنی کێشەکانی باشوور زۆر سەختترن لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئەوڕۆ باشووری کوردستان ژانی شۆڕشێک بەخۆیەوە دەبینێ. ئەو پێشمەرگەدێرینانە نیشتیمانپەروەرانەی کە نەخۆشی گەندەڵی و شێرپەنجەی نەتەوەپەرستی دواکەوتو لێیان نەداون، پێیانوایە ناچارن شۆڕشێک بەسەر (شۆڕش)ەکانیانەوە بکەن. هەندێکیان باس لە شۆڕشی ڕوناکبیری، فکری، کولتوری و ....هتد دەکەن. ئەگەر ئەوانە هەموویان ڕاستیەک بن، ڕاستیەکی دیکە لەسەرووی ئەوانەوە خۆی دەسەپێنێ ئەویش: هیچ کامێک لەمانە بەبێ ڕێکخراو نایەنەدی. کێشەکە ئەوەیە بزووتنەوەی نەریتی کوردی لەو بەشەی کوردستان قەناعەتی بە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە هێناوە کە هیچ ڕێکخراوێک لەوان باشتر نابێ، ئەوان جێگرەوەیان نیە، خەوفێکی وەهمیان سازکردوە وەکو ئەوەی ئەگەر ئەوان نەمێنن ئەو بەشەی کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی خوێن و شەڕ و کاولکاری ئاسمانی وڵات دادەپۆشێ.

ئەمانە هەر هەموویان لە فابریکەی سیاسەتی بزووتنەوەی نەریتی کوردی بەرهەم دەهێندرێن، بەڵام ڕاستیەکیش هەیە ناتوانین خۆی لێ لابدەین ئەویش؛ پارتی دیموکراتی کوردستان کاریگەری سیاسی، کولتوری و هزری خۆی لەسەر زۆربەی زۆری ڕێکخراو، کەس و گروپەجیاوازەکانی ڕکەبەری خۆی بەجێهێشتوە. بەشێک لەو ڕێکخراوانە لە کۆتاییدا، بەڕەفتار، کردار، هزر و ڕەوشت جیاوازیەکی کەمیان لەگەڵ پارتی هەیە. ئەوانەی بۆ ماوەیەکیش خۆیان جیاواز نیشان ئەدەن یان ڕکەبەری سیاسەتەکانی پارتین، بەهۆی نەبوونی ڕێبازێکی ڕۆشن و مۆدێرن کە وەڵامی پێداویستیەکانی ناوچەکە و ڕاستی خەڵکەکە بداتەوە، لە دواییدا لە بەرانبەر ئەو بزووتنەوە نەریتیەی کوردی بێچارەدەمێنن.

ئەو سەردەمە بەسەر چوە ئەلیتی سیاسی گۆشەگیرکراو لە ژوورێک، خەڵک بە ئارەزووی خۆی مۆبیلیزە بکات «خەڵکی گوێگر» لە سەردەمی تەقینەوەی

کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردادێت. خەڵکەکە خۆیان دەیانەوێ بەشداربن لە سەرجەم پرۆسەکانی بڕیارداندا. دەستەڵاتی بزووتنەوەی سیاسی کوردی لەو ٢٠ ساڵەی دواییدا، هەوڵ ئەدا بە بەرژەوەندیە ماددی و تاکەسیەکان کەسی گوێگر و ئیطاعاتکار obedience سازبکات.

پارادیگمای ڕێکخراوی نوێ بە ڕەخنەکردن لە مێژو لە دایک دەبێ

سەردەمی مۆدێرنە:

لە سەردەمی مۆدێرنەدا ١٨٨٠ دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ یەکەمین جار دێتە ئاراوە. لەو سیستێمەدا سەرجەم جیاوازیەکان «ناسنامە» وەلا دەنرێن. لە ژێرناوی دەستەڵات و سەروەری دەوڵەتی نەتەوەییدا سەرجەم جیاوازیەکان «ناسنامەکان» دەخرێنە ناو یەک قاڵب و لە ژێرناوی هاوڵاتیبووندا ون ئەکرێن. دەوڵەتی نەتەوەیی جگە لەوەی لەلای نوخبە سازدەکرێ و جگە لەو ئەلیتە سیاسیە کەمە، کەسی تر خێری لێنابینێ. هەربۆیە دەوڵەت لە مەودا درێژدا دەبێتە زاڵم و غەداری ناسنامە جیاوازەکان Connolly,١٩٩٥.

بەکورتی ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی وێنا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ناکرێ هیچ کامێک لە ناسنامە جیاوازەکان لە ژێر سێبەری ئەو ڕێکخراوەدا بژین. دەوڵەتی نەتەوەیی ئەگەرچی لەسەرەتای سەردەمی مۆدێرنەدا، لە هەندێک بواردا، ڕێکخراوێکی پێشکەوتووش بێ، لە دواییدا کارەساتەکانی هەردو جەنگی جیهانی لێدەکەوێتەوە و ئەژدیهاگەلی وەک ستالین، مۆسۆلۆنی و هیتلەری لێ بەرهەرم دێ.

بزووتنەوەی نەریتی کوردی کە لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی نەژادی دواکەوتوە و پشت بە ئێتنیک «قەوم» دەبەستێ، سەرجەم ناسنامە جیاوازەکان، گروپە جۆربەجۆرەکان، نەتەوەو کەمینەکان، گروپە ئایینیە بچوکەکانی پەراوێزخستوە. کرین، ترساندن و ناچارکردنی بەشێک لەو گروپانەو نیشاندانی وێنەکانیان، واتای دێمۆکراسی و بەشداری ناگەیەنێ. ئەوە یەک لەو هۆکارانەیە کە بزوونتەوەی سیاسی نەریتی کوردی نەژادی نەیتوانیوە ببێتە بزووتنەوەی هەمووومان.

> **سەرجەم ئەو سیستەمانە کە بانگەشەی هاوڵاتیبوون دەکەن، تاقە مافێک کە ئەوان بە هاوڵاتیان دابێ، بەشداریکردنە لە هەڵبژاردن**

لیبرال دیموکراتەکان:

سەرهەڵدانی لیبرال دێمۆکراسی لە بنچینەدا بۆ پینەکردن و جوانکردنی وێنە ناشیرینەکەی دەوڵەت نەتەوە یە. ئەگەرچی لیبرال دیموکراتەکانی خەونیان بە دێمۆکراسی ئێدیال دەبینی، بەڵام ئەوەی دەیانگوت نەهاتە دی. وادیارە لێرەدا بەتەنیا باسی ناسنامە دەکەین کە بۆ ڕێکخراو و مەبەستی ئەو بابەتە گرینگە، نەوەک فەلسەفەی لیبرالیزم.

لیبرال دێمۆکراسی ئایدیاو بۆچونی نوێ دێنێتە ناو جهانی ئێمە، بانگەشەی دێمۆکراسی دەکات، بەڵام کۆمەڵگە وەک مادده دەبینێ. لیبرال دیموکراتەکان لە ژێرناوی ئازادی تاک ناسنامەی دەستەجەمعی لە تاک وەردەگرنەوە و ناوەڕۆکە کولتووریەکەی بەتاڵ ئەکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەو ئازادییەی کە لیبرال دێمۆکراسی باسی دەکات ناسنامەیەکی بێ ناسنامەیە auman,١٩٩٦:٩٨/١١٠.

لە ئەنجامدا لێبرال دێمۆکراسی و پۆست-مۆدێرنە کە دو پارادێگمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی مۆدێرنە، ناتوانن ببنە ڕێبەری دێمۆکراسی و خۆیان لە قەیرانەکان ڕزگار بکەن.

سەرجەم ئەو سیستێمانە کە بانگەشەی هاوڵاتیبوون دەکەن، تاقە مافێک کە ئەوان بە هاوڵاتیان دابێ، بەشداریکردنە لە هەڵبژاردن. هاوڵاتی لە ناو سیستێمی دەوڵەت نەتەوە، مۆدێرنە و ئایدیای لیبرال دیموکراتیدا، بەتەنیا چوارساڵ جارێک بەشێوەیەکی پاسیف لەژێرکاریگەری کۆمپانیا و مێدیاکانی دەوڵەتدا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات و پاشان سڕدەکرێ. Sartori,١٩٩٦:١٢٤-١٢٥.

مۆدێلی بەشداریکردن کە مۆدێلی مۆدێرنەیە هەنگاوی باشی بڕین لە دێمۆکراسیدا، بەڵام ناتوانێ وەڵامی

داخوازیەکانی سەدەی ٢١ بداتەوە کە سەردەمی بەخێرایی پێشڤەچوونی دینامیکیەتی کۆمەڵگەیە، ناسنامە و جیاوازیەکان لە سیاسەتدا ڕۆڵ دەبینن.

مارکسیزم و ڕێکخراوی لینینی:

مارکسیزم لە ساڵی ١٩٧٠ کەوتە ناو قەیران و مارکسیزمی ئۆرتادۆکسی هەوڵیدا لەو قەیرانانە ڕزگاری بکات. مەبەست لەو بابەتەدا زیاتر دوو خاڵن: یەکەمیان ناسنامە وئەوەی دیکە قەتیسبونی مارکسیزمە لە ناو شیکردنەوە ئابووریەکاندا، کە بەتەنیا کێشەی سەدەی ٢١ و کۆمەڵگەی ئەوڕۆ نیە. چەمکی چینایەتی مارکسیزم وەڵامی پێداویستیەکانی ئەوڕۆ ناداتەوە. جگە لەوە ئەگەر باس لە دێمۆکراسی ڕاستەقینەو فرە ناسنامەیی بکرێ، ناکرێ چینێک بەسەر چینەکانی تردا شۆڕش بکات. بزووتنەوە مارکسیەکان ئەگەر دەستبەرداری چەمکی «چین و جینایەتی» نەبن، هەرگیز ناتوانن ببنە بزوونتەوەی جەماوەری و خەڵک. پاشان ئەگەر دەستبەرداری چین نەبووین، دەستبەرداری نەخۆشی ئەلیتی سیاسی نابین کە لە جیاتی چین بیردەکاتەوە و لە ژورە بچوکەکاندا بڕیاردەدات.

کێشەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە سەدەی ٢١ ەمدا بەتەنیا ئابووری نین، بەڵکو خەباتە بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی ئاکتیف لە سیاسەت و بڕیاردانەدا.

بەکورتی مارکسیزم لە قۆناغی ئەوڕۆماندا بەهۆی کۆکردنەوەی سەرجەم کێشەکان لە مەسەلە چینایەتی و ئابووریەکاندا، نە دەتوانێ ببێتە بزووتنەوەیەکی فرە ناسنامە، نە دەتوانێ بەلای دێمۆکراسیەتەوە بچێ.

پارادێگمای نوێ (بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی سەرجەم مرۆڤەکانە بە ناسنامەکانیانەوە):

> **سەدەی ٢١ سەردەمی شەڕی ئێتنیکی، چینایەتی و نەتەوەیی نیە، بەڵکو شەڕی ناسنامەکانە، ئەوان سەرسەختانە دژایەتی دیمۆکراسی زۆرایەتی و کەمایەتی مۆدێلی لیبرالیزم دەکەن**

لە ساڵانی هەشتاکاندا دو تیۆریزانی گرینگ دێنە ناو جیهانی سیاسی ئێمە کە بریتین لە شانتال موفقە Chantal Mouffe و ئەرنەستۆ لاکلاو Ernesto Laclau. هەردو تیۆرناس دەستبەرداری چەمکی چینایەتی مارکسیزم دەبن و لە جیاتی ئەوە چەمکی دێمۆکراسی فرەجەماوەری هەڵدەبژێرن. Hegemony and Socialist Strategy (Verso, ١٩٨٥).

بەپێی هەردو زانا، دیموکراستی بەتەنیا بریتی نیە لە داننان بە جیاوازی چینایەتی، نەتەوەیی و ڕەگەزی، بەڵکو جیاوازیەکان لەناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا زۆر لەوە زیاترن. ئەو پارادێگمایە پێیوایە ناکرێ دێمۆکراسی بەتەنیا لە جیاوازی و ڕکەبەرایەتی کۆبکرێتەوە، بەڵکو ئەبێ پەیوەندی دەستەڵات بینراو بێ. لە کۆمەڵگەدا چەوسێنەرانی دەستەڵات هەن، ئەبێ ئەوان بێنە ڕیزی پێشەوە تاکو دەستەڵاتەکان بینراوبن و ئەوانەی لە دەستەڵاتی بڕیاردانەدا پەراوێزخراون بەشداریان پێ بکرێ.

بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ناتەواویەکانی دێمۆکراسی بکرێ، ئەبێ سەرجەم دێموکراسیەکان سەروەربن. Keyman ٢٠٠٠ IX,١٢٩

بەپێی موفە و لاکلاو کە دواتر چەندین زاناو تیۆریسیانی تر دانیان بەتیۆریەکانیاندا ناون، سەدەی ٢١ سەردەمی شەڕی ئێتنیکی، چینایەتی و نەتەوەیی نیە، بەڵکو شەڕی ناسنامەکانە. ئەوان سەرسەختانە دژایەتی دێمۆکراسی زۆرایەتی و کەمایەتی مۆدێلی لیبرالیزم دەکەن. بەپێی ئەویەکە پێویستە کولتوورەکان و جیاوازیە چینایەتی و ئێدۆلۆژیەکان سەرەتا بە جەماوەری و لێگاڵ بکرێن، ئینجا بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێک لە بەردەمیاندابێ و بەبێ ئەوەی ناسنامەی یەکێک لە سەرووی ئەوی دیکەیان بێ، لە ناو کێشمەکێش دابن. لەو تیۆریەدا سازشی ڕەها بڤەیە چونکە سازشی بێ سنوور ئەمانگەڕێنێتەوە ناو کولتوری سیاسی لیبرالیزم و بەپێی ئەوان سازش دژ بە کولتوری ڕادیکاڵیزمە. پارادیگمای

دێمۆکراسی ڕادیکاڵ پێیوایە گروپ و ناسنامە جیاوازەکان لە هەڵومەرجێکی لێگاڵ و کراوەدا، ئەبێ کێشمەکێش و دیالۆگی بێ سنوور بکەن. ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام، بابەتەکە سەرلەنوێ تاووتوێ بکەنەوە.

Bardt&Negrie دو تیۆریسیانی دێمۆکراسی ڕادیکاڵن. پێیانوایە دەوڵەت لە سەردەمی مۆدێرنەدا لەلای نوخبە سازدەکرێ. لەو دەوڵەتەدا شتێک نیە بەناوی سەروەری خەڵک و بەردەوام دەستەڵاتێک لە سەرووی دەستەڵاتی گەلەوەیە. هەردو زانا باس لە ناتەواوی دێمۆکراسی دەکەن و چەمکی تێکدەر/ ڕوخێنەر بەکاردێنن بۆ دەوڵەت. ئەوان سەرسەختانە دژایەتی دێمۆکراسی لیبرال دەکەن و پێیانوایە دێمۆکراسی لە لیبرالیزمدا نەگەیشتۆتە سەرجەم ئاستەکان و هزری شۆڕشی فەرەنسا ناتەواوە بۆ تێگەی دێمۆکراسی. لەئەنجامدا ئەوان پێیانوایە پێویستە شۆڕشی دێمۆکراسی لەناو دێمۆکراسیدا ئەنجام بدرێ. Multitude: War and Democracy in the Age of Empire

ڕەوشی ئێستای کوردستان و ڕۆڵی ڕێکخراوی سەردەم

کێشەکانی باشووری کوردستان هەروەکو باسمانکردن کێشەی فکری، ئەخلاقی، کولتووری گەورەن کە لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی سیاسی کوردی سەریان هەڵداوە. ئەو کوولتورە سیاسیە خێڵەکیە کە بە حیزبی کوردی دەمامک کراوە، چۆتە ناو قوڵایی کۆمەڵگە، تاک و بەشەکانی دیکەی کوردستان. نەبوونی سەرکردایەتیەکی هۆشیار و خاوەن فکر وایکردوە حیزبە ڕکەبەرەکانی پارتیش لە دواییدا سازش لەگەڵ ئەو لۆژیکە نەریتیەدا بکەن و ببنە بەشێک لەو سیستێمە. بەهۆی نەبوونی فکرێکی ڕۆشن، ڕکەبەرەکانیش بڕوایان بە ڕزگاربوون لەو دۆزەخەدا نیە و لە دواییدا تەسلیمی واقیعەکە دەبن.

> ”
> **لە کوردستانیشدا لە ژێرناوی لیبرالیزەکردندا، لە چەند ساڵی دواییدا کۆمپانیاکانی نزیک لە دەستەڵاتداران کەرتی گشتی وێران دەکەن و سەرچاوەکانی وڵات تاڵان دەکەن**

ئێمە لە سەردەمی پۆست مۆدێرنە و پۆست مارکسیزمدا دەژین. ئەورۆکە دەوڵەت نەتەوە لە تەواوی جیهان لە قەیراندایە. مارکسیزم و خەباتی چینایەتی وەڵامی زۆر پرسیاری ئەو ڕۆژگارە و کۆمەڵگەی نوێ ناداتەوە. لیبرالیزمی دیموکراتی و بە موطڵەقکردنی تاک و دابڕانی لە زۆر شت نەک لە کۆمەڵگەی ئێمە بەڵکو لە خۆرئاواش لەژێر ڕەخنەی توند دایە. لیبرال دیموکراتەکان دەوڵەتیان لە ژێرناوی کەرتی تایبەتدا بێ ناوەڕۆک کردوە و دەوڵەتی خۆرئاوا ئیتر لە دەستی کۆمپانیاکان دایە. لە کوردستانیشدا لە ژێرناوی لیبرالیزەکردندا، لە چەند ساڵی دواییدا کۆمپانیاکانی نزیک لە دەستەڵاتداران کەرتی گشتی وێران دەکەن و سەرچاوەکانی وڵات تاڵاندەکەن. سۆسیالیستەکانی خۆرئاوا بەتایبەتی «سۆسیال دێمۆکراتەکان» کە چەندین ساڵە سازش لەگەڵ لیبرالیزم دەکەن، کۆتاییان بەخۆیان هێناوە. لە کوردستاندا چەندین ساڵە فێمێنیزم، دێمۆکراسی و چەپگەرایی لە ژێر ناوی سازش و نەتەوەییبووندا لە بزووتنەوەی سیاسی کوردی نەژادی و دواکەوتو مارەکراوە. ئەورۆ ناسیۆنالیزمی کلاسیکی پشتئەستور بە ئەقڵیەتی نەژادی کوردی کە بەتەنیا بەرژەوەندی بنەماڵەیی و خێڵەکی لەبەرچاودەگرێ و بەشێکە لە پلانی وڵاتانی ناوچەکە، جگە لە شێرپەنجە هیچی تر نیە بۆ کۆمەڵگە نافەرمییەکان. لە غیابی هزرێکی نوێدا، ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی بە شیعەو سوننەوە تەواوی ناوچەکەی پەرێشان کردوە. ئیسلامی سیاسی بەدەرنیە لەو ڕەخنانەی سەرەوە. ئیسلامی ئیخوانی کە لیبراڵترین هێڵی ئیسلامی سیاسی بو، لە کۆتاییدا گەیشتە ئاستی مەترسیدارترین تێرۆر لە ناوچەکەو جیهاندا.

ئیتر ئەورۆ سەردەمی ناسنامەکانە و شوناسە جیاوازەکان جێگای نەتەوە، چین و موطلەقیەتی تاکەکانیان گرتۆتەوە. کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگ، کولتور، ئەتنیک، ئایین، دیالێکت و زمانە. هیچ کامێک لەو ئێدۆلۆژیانەی سەرەوە ناتوانن سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لە ئامێز بگرن. بزووتنەوەی پریمیتیڤی

کوردی لە غیابی ژنان «نیوەی کۆمەڵ» ٧٠ ساڵی بە دواکەوتویی بەڕێکرد. ژمارەی ئەو ژنانەی لە ژێر سێبەری ئەو دەستەڵاتە کوردیە سوتان یان سوتێندران، زۆر لە ژمارەی قوربانیانی هەڵەبجە زیاترە. ئەورۆ قیرەقیری کوردایەتی نەژادی کە لەژێرناوی نەتەوەبووندا هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی بادینی، هەورامی، کاکەیی، فەیلی، کوردی هەندەران، ئێزیدیەکان دایە و هەموویان لە قاڵبی ڕووتی کوردێنی لەقەڵەم ئەدات، هیچ ڕێزێکی بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە. پێکهاتەکانی کوردستان حەزئەکەن لە ناوچەی خۆیان بە زمان و دیالێکتی خۆیان بخوێنن و دان بە ناسنامەی ئێتنیکی، ئایینی و ڕەگەزی و....هتد بنرێ.

هیچ گۆڕانکاریەک بەبێ ڕێکخراو نابێ. ئێستا دروستبوونی ڕێکخراو لە هەموشتیک گرینگترە و ئەبێ سەرجەم گروپەکان خۆیان ڕێکبخەن. ناڵێین هەموکەس بچێتە ناو ڕێکخراوێک، بەڵکو ئەبێ هەرکەس ڕێکبخرێ. جا مەرج نیە هەرکەس حیزبێک سازبکا. لە ڕەوشێکی وەک ئەورۆدا کە ناوچەکە بە بەرمیلی باڕووت بۆمبکراوە، تاقە گروپێک، حیزبێک و ڕێکخراوێک ناتوانێ وەڵامی ئەو قۆناغە سەختە بداتەوە. پێویستە ڕێکخراوەکان لە چوارچێوەیەکدا بتوانن بەیەکەوە کاربکەن و بلێسەی گۆڕانکاری و ڕزگاربوون لەو نەهامەتیە داگیرسێنن. باشترین ڕێگا ئەو ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی تیۆری دیمۆکراسی ڕادیکاڵدا ڕێککەون و ئەنجومەنی شارو ناوچەکان کە لەسەرجەم گروپ، ناسنامە، ئایین و کولتورە جیاوازەکان پێکدێن سازبکەن.

ئەوەش هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێدا بەبڕوای من بە ڕێکخراوی جەماوەری فرەناسنامەی پێشکەوتو ئەکرێ کە دوربێ لە مەرکەزیەتی ئەلیتی سیاسی گۆشەگیرکراو بە چەند کەس،

**بنەماڵە سیاسیەکان بە پێی بەرژەوەندی بنەماڵەیی و خانەدانیی دایانڕشتوە، جگە لە "ڕاپەڕین"شکست و تەسلیمبوون" هیچی تر لەگەڵ خۆیدا ناهێنێنن" حەماسەتی قەومی جا لە ژێرناوی سەربەخۆیی کوردستان بێ یان ریفەراندۆم**

گروپ، بنەماڵە و ناوچەیەک. ڕێکخراوی ناوەندی شێوەلێنێنی ناتوانێ ئۆتۆنۆمی بۆ ئۆرگانەکانی دەستەبەر بکات و مافی بیرکردنەوە، دەستپێشخەری و کارکردنیان لێ زەوت دەکات تا دەگاتە ئاستی قەیرانی ڕێکخراوەیی.

### ئەنجام

لەو قۆناغەدا ئەبێ ئەوکەسانە کۆبکرێنەوە کە لە چوارچێوەی زانستی تەجروبی سیاسی بەلای کەمەوە دەرسی ئەوەیان وەرگرتوە ئیتر ئەو کوردایەتیەی کە تا ئێستا هەبوە و لە ساڵانی ١٩٦٠ بنەماڵە سیاسیەکان بە پێێ بەرژەوەندی بنەماڵەیی و خانەدانەیی دایانڕشتوە، جگە لە «ڕاپەڕین-شکست و تەسلیمبوون» هیچی تر لەگەڵ خۆیدا ناهێنێن. حەماسەتی قەومی جا لە ژێرناوی سەربەخۆیی کوردستان بێ یان ڕێفێراندۆم، لە باشترین حاڵەتدا بەنجکردنی مێشکی کۆمەڵگەی نەخوێندەوار و بەمەیمونکردنیەتی. ئەو حەماسەتە کە ڕێکخراوی نەریتی کوردی و فوتێکراو لە کاتی تەنگانەدا بەکاری دێنێ، وەک گڕی پوشی ناو پاوانە و لە ڕۆژێک زیاتر ئاگر و گەرمیەکەی نامێنێ و بەتەنیا تەپوتۆز بەسەر زەوی و ئاسماندا بڵاودەکاتەوە. نوسین، خۆپێشاندان، ناڕەزایەتیەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و لە هەموویان گرینگتر خەباتی شەقام زۆر گرینگن، بەڵام ئەویەکانە دەبێ ڕێکبخرێن و بکرێن بەهێز. بۆ ئەوەی ترسی خەڵک کەمبکرێتەوە، باشتروایە دوای قۆناغی گفتوگۆ، پرۆژە و مانیفێستۆیەکی گشتی و ڕوون بنوسرێتەوە. کاتی ئەوە هاتوە ئەوکەسانەی لەگەڵ مانەوەی ئەو ڕەوشەدانین بەو شێوەیە خۆیان یەکلایی بکەنەوە و پەنجەبەرزبکەنەوە. ئیتر من پەنجەکانم بەرزدەکەمەوە و دێمەپێشەوە بۆ هەنگاوی کرداری.

# پێکناکۆکی و سەربەخۆیی



ئازادیی کۆمەڵگە
لەتیف فاتیح فەرەج

**سەرەتا :**

لە نێوان عێراقی عەرەبی و باشووری کوردستاندا هێڵێکی باریکی جیاکەرەوەهەیە، هێڵێك کە زۆرترین ململانێ و شەڕی لەسەرە، لە رابردوودا بەشی هەرە زۆری ئەو هێڵە لە چوارچێوەی نەخشەی کوردستادا بووە، هەڵبەت ئەو نەخشانەی لە رابردوودا بۆ ناوچەکە کێشراون و من ئێستا نەخشەیەکی ساڵی ١٩٢١-م لە بەردەستە لەو بارەیەوە. پێدەچێت ئەو هێڵە باریکە کە چەندین ناوچەو شوێن دەگرێتەوە، کاتی خۆی عوسمانییەکان بە مەبەستی هێڵی سەربازیی، یان هەر هۆیەکی تر دروستیان کردبێت، دیارە مەرجیش نییە بەو جۆرە بێت، لەبەرئەوەی هێڵە باریك و درێژەکە کە نزیکەی لەم سەر بۆ ئەو سەری عێراق دەگرێتەوە، هەر تورکمانی تێدا نییە، هەندێك شوێن بە هیچ شێوەیەك تورکمانی تێدا نییە، هەندێ شوێن بە چڕی تێیدایە. لە پشت ئەو هێڵەوە لە بەشێکی زۆری زنجیرە چیاو تەپۆڵکە هەیە، بە تایبەت زنجیرەی حەمرین کە ئەوە بە تەواوەتی سنوری نێوان باشووری کوردستان و عێراقی عەرەبییە، کورد دەبێت هەر گفتوگۆ و دانوستانێ بکات لە وخاڵەوە دەسپێبکات نەك خۆی هۆیەك بێت بۆ لە دەستدانی بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە، لەم کورتە نووسینەی خوارەوەدا دەمانەوێ باسی ئەو هێڵەو پێکهاتەکانی و کوردستانی بوونی و لەمپەرەکانی بەردەم گێڕانەوەی بۆ سەر کوردستان بکەین و هەڵوەستەیەکیش لەسەر ئەو ریفراندۆمە بکەین کە بڕیارە لە ئاییندەدا بکرێت.

## تورکمانەکان بە ئاشکرا و بە پاڵپشتی تورکیا داوای بەشێکی گرینگی ئەم هێڵە دەکەن

**ئەو شوێنانەی لەسەر ئەو هێڵەن:**

ئەو هێڵەی باسی دەکەین، لە نزیکی لە سنوری سوریا و تورکیاوە دەست پێدەکات و لە هەندێ شوێن دەگاتە تەنیشت سنوری ئێران و درێژدەبێتەوە تا بەسرە، واتە نزیکەی هەموو درێژی رووبەری عێراق دەگرێتەوە، نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە هێڵەکە لە سنوری دیالەوە تا نزیکی بەغداد دەڕوات، ئەم هێڵە لە شەنگال و موسڵ و تەلەعفەرەوە دێت بەرە و قەراج و مەخمور و سەرگەڕان دواتر پردێ، دوبز، کەرکوك هەروەها داقوق، خورماتوو، کفری و جەلەولاو سەعدیە و خانەقین و بەدرە و جەسان، لەوێشەوە بەرەو سنوری بەسرە.

ناوچەی گرینگ سەر ئەم هێڵە پارێزگای کەرکوکە، هەروەها چەندین شوێنی گرینگی پارێزگاکانی موسڵ، دیالە، تکریت، کوت، دەکەونە سەر ئەم هێڵە، تورکمانەکان بە ئاشکرا و بە پاڵپشتی تورکیا داوای بەشێکی گرینگی ئەم هێڵە دەکەن و خۆیان بە خاوەنی دەزانن، لە کاتێکدا زۆربەی ناوچەکانی سەر ئەم هێڵە ناوچەی کوردستانیین وەك جیۆگرافیا و وەك خەڵکیش بەردەوام لەبەردەم سڕینەوە و تەعریبدا بوونە، بە تایبەت کورد؛ ئێستا گەرم ترین ناوچە و پڕکێشە ترین ناوچە لە سەر روبەری




عێراق و هەرێمی کوردستان ئەم هێڵەیە، کە من پێموایە لە ئاییندەدا ئەگەر بە ئاوەزەوە مامەڵەی لە گەڵدا نەکرێت، جگە لەوەی دەبێتە هۆی کێشەی گەورە، بە زیانی زۆریش بۆ کورد بە کۆتا دێت.

ئەو شوێنانەی لە سەر ئەو هێڵەن، هەر ئەوە نییە کە کێشەکەیان لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمدا بێت و بەس، ئەو شوێنانە تەنانەت تورکیا و ئێران-یش بە ئاشکراو بێ پەردە دەستوەردانی تیا دەکەن و ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر تورکیا لە ڕێی حیزبە نزیك و بە کرێگیراوەکانییەوە بە ئاشکرا ئەو ناوچانە تەتریك دەکات و هەڵبەت بە شێکی زۆر لە خێروبێرەکەیشی دەبات بەتایبەت لە کەرکوك لە ڕێگەی بیرە نەوتەکانی کێڵگەکانی هاڤانا و بای حەسەنەوە، ئێرانیش بە شێوە و ڕێگەی تر هەمان دەستتێوەردانی هەیە و لە هەندێک شوێن بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیا لە لایەن یەکترەوە ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، بە تایبەت لە خورماتوو و تەلەعفەر و شەنگال.

**پێکهاتەکانی ئەو چوارچێوەیە:**

لەو ناوچە فراوانە چەندین زمان و ئایین و نەتەوەو پێکهاتە هەن کە هەموویان هەریەك بە جۆرێ خۆیان بە خاوەنی ئەو ناوچەیە دەزانن و هەندێکیشیان زۆر پێکناکۆکن، لە ڕووی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسییەوە، هەڵبەت هەندێکیان دەستی دەرەکیان لە پشتە بۆ ئەوەی نەتوانرێ لەو ناوچەیە ئارامی و تەناهی بێتە دی، لەو ناوچانە: کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشوری، ئەرمەن، کوردی ئێزیدی، هەروەها کوردی فەیلی، کوردی یارسان (کاکەیی) کوردی شەبەك هەن. لە نێو ئەو پێکهاتە کوردییانەدا خەڵك هەن خۆیان بە کورد نازانن، یان نایانەوێ کورد بن، لە ڕووی ئایینییەوە: ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی، سابیئە، ئەرمەنی هەن، لە ڕووی مەزهەبییەوە، شیعە، سوننە، کاکەیی، فەیلی، ئێزیدی، مەسیحی بە چەندین مەزهەبی جیا هەن، لە نێو ئەم پێکهاتانەدا گەورەترین کێشە و گرفت لە نێوان کورد و عەرەب و تورکماندایە لە سەر خاوەندارێتی، تورکمانەکان بە شێکی زۆر لەم ناوچانە، هەڵبەت بە کەرکوکەوە بە ناوچەی تورکمانی دەزانن و لەو ناوچانە داوای خۆبەڕێوەبەری تورکمانی دەکەن، عەرەب ئەم شوێنانە بە شوێن و ناوچەی عێراقی دەزانن و ئامادەنین دەسبەرداریان بن، سەرەڕای بوونی ماددەی ١٤٠ کە ماددەیەکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەو ناوچانە لە دەستوری عێراقیدا دەنگی پێدرا و دەبوو لە ٣١-١٢-٢٠٠٧ تەواوی ڕێکارەکانی کۆتای پێهاتبا، دوای تێپەڕینی ١٠ ساڵ بە سەر ئەو مێژووەدا « ئێستا ٢٠١٧» هێشتا ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکراوە و کێشەکان وەك خۆیان

ماونەتەوە، کوردیش ئەو ناوچانە بە ناوچەی کوردستانی دەزانێتَ و نزیکەی ١٠٠ ساڵە لەسەر کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە شەڕ دەکات.

لە ڕووی ڕێژەی دانیشتوانەوە لە هەندێ شوێن بۆ هەندێ شوێنی تر جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە هەندێ شوێن تورکمان زۆرینەن وەك تەلەعفەر، لە هەندێ شوێنی تر کورد وەك خانەقین، لە هەندێ شوێن عەرەب زۆرینەن وەك حەویجە، لە چەندین شوێنی تر ڕێژەکان تاڕادەیەك لە یەکترەوە نزیکن، مامەڵە کردن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو شوێنانە لە لایەن پێکهاتەیەکەوە هەرگیز ئاسودەیی بە دووی خۆیدا ناهێنێ، ئەگەر گیانی لێبوردەیی و یەکتر قەبوڵکردن قوڵنەکرێتەوە، بۆ ئەمە پێویستە ئەزمون لەو ڕابردوە وەربگیرێ کە عەرەبەکان بۆ ماوەیەکی دور و درێژویستیان خۆیان بە سەر ئەوانی تردا بسەپێنن، هەموو ڕێگەکانی بە عەرەب کردن و بەعسی کردن و تاراندن و سڕینەوە و لە ناودانیان تاقیکردەوە و سەرکەوتوو نەبوون، لە پرۆسەی ریفراندۆم و ریفراندۆمشداچارەنوسی بەشێکی زۆر لەو ناوچانە یەکلای نابێتەوە و ڕەنگە بە پێی خواست و خەونی ئەو لایەن و پێکهاتەیە نەبێت کە بە کارەکە هەڵدەستێ، بۆ نموونە ئەگەر کورد پێی وابێت بە ریفراندۆم ئەو ناوچانە دەگێڕێتەوە ئەوە هەڵەیەکی کوشندە دەکات و ئەگەری ئەوە هەیە لە ریفراندۆمدا تەنانەت کەرکوکیش بدۆڕێنێ، ئەوە جگە حەویجە، خورماتوو، ئەگەری ئەوەهەیە شەنگال و زۆر شوێنی تر، هەڵبەت خۆ ئەگەر کورد لە ریفراندۆمیشدا لەو ناوچانە زۆرینە بێنێ، بە بێ ڕازی کردنی ئەوانی تر کە بتوانن لەگەڵ کورددا بە ئارامی بژین لە چوارچێوەی کوردستاندا، دیسان ئەگەری ئەوەهەیە لەو ناوچانە پێکدادان و شەڕوشۆڵ و ناجۆریی ڕووبدات.

ڕاستیی چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە پێویستی بە ئاوەز و لۆژیکە نەك سۆز و قسەی زل، بۆ نموونە ڕاستە

> **کەرکوك و ئەو ناوچانە وەك ئەوە وایە خرابێتنە سەر مێزی قومار، وەك چۆن ریفراندۆمیش هەمان مێزی قومارە، من بەلامەوە سەیرە کورد لە ئاستی زۆربەرزدا و بۆ نموونە لە سەر زاری مەسعود بارزانییەوە، باسی ئەوە بکات پێشمەرگە کوردستانیی بوونی ئەو ناوچانەی یەکلا کردەوە**

بەشێکی زۆر لەو ناوچانە پێشمەرگە بە خوێن پاراستونی و دەیانپارێزێ، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە خەڵکی ناوچەکە ئەمە دەکەنە پێوەری یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچەکە و بەو جۆرە بەشداری ریفراندۆم دەکەن کە کورد دەیەوێت. بە بڕوای من ماددەی ١٤٠ بە هەموو کێماسی و کەم و کوڕیەکییەوە دەکرا زیاتر سودی لێببینرێ، هەرچەند لە کاتی خۆیدا کەرکوك و ئەو ناوچانە وەك ئەوە وایە خرابێتنە سەر مێزی قومار، وەك چۆن ریفراندۆمیش هەمان مێزی قومارە. من بەلامەوە سەیرە کورد لە ئاستی زۆربەرزدا و بۆ نموونە لە سەر زاری مەسعود بارزانییەوە، باسی ئەوە بکات پێشمەرگە کوردستانیی بوونی ئەو ناوچانەی یەکلا کردەوە لە کاتێکدا سبەینێ ریفراندۆم و ڕای خەڵك مەرج نییە ئەوە بڵێت، بۆ نموونە پێشمەگە خورماتوو دەپارێزێ، بەڵام ڕێژەی کورد لە خورماتوو ٣٥٪ە لە بەرانبەردا ٦٥٪ی تورکمان و عەرەبن، ئەو ڕێژەیە هەرگیز لە ئێستادا بە خواست و ویستی کورد دەنگ بە خورماتوو نادەن، ئەمە بۆ داقوقیش هەر وایە بۆ جەلەولاو سەعدیە و هتد...، ئەوە جگە لە دەیان شوێنی دەشتی نەینەوا، هەڵبەت لەم پرۆسەیەدا حەویجە بە تەواوەتی لە دەست دەچێت و لەوەش دەچێت ئێستا پارتی کار بۆ ئەوە بکەن کە ئیتر حەویجە لە دەرەوەی کەرکوکدا بێت، ئەمە بە گوێرەی قسەی پارلمانتارێکی پارتی کە وتی خەڵکی کەرکوك چی تر نایانەوێ حەویجە بێتەوە سەر شارەکەیان و لێی بێزارن.

### چی بکرێت و چۆن ؟

لە ڕاستییدا ئەو ناوچە پێکناکۆکانە

کە بەلای هەرکوردێکەوە کوردستانیین و پێشتر ستەمیان لێکراوە و نادادیی زۆریان تیا بەرپێوە چووە، پێویستیان بە ئاسایکردنەوە و ئاشتکردنەوەی پێکهاتەکانە لە تەك یەکترا، ئاشتکردنەوە بە مانای سڕینەوەی هەموو ئەو دڕدۆنگی و ناسازییەی نێوان پێکهاتەکان، بۆ ئەمە ئەوەندەی دەبێت کار لەسەر قوڵکردنەوەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و هاوبەشی راستەقینە پێویستە ئەوەندە هەڵپەی ریفراندۆم و ریفراندۆم پێویست نییە، کە ریفراندۆم و ریفراندۆم زیاتر لە پرۆسەیەك دەچێت بۆ دۆڕاندنی ئەو ناوچانە، من لام وایە ئەمە خواستی تورکیایە، لە ئێستادا ریفراندۆمچییەکان دەیانەوێ بە دیبێنن، ریفراندۆمچییەکان پێویستە بخرێنە بەردەم ئەو راستییەی چۆن دڵنیان ئەو ناوچانە لە دەست ناچن، یان ئەوان هەر تەنیا ئەو نەوتەی هاڤانا و بایحەسەنیان بەسە و ئیتر پێویستیان بە نزیکەی لە ٥٠٪ی خاکی باشووری کوردستان نییە، قسە لەسەر ئەوەیە لەم یارییەدا زیاتر ئەگەری دۆڕان هەیە نەك بردنەوە.

من پێشتر بە داتاو ژمارە هەندێك رونکردنەوەم داوە، بەڵام دیارە ئەوانەی باسی ریفراندۆم دەکەن لەو ناوچانە و لە قسەکەی بارزانییشدا هاتوە خاڵی یەکەم «ئەنجامدانی ریفراندۆمی گشتی لە رۆژی ٢٥-٩-٢٠١٧لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم» باشە بەم پێیە بێت دەبێ ریفراندۆم لە حەویجەش بکرێت حەویجە ناوچەی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە و ئێستا بە دەست داعشەوەیە، ئایە تا ٢٥- ٩ حەویجە ئامادە دەبێت بۆ ئەو ریفراندۆمە یان وازیلێهێنراوە، کێ ئەو مافەی بە بارزانیی و ریفراندۆمچییەکان داوە واز لەو ناوچەیەی کوردستان بێنن، ئەی خورماتوو، شەنگال، بەدرە و جەسان، ئایە ئەمانە دەستیان لێشۆراوە، یان چ گرەنتیەك هەیە بۆ ئەوەی لە ریفراندۆمدا کەرکوك نەگەڕایەوە، ئایە چارەنووسی ئەو ناوچانە چی دەبێت،

## لە راستییدا ئەو ناوچانە بەرلە ریفراندۆم و هەر هەنگاوێك پێویستیان بەئاسایکردنەوەیە

هەڵبەت ئەمە بۆ یەك ملیۆن کوردی فەیلی بەغداد-یش هەر وایە کە بارزانیی وریفراندۆمچییەکان وازیان لێهێناوە، لە بڕگەیەکی خاڵی سێیەمی قسەکانی بارزانییدا هاتووە «ئایە دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟» بەڵێ و نەخێر دانراوە کە ئەمەش کرۆکی ریفراندۆمەکەیە، دەی ئەگەر لەو ناوچانە یان لە هەر ناوچەیەك دەنگی نەخێر زۆرینە بوو چارەنووسی ئەو ناوچەیە چی دەبێت، ئایە هەموو هەرێم و ناوچە دابڕێنراوەکان یەك بازنەن، یان هەر پارێزگایەك و بازنەیەك، لە دۆخی یەك بازنەدا ئاخۆ حکومەتی عێراق چۆن رازی دەبێت ناوچە دابڕێنراوەکان لەو چوارچێوەیەدا بن یان ئەگەر حکومەتی عێراقیش رازی بوو، خەڵکی ئەو ناوچانە، پێکهاتە جیاجیاکان چی کراوە بۆ رازی کردنیان؟

لە سەر شێوازی ریفراندۆمەکە تا ئێستا هیچ رووننەکراوەتەوە، ئاخۆ هەموو باشووری کوردستان یە ك بازنەیە، دەرەوەی هەرێم و ناو هەرێم هەر یەکە و بازنەیەکن یان هەر پارێزگایەک و بازنەیەکە، یان بە پێی یەکەی ئیدارییە؟

لە راستییدا ئێمە لە گەڵ سەربەخۆیی کوردستاندایین و کەس ناتوانێ وانیشانمانبدات کە سەربەخۆیی خواز نیین، یان ئەوان لە ئێمە سەربەخۆیی خوازترن، بەڵام ئێمە درك بە مەترسییەکان دەکەین و دەستیان لە سەر دادەنێین.

لە راستییدا ئەو ناوچانە بەرلە ریفراندۆم و هەر هەنگاوێك پێویستیان بەئاسایکردنەوەیە، هەنگاوی یەکەمی ئاسایکردنەوە رێکخستنەوەی سنورە جیۆگرافیاکەیەتی، ئەو سنورەی بەعس بە مەبەستی کەمکردنەوە و سڕینەوەی کورد دەسکاری کردوە، هەروەها پێویستە کورد و عەرەب و تورکمانی ئەو ناوچانە پێکەوە کۆبکرێنەوە و لە سەر یەك مێز دابنرێن، بە مەبەستی کاڵکردنەوەی کێشە و گرفتەکانی نێوانیان.

دواقسەی من لە سەر ئەو ناوچە کوردستانییانە، ئاخۆ ئەگەر سبەی بابەتەکە لە گرێژنە دەرچوو، هەروەها بووبە هۆی تێکچون و پێکدادانی خوێناوی؟ کێ بەرپرسی ئەو رووداوانەدەبێت؟ کێ دەڵێت خەڵکی تر لە دەرەوەی ئەو ناوچانە ئەو فیتنەیە دروست ناکەن؟

# ماریا میس: کاپیتالیزم لەسەر باوك سالاریی بیناکرا

ئازادیی کۆمەڵگە
سازدان: ناوەندی ژنۆلۆژی

٢٨ ی حوزەیران ٢٠١٧ لە کۆڵن ئەندامانی ناوەندی ژنۆلۆژی لە ئەورووپا نەجیبە قەرەداغی و ئیڤۆن هاینا سەردانی ماریا میسیان کرد و بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر گفتوگۆیان لەسەر زۆر بابەتی وەک تێز و کتێبەکانی ماریس میس، بەشێک لە بزوتنەوەکانی فێمینیست و دۆخی هەنوکەییان، سروشت، کۆلۆنیالیزم، ئەزموونەکانی ژنانی هندستان کە ماریا میس خۆی ماوەیەکی درێژ لەوێ ماوەتەوە. کاریگەری قەیرانەکانی سیستەم لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، دیدە نوێیەکان و دەرفەتی کردەیی کردنیان، کاریگەری تەکنەلۆژیای زاوزێ reproductive technology و کاریگەری لەسەر ژن، ژنۆلۆژی، بزوتنەوەی ئازادیی ژنی کورد و بەرهەمە فیکری و کردەییەکانی بزوتنەوەکە و شۆڕشی ڕۆژئاڤا. ئەمەش پوختەی دیدار و گفتوگۆکە بوو.

**ن. ژنۆلۆژی: تۆ زۆر جار باس لە گرنگی پراتیک دەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ تیۆری؟ بۆ پراتیکت بەر لە تیۆری پێ گرنگە؟**

**ماریا میس:** پراتیک گرنگە چونکە ئەوە پراتیکە کە پێویستی تیۆری هەنگاو بە هەنگاو دروست دەکات، پێویستە لەناو پراتیک تیۆری تێبگەی و لە تێکۆشان دا زیاتر تێبگەی کە پێویستیەکانت چیە. دەبێ بچینە ناو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکاری بکەین ناتوانین بە میتۆدی پۆزەتیڤیزم مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە بکەین کە لە دەرەوە سەیری بکەین و بمانەوێ بیگۆڕین. دەبێ تیۆری بۆ گۆڕانکاری بێ و گۆڕانکاریش دەبێ زەمینەی کارکردن بێ لەگەڵ کۆمەڵگە. نامانەوێ درێژە بە دۆخی ئۆبژێکتیڤیزم و سوبژێکیڤیزم بدەین. ئەگەر لێکۆڵینەوە بکەین لەسەر دۆخی کۆمەڵگە دەبێ هەموو سوبژە بین ناکرێت بەشێك سوبژێکت بن و ئەوەی دیکەش ئۆبژێکت بێت.



ماریا میس

**ن. ژنۆلۆژی: نموونەیەک هەیە بۆ روون کردنەوەی ئەو حاڵەتە؟**

**ماریا میس:** لە ساڵی ١٩٧٨ دا لە دژی توند وتیژی لەسەر ژن، ویستمان ماڵی ژنان دامەزرێنین لە کۆڵن، بەڵام سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتە پێی وتین توند و تیژی خێزانی نیە و رەتی کردەوە. گروپێکی خوێندکار و ژنان بووین وتمان ئێمە وەک بزوتنەوەی فێمینیست دەمانەوێ ئەو کارە بکەین. کاتێ سەرۆکی شارەوانی وتی توند و تیژی نیە. گروپەکەشمان وتیان دەچینە کۆڵانەکان و لە ژنان دەپرسین بزانین توند و تیژی هەیە و لە چ ئاستێکدایە؟ پرسیارمان کرد. توند

وتیژی هەیە یا نیە، ئەگەر هەیە لە کوێ هەیە؟ کێ بینیویەتی یان کێ توشی بووە؟ ئەنجامی ئامارەکە نیشانی دا کە زۆر توند و تیژی هەیە. چووینەوە بۆ لای سەرۆکی شارەوانی کۆڵن، وتمان فەرموو ئەوە ئامار بەڵام دیسان فەرامۆشی کرد. پاشان خۆمان ماڵی ژنانمان دامەزراند. زۆر کەس کە لە گروپەکە بوون ویستیان ماڵێک دامەزرێنن چونکە فەرمی نەبوون کارەکە زەحمەت بوو، بەڵام ماڵ یان پەناگە زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی جێیەک هەبێ کە ژنان خۆیانی لێ بپارێزن. لەبەر بێ دەرفەتی ژنان بڕیاریان دا ماڵی هەر یەکێکیان ببێتە شەلتەرێک؛ ئەوەش یەکەم جار لە ئەڵمانیا ڕووی دەدا. ئەوەش هەنگاوێکی گرنگ بوو، بۆ ئەوەی کە ژنان یەکتر بناسن لە نزیکەوە ئاگاداری دۆخی یەکتری بن و هاوکاری یەکتر بکەن و لە دۆخی ئەوانە زۆر شت تێبگەین. ئەو کاتە تەنانەت ژنە سیاسیەکان و ئەوانەی لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتدا بوون پشتگیری ئەو هەنگاوەی ژنانیان نەکرد.

**ن. ژنۆلۆژی: بەلای ئێوەوە کێشە یەکەمی ئەمڕۆی ژن چیە؟**

**ماریا میس:** بۆ دۆخی ئەمڕۆ پێم وایە کە کێشەی یەکەمی ژنان دیسان توند و تیژیە و بزوتنەوەکانی فێمنیست راوەستە لەسەر ئەو بابەتە ناکەن چونکە رێکخراوە نین و خۆیان ناپارێزن. ئەوە گرنگە کە تۆ سەرەتا بجولێی، شت بکەی و دوایش راوەستە لەسەر تیۆریەکەی بکەی. ئێستا لە کۆڵن سێ پەناگەی ژنان هەیە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە توند و تیژی زۆرە. کەواتە لە ئەنجام دا ئەو کارەی ئەو دەستپێشخەریەی یەکەم ژنان کردیان ئەگەر سەرکەوتوو بوایە ئەوە ئێستا پێویست بە ماڵی ژنان نەدەبوو. پێم وایە کە پرسەکە ژن نیە، پرسەکە پیاوە و داوای یەکسانی لەگەڵ ئەم پیاوە هەڵەیە. من تێبینیم لەسەر چەمکی « یەکسانی ژێندەر»ی هەیە. ئەو چەمکە ناتەواوە لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستا. پێویستە گۆڕانکاری بکەین بۆ ئەوەی ژن و پیاو یەکسان بن و پێکەوەبژین.

**ن.ژنۆلۆژی: بۆ تێبینیت هەیە لەسەر ئەو چەمکە لە دۆخی ئێستادا؟**

**ماریا میس:** گۆڕانکاری لە پیاودا زۆر گرنگە و ڕەخنەیەکی کە لە بزوتنەوەی ژن دەتوانین بیگرین لە ئەوروپا بە تایبەتی لە ئەڵمانیا لەبەرئەوەی کە لێرە شتێکی وەها هیچ ڕووی نەدا، بزوتنەوە فێمینستەکان لێرە تێکۆشانیان کرد کە مافەکانیان وەک مافی پیاو بێت. هەموو شتێک وەک پیاو بێت. ئەوە باش نیە چونکە پیاو ئەمڕۆ زۆر ستەمکار و زۆردارە و باڵادەستە لەسەر هەموو شتێک نامانەوێ ژن بەشداری ئەو رێبازەی ژیان ببێت. دەبێ کەسایەتی، ژیان و ئسلوبی پیاو بگۆڕێت. ژنان لێرە تەنیا لەسەر مەسەلەی یەکسانی، وەک تاکەکەسی بیردەکەنەوە نەک وەک مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە نیە بەو چەمکەی یەکسانی.

**ن. ژنۆلۆژی: لە ڕوانگەی ئێمەوە، وەک ناوەندی ژنۆلۆژی پێمان وایە کە ژنان فێمینیست سێکوچکەی پیاوسالاری، سەرمایەداری و دەسەڵاتداری لە یەک دادەبڕێنن؟ تێکۆشان لەبەرامبەر یەکێکیان جیا لەوەی دیکە دەبینن؟**

**ماریا میس:** زهنیەتی باوکسالاری و دەسەڵاتداری یەکەمینە لەسەر ژنە، ئەو دوو چەمکە بۆتە سەرچاوەی ئەوەی کە کاپیتالیزم خۆی بیناکرد. کاپیتالیزم لەسەر باوکسالاری بیناکرا. دەبێ هەردوو پێکەوە ببینین. ئەمڕۆ پیاوی سپی هەموو شتێکی داگیرکردووە، جیهان، ژن، سروشتی داگیرکردووە. دەبینن کە مەکسیک، ئەمەریکای لاتین و زۆر جێگەی دیکەیان داگیرکردووە و هێشتاش داگیری دەکەن. مارکس بە شێوەیەکی راست ئەنالیزی سەرمایەداری نەکرد، چونکە کاری ژن و ڕەنجی ژنی نەبینی. تەنیا لەسەر پرۆلیتاریا شیکردنەوەی کرد. لە راستی دا بناغەی کاری پرۆلیتاریا ژنە، کاری ماڵ، منداڵ خستنەوە، بەرهەمهێنان و... هتد، بەڵام مارکس ئەوانەی وەک کار نەبینی. مارکس وەک راستەهێل سەیری مێژووی کرد و ئەوەش راست نەبوو چونکە دۆخی ئێستای ئێمە لە پێشوو باشتر نیە. ئەو دیدەی مارکس کە پێی وایە هەر شت بەرەو پێشەوە دەچێت راست نیە. دۆخی پیشەسازی ئەمڕۆ کە مارکس پێی وابوو پیشەسازی پێشکەوتوو گرنگە بۆ مرۆڤ، ئەمڕۆ دەبینین کە دۆخی کۆمەڵگەی تێکداوە و کۆمەڵگەی کردۆتەوە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر. دۆخی ژن لە کۆمەڵگەی چینی ناوین دا خراپترە، چونکە ژن تەنیا دەمێنێتەوە و بێ پاراستنن و رێز بۆ ژن نیە و تەنیا وەک هێزی کار دەبینرێت. جیاوازیەکەی لەگەڵ کۆمەڵگەی فیوداڵ دا ئەوەی کە ژن لەوێ لە ژێر ناوی دیکەدا و پاساوی دیکەدا باشتر دەتوانن خۆیان بەکۆمەڵ بپارێزن چونکە مەترسی باشتر دەبینن.

ژن لە کۆمەڵگەی چینی ناوین دا مەترسی زوو نابینێ و زیاتر پشتی خۆی بە دەوڵەت دەبەستێ و ئەوەش راست نیە، چونکە دەوڵەت نەک ناپیارێزێت، بەڵکو لەو کەسانەش ناپرسێتەوە کە دەستدرێژی بەکۆمەڵ دەکەنە سەر ژن، پرسەکە تەنیا ئەوە نیە کە دەوڵەت لێیان دەپرسێتەوە، بەڵکو کە دەستدرێژی رووی دا ئیتر زیندانیکردن دۆخێکی درەنگکەوتووە. دەستڕاگەیشتنی ژن بە کار و خوێندن بە واتای ئازادکردنی نیە ئەگەر گۆڕانکاری لەخێزان دا دروست نەبێت.

**ن. ژنۆلۆژی: جوڵەیەکی بەرچاو هەیە لە بزوتنەوەی ئەلتەرناتیڤ لە نێو ژنانی ئەڵمانیادا ئێوە گەشبین نین بەوە؟**

**ماریا میس:** بۆ دۆخی ئەمڕۆ زۆر گەشبین نیم، چونکە دۆخی ژن نە گۆڕاوە و بزوتنەوەکانی فێمینیست زۆر بێدەنگن. لە هندستان ژن زۆر بەهێزن، ژنانی ئەڵمان زۆر لاوازن، لە باری رێکخستنی و کەسایەتی. فەرموو ( ئاماژە بە رۆژنامەیەکی بەردەمی کە وێنەی ژنێکی هندستانە کە هەواڵەکەی ئاماژە بەوە دەکات ژنێک بۆتە سەرۆکی بانکێکی گەورە) ئەوە ژنێکی هندی کە سەرۆکی بانکێکی هندستانە، بەڵام ئەمڕۆ یەک ژنی ئەڵمانی نابینی کە سەرۆکی بانک بێت، بۆ یەک جاریش دۆیچە بانک سەرۆکەکەی ژن نەبووە. دۆخی ژن لێرە باش نابینم. زۆر کار دەکەن، زۆر کاری شاراوە دەکەن، خۆیان رێکخستن ناکەنە و ناپارێزن، زۆر تەنیان، خراپترین بارودۆخ باردۆخی کچانی گەنجە بە تایبەتی کاتێ دەڵێن» پێویست بە فیمینیزم نیە» . ژیانێکی بێ وزە و بێ جۆش هەیە. تەنیا ژیانێکی ئاسایی دەوێ. تەنیا بیر لە خۆی، پیاو و ئایندەی خۆی دەکاتەوە. کچانی گەنج شتێک لەسەر فێمینیزم نازانن چونکە پێیان وایە کە ئازادن و ژیانیان باشە. ئەوەش گوزارە نیە لە راستی.

**ن. ژنۆلۆژی: بەو نمونەی بانکەدا پێت باشە کە ژن بەشداری سیستەمی سەرمایە بین؟ بەڵام تۆ لە تێزەکانی خۆت دا لە دژی ئەوەی!**

**ماریا میس:** راستە؛ دەبێ ئامانجی ژن ئەوە نەبێ کە ببنە بەشێك لەو سیستەمە، بەڵام دەبێ بزانین کە ژن لە هندستان ئەو کارە ناکەن کە تەنیا بۆ خۆیانی بەکاربێنن، بەڵکو بۆ ژنی تریشە. بەکارێکتەری پیاو ئەوە ناکەن. بێ گومان دەبێ ژن بەشداری سیستەمی سەرمایەداری نەبن. دەمەوێ نمونەیەکی تر بێنمەوە کە لە دەنهاگ پێشتر پەیمانگایەک بۆ ژن دامەزرا بەناوی ژن و پەرەسەندن و لە زۆر جێگەی دونیاوە ژن هاتنە ئەو پەیمانگایە، زۆر ژن لەسەر بنەمای ئەو زانینەی لەوێ بەدەستیان هێنا، چونەوە و لە وڵاتەکانی خۆیان رێکخستنی ژنیان دامەزراند. هەموو بزوتنەوەیەکی کە بۆ ئازادیی نەتەوەیی شەڕ دەکات، لە سەرەتای تێکۆشانەکانیان دا بۆ رزگارکردنی وڵات، دواتر دەزانن کە تێکۆشانی ژن سەرەکیە بۆ رزگاری. درک بەوە دەکەن کە بێ رزگاری ژن ناتوانن وڵات ئازاد بکەن، نمونەی ئەوە دەتوانین لە هندستان، لە نیپاڵ دا. بۆ نمونە لە وشەی نیشتمانی دایک motherland بەو واتای ئەوەیە کە دایک یان خوداوەندی دایک هەبووە بۆ ئەوەش رزگاری ئەو خاکە یان ئەو وڵاتە بێ رزگارکردنی ئەو کەلتورەی دایک لە دەستی داگیرکەردا نابێت. من لە کتێبەکەم « ژنان، دوایین کۆلۆنین» بە درێژی باسی ئەوەم کردووە کە ژن کۆلۆنی یەکەم و داگیرکراوی یەکەمن.

**ن. ژنۆلۆژی: ئێوە لە گفتوگۆکانتان دا باستان لە مەترسی تەکنەلۆژیای زاوزێ کرد ئەو کەی دەکرێت ببێتە مەترسی؟**

**ماریا میس:** بابەتێکی گرنگە بۆ گفتوگۆ؛ مەسەلەی تەکنەلۆژیای زاوزێ کە کار لەسەر منداڵی لولەیی دەکرێت بە رێی پیتاندنی دەرەوەی منداڵدن. ئەوەی لێرەدا بۆتە جێی مشتومڕ، مەسەلەی کرێکردنی منداڵدان و بەکارهێنانی ژن یان تاقکردنەوەیە جینەکانە لەسەر ژن. رێکخراوی تۆڕی نیونەتەوەیی فێمینیست بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەندازیاریی جینایەتی و زاوزێ (FINRRAGE) لە پێناوی بەرەنگاربونەوەی زهنیەتی پیاوسالاری و رێگرتن لەو ئیستغلالکردنە دامەزرا. پێم وایە لە قۆناغی ئێستادا بە ناوی پێشکەوتن و پەرەسەندنی تەکنەلۆژییەوە کاری زۆر دڕاندانە لەبەرامبەر ژن دەکرێت. وای لێهاتووە ئەو کۆمپانیانەی ئەو کارە دەکەن دەستیان بە بازرگانکردن بە منداڵدانی ژنانی دیکەی هەژاراوە کردووە، بۆ خستنەوەی منداڵ بۆ ژنان و پیاوانی سپی. ئەمە بەئاشکرا داگیرکارییە. دەبێ بزوتنەوەکانی فێمینست لە دژی ئەوە بوەستنەوە و کاری لەسەر بکەن.

**ن. ژنۆلۆژی : لە جێیەک دا باس لە رێنوێنی خۆژێنی دەکەی ئەم چەمکە چۆن کاری پێ بکرێت؟ لەبەرامبەر بە چ چەمکێک دەکرێت ببێتە ئەلتەرناتیڤ؟**

**ماریا میس :** پێم وایە لەم قۆناغەدا سیاسەتێک خۆراک نیە کە لەگەڵ ئەخلاق بێتەوە، چونکە دەرفەتێک نەهێڵراوەتەوە بۆ خۆژێنی. ناچارکراوین لەسەر ئەوانی دیکە بژین و کەڵک لەوانی دیکە وەرگرین. بە داگیرکاری ئەوانی دیکە، دەژین، نەک لەسەر بنەمای خۆژێنی. بەهۆی تەکنیکەوە مرۆڤ لە ریشەی بەرهەم دابڕاوە، بۆ ئەوەش مرۆڤ لەپێناسەی هەلومەرج و بەهای کار دابڕاوە. لە کێڵگەی باوکم دا، مرۆڤ و ئاژەڵان پێکەوە دەژیان. زۆر جار دایکم تەنانەت لەگەڵ مانگا و بەرازەکان دەمایەوە تا بەچکەکەیان دەبوو. دەکرێت ڤیگانیزم چەمکێکی رۆشنکەرەوە بێت لەبەرامبەر دۆخی لیبرالیزم لە رۆژی ئەمرۆدا. لە جێی ئەوەی کە داگیر بکەین و چاومان لەوانی دیکە بێت کە خۆمانیان لەسەر بژێنین دەکرێت بە رێنوێنی خۆژێنی هەرکەس لەو جێیەی لێیەتی کەڵک لە سەرچاوە و دەرفەتی ژیان ببینێت، لە جێی ئەوەی کە بە شەڕ زەوی و سامانی ئەوانی دیکە داگیربکات، دەکرێت پەرە بە ئەلتەرناتیڤ بدەین بە کەڵک وەرگرتن لەرێبازی هاوشێوەی ڤیگانیزم چونکە سیستەمی لیبرالیزم هەمووو شتێکی رەوا کردووە و مرۆڤی لە خۆژێنی دوورخسۆتەوە. تەنانەت کێڵگە و زەوییەکانیان کردۆتە چۆڵەوانی بۆ کاری خۆیان. بۆ بەدەستهێنانی رۆنی ڕووەکیی دارخورما دارستانەکان دەبڕنەوە و خەڵکی یان کۆچبەر دەکەن یان ناچاریان دەکەن تەنیا ئەو دارانە بڕوێنن.

**ن. ژنۆلۆژی: ئێوە ئاگاداری ئەوەن کە ژنانی کورد کەڵکیان لە بەشێکی تێزەکانی ئێوەش وەرگرتووە؟**

**ماریا میس:** زۆر خۆشحاڵم و بۆ من چاوەڕواننەکراوە کە ئەمرۆ ژنی کورد کەڵک لە تێز و هزری من وەردەگرن بۆ ئازادی ژن و کۆمەڵگە. بۆ نمونە ئەم تۆوە ( کاتێ پەنجەی بۆ ئینجانەیەکی بەردەمی رادەکێشێت کە نەمامی گوڵێکی تێدا سەوز بووە)، لە مەکسیکەوە بۆم هاتووە چاندم ئێستا بەرهەمەکەی دەرکەوتووە، ناوی تۆوەکە (کۆمەڵگەی نوێ) یە . وەک ئەم تۆ و گیایەی کە گەشەی کردووە تۆ تێزێک یان فکرێک دێنیتە ئاراوە، بەڵام وەک شتێکی چاوەڕوانەکراو بەرهەمەکەی لە جێیەکی تر دەردەکەوێت. من گەڕامەوە گوندەکەم و سەیرم کرد کە دەتوانم بەدیدێکی نوێوە لە شتە کۆنەکان بڕوانم، من تێگەیشتم لە گوندەکەمەوە کە فرەچەشنی، کاریگەری دارو گوڵەکان لە یەکتر، رەنجێکی کە لەبەر ئەو شتانەی پێگەیشتووە دراوە. من تێگەیشتم تەنیا گوڵ ناتوانن بژین، بەڵکو گوڵ، دار، تیشکی رۆژ دەتوانن پێکەوە بژین و یەکتر بەهێز بکەن. من لە گوندەکەمەوە دوای کەوتمە ئەو تەمەنەوە ئەو فێر بووم. ژن باشتر سروست و ئاژەڵ دەناسن و پەیوەندیان بەهێزترە، لەسەر بنەمای بەرخۆری، تاڵانی و لەسەر بنەمای بەکارهێنان نیە لەسەر بنەمای ڕێز و ئەمپاتیە، ژیانی ژن لەگەڵ منداڵەکانی وەک ژیانی ئاژەڵە لەگەڵ بەچکەکانی، بەچکە هەمیشە بۆلای دایک دەچێت. هەر ئەو نمونەی تۆ باست کرد (ناوەندی ژنۆلۆژی: لە گوندێکی کوردستان من خۆم بینیم ژنێک مەڕ و ماڵاتی دۆشی و ڕەوانەی لەوەڕگەی کردن، دواتر من لە ژن و پیاوەکەم پرسی کە ئەگەر ژن دووگیان بێت، یان نەخۆش بێت یان بۆ چەند رۆژ بچێتە شار کێ دەیاندۆشێت، پیاوەکە وتی من کراسی هاوسەرەکەم لە خۆم دەکەم و من دەیاندۆشم، کە بۆنی هاوسەرکەم دەکەن لە جلەکانەوە رێ دەدەن بیاندۆشم) گرنگە و زۆر سەرنج ڕاکێشە.

**ن. ژنۆلۆژی: نازانم چەندە ئاگادارن کە گوندی ژنان ژینوار هەیە لە رۆژئاڤا هەیە کە ژنان خۆیان بونیادی دەنێن. ئەوە دەبێتە بەرهەمی ژنان کە تێدا خۆیان پەروەردە دەکەن و دیدی نوێی خۆیانی تێدا گەڵاڵە بکەن، هێز و ئیرادەی خۆیان بۆ چارەسەری پرسەکان نیشان دەدەن و خۆیانی تێدا رێکخستن دەکەن. ئەوە تەنیا ئەلبەتە لە گوندی ژنوار نیە بەڵکو ژن لە رۆژئاڤای کوردستان کە بەشی باکوری سوریایە، لەسەر بنەمای هاوسەرۆکایەتی بەشداری یەکسانیان هەیە لە بەرێوەبردن و وەگەڕخستنی ژیانیان لە هەموو بوارێکەوە و ڕێکخراوەی چەترئاسای تایبەت بە خۆشیان هەیە و ئەو بەشدارییەیان لە بواری سەربازی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاکادیمی، هەم لە رووی تیۆری و هەم کرداریەوە لەسەر بنەمای ئازادی زایەندی، ئەکۆلۆژی و دیموکراسیە. جگە لە هاو-وتەیێژ و هاوسەرۆکایەتی لە دەزگا تێکەڵەکان دا، خۆیان لەشێوەی کۆمین، ئەنجومەن دا رێکخستووە.**

**ماریا میس:** لە دژی توند وتیژی سەر ژنان چیان کردووە؟ ئەوە گرنگە. دەکرێت تیشک بخرێتە ئەو گۆڕانکاریە لە ژنانی کورد چونکە بۆ یەکسانی پێویست

بە گۆڕانکاری هەیە.

**ن. ژنۆلۆژی: ماڵی ژنان دامەزراوە ( هەر وەک ئێوەش باستان کرد بۆ کۆڵن) ڕێکخستنِ ژنان بەربڵاو لە هەموو جێیەک دامەزراوە نەک تەنیا لە پاراستنی ژنان بەرێی ئاسایشی ژنان مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی توند و تیژی دەکات، بەڵکو بە میتۆدی پەروەردەش مامەڵە لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار بەو توند وتیژیەوە دەکات. وەک وتتان ماڵی ژنان زۆر گرنگە کە بیانەوێ هەروەزیانە چارەسەری کێشەکانیان بکەن، بەڵام پێشیان وایە کە چارەسەری پرسی توند و تیژی تەنیا کێشەی ژن نیە، بەڵکو کێشەی کۆمەڵگەشە، کێشەی ژنانیشە بۆ ئەوەش بە زانستی ژنۆلۆژی تەواوی بوارە هزرییەکان دەخرێتە بەر ڕەخنە و کار لەسەر گۆڕینی زهنی دەکرێت، هەروەها پیاو بۆ نمونە چەمکی «کوشتنی پیاوێتی» ئۆجالان خستیە ئەجێندای بزوتنەوەی ژنەوە. کوشتنی پیاوێتی بە واتای گۆڕینی ریشەیی زهنیەتی پیاوسالاری بەرێی پەروەردە و ڕێبازی گفتوگۆ و ڕێ و شوێنی جوارجۆر گرتنەبەر تا ئەو کاتەی گۆڕانکاری دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێی. ئەوەش بەشێکی گرنگی کارەکانی بزوتنەوەی ژنە، بێ ئەو گۆڕانکاری ئازادی کۆمەڵگە و ژن گەرەنتی نابێت، کەی پیاو پرسی ئازادی وەک پرسی خۆی بینی، ئەو دەکرێت بڵێین تێکۆشانی ئازادی هەنگاوێکی گرنگی ناوە، ئەو لە ئاستی دەستەبژێردا هەنگاوی ناوە و پێویستی بە هەنگاوی زیاترە. ئەلبەتە ئەوە کارێکی سەختە، زانستی ژنۆلۆژی و گفتوگۆکان لە تەوەرە و باسەکانی ژنۆلۆژی دا زەمینەی گۆڕانکاریەکەی ئاسانتر کردووە.**

**ماریا میس:** دەکرێ ژنان لەو تیۆری « کوشتنی پیاوێتی» لە ژنانی کوردەوە فێر ببن. لێرە دەڵێن کە دەبێ ژن لەگەڵ پیاو هەڵبکات بۆ؟ لەگەڵ پیاوێتی ستەمکار و زۆردار هەڵبکات. هەروەها خۆشحاڵم بە دامەزراندنی گوندی ژنوار هەنگاوێکی باشە گرنگە کە ژنان خۆیان ئەوە دەکەن. من ٢٠١٢ لە زانکۆی کۆڵن بانگی کۆنفرانسی ژنۆلۆژی کرام، بەڵام بەهۆی تەمەن ( ٨٢ ساڵ) و نەخۆشی نەمتوانی بەشداری بکەم. پێشتر چومە کۆبونەوەیەکی تر لە کۆڵن و بەشداریم کرد. ژنۆلۆژی گرنگە، بەڵام زانیاری زۆرم لەسەری نیە دەمەوێ زیاتر بزانم لەسەری. دەبێ ئەو ژنانەی کە تێکۆشان دەکەن مێژووی خۆیان بناسن ئەو ژنانەی مێژووی خۆیان نەناسن ناتوانن نە تێکۆشان و نە شتێکی تر بکەن. ئەگەر هەر کەس خۆبووەن بژی ئەوە داگیرکەری نامێنێت. ئەو گەلەی داگیرکراوە دەبێ جارێکی تر هەبوونی خۆی بدۆزێتەوە و ڕێکخستن بکات. بۆ نمونە خەڵکی هندستان دەخوازرا بتوێنرێنەوە لە نێو کەلتوری ئینگلیز دا و وەک کەلتورێکی باڵا خۆی نیشان دا. ویستیان خەڵکی هندستان وەک خۆ لێبکەن هەر گەلێک دەبێ کەلتور و هەبوونی خۆی بپارێزێت.

**ن. ژنۆلۆژی: زیاتر بە چیەوە سەرقاڵن، جێگەکەتان زۆر بێدەنگە، زۆربەشی کەسانی بەتەمەنن؟**

**ماریس میس :** ( کتێبخانەکەی پیشان داین کە سەدان کتێبی خۆی تێدایە) ئێستا چەندین کتێبم بۆ زمانی دیکەش وەگەڕکراوە وبۆیان هێناومەتەوە. ( بەپێکەنینەوە ) دەوڵەت ئێمەی لێرە وەک گیتۆ کۆکردۆتەوە، وەک بار سەیرمان دەکات. لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە خەڵکی خاوەن ئەزمونین و دەتوانین زۆر کەڵک بە دەوروبەر بگەیەنین. وەک ئەوەی کە ئێمە تەنیا چەند ساڵێکمان ماوە بۆ مردن . ئێمەیان لە کۆمەڵگە دابڕاندووە، دەوروبەرم هەموو کەسانی بە تەمەنن، بەڵام ئێمە خۆمان نەدایە بەر ئەو کەشەی بۆمان دروستکراوە، بەڵکو لێرە لەگەڵ پیرەکانی دەوروبەر گروپێکی میوزیکمان سازکردووە کە گۆرانیە ئەڵمانیە کۆنەکان زیندوو دەکەینەوە. لە ئایندەیەک نزیک دا کۆبونەوەمان دەبێت و لێرەش هەندێ ژیان بۆ شەقامیش دەگەڕێنینەوە.


ماریا میس کێیە؟

ماریا میس لە ساڵی ١٩٣١ لە کۆڵن لە دایک بووە. مامۆستای سۆسیۆلۆژی بووە لە زانکۆی کۆڵن. بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە زانکۆی گۆتە لە هندستان مامۆستا بووە و نامەی دکتۆراکەشی لەسەر ژنانی هندستان بووە. ماوەیەکی درێژ چالاکی لە بزوتنەوەکانی ژنان هەبووە و یەک لە دارێژەران و چالاکی بواری ئیکۆفێمینیزمە. ژمارەیەکی زۆر لە وتار و کتێبی نوسیوە، ناوەدارترینیان ئیکۆفێمینیزم، ژنان دوایین داگیرکراو، پیاوسالاری و زێدەبایی (کەڵەکەکردن).

# دیدگای مارکسیستیانە لە نۆڤلێتی "مەسخ"دا

ئازادیی کۆمەڵگە
ڕۆبێرت جەیمس ڕیس
لە ئینگلیزییەوە: هێمن خالید

لە رووکاردا نۆڤلێتی "مەسخ" ی کافکا تەنها وەک سەرگوزشتەی کەسێک دەردەکەوێت کە بەیانیەک لە خەو هەڵدەستێ و دەبینێ بۆ حەشەرەیەک گۆڕاوە . بەڵام خوێندنەوەیەکیووردی نۆڤلێتەکە بە تیۆریە ئابوریەکانی مارکس و ئەنگڵس میتافۆرێکی بەرجەستە ئاشکرا دەکات کە ڕەبتێکی دەقیق و جدی لە نێوان چیرۆکە نامومکینەکە و ستراکتۆری کۆمەڵگا، دروست دەکات. گریگۆر سامسای پاڵەوانی نۆڤلێتەکە تەمسیلی پرۆلیتاریا یاخود چینی کرێکار دەکات و بەڕێوەبەرە نەناسراو و بێناوەکەیشی تەمسیلی چینی بۆرژوازی. ئەو ململانێیەی نێوان هەردوکیان کە دوای بەدگۆڕانەکەی گریگۆر دەردەکەوێت و وای لێدەکات قودرەتی کارکردنی نەبێت، تەمسیلی ستراکتۆری لە ئینسانخستن و بێکەسایەتی کردنی پەیوەندیە چینایەتیەکان دەکات. دەکرێت میتافۆری چیرۆکەکە بۆ سێ بەشی ئەساسی جیابکرێتەوە ( ئەگەرچی ئەمانە لە ناو چیرۆکەکەدا تێکهەڵکێش و بەیەکداچوون). سەرەتا کافکا کارەکتەرەکان و ئەو چینە ئابوریەی



تەمسیلی دەکەن، جێگیردەکات و پاشان بەدگۆڕانەکەی گریگۆر و ئەو ڕێگایەی کە تەگەرە دەخاتە بەردەم کارەکەیی و ڕێگری لێدەکات، ڕوون دەکاتەوە. لەکۆتایشدا باسی کۆتا دەرئەنجامەکانی نەبوونی قودرەتی کرێکار بۆ کار دەکات : پشتگوێ خستنی لەلایەن خێزانەکەیی و مەرگ. ئەگەرچی بەشێوەیەکی واقیعیانە ناکرێت ئینسان بگۆڕێت بۆ دەعبا بەڵکو هۆکارێک یاخود چەندین هۆکار وایلێدەکەن توانای کاری نەمێنێت. لەبەرئەوە نۆڤلێتەکەی کافکا بریتیەلە وێنەسازی و پۆترێتێکی ناوازەی سیناریۆیەکی ڕاستەقینە و پراگماتیکی، هەروەها لەناو ململانێی نێوان چینە ئابوریەکان، ووردبینیەکی بەهادارمان پێدەبەخشێت. ئێمە وەک خوێنەر هەر لە چەند لاپەڕەی دەستپێکی نۆڤلێتەکە بەخێرایی ڕۆڵی گریگۆرمان وەک پرۆلیتاریەیەک لە چیرۆکەکەدا بۆ

کەشف دەبێت. کە وەک فرۆشیارێکی گەڕۆک و موسافیر ناچار بە کار کراوە و لە هەوڵدایە بۆ مەسرەفکێشانی خێزانەکەیی و دانەوەی قەرزەکانی باوکی لە شکستی بزنسێکی لاسار و سەرکەش. لەکاتێکدا کە لەسەر تەختەخەوەکەی پاڵکەوتووە، وەک فرۆشیارێکی گەڕۆک باس لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکات " هەموو ڕۆژێک بەڕێگاوە.. ئەشکەنجەی گەڕان و سەفەر.. دوودڵی و ناڕەحەتی گۆڕینی قیتار.... خواردنی خۆراکی بێکەڵک و خراپ". ئەو کۆمەڵە ووشەیەی بۆ وەسفی کارەکەی هەڵیاندەبژێرێ ( ئەشکەنجە _ ناڕەحەتی و دوودڵی _ بێکەڵک و خراپ) بەشێوەیەکی دراماتیکیانە بێزاری و نیگەرانیەکەی بە کارە ڕۆژانەیەکەیەوە، نیشاندەدەن. بەڵام هیچ بژاردە و چارەیەکی تری نیە جگەلەوەی لەناو ئیشە جاڕس و بێزارەکەیدا لە کارکردن بەردەوام بێت، چونکە ئەو ئەندامێکە لە " چینی مۆدێرنی کرێ وەرگر، کە تەنها لە فرۆشتنی هێزی کارەکەیی بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەی بچوکراوەتەوە و خۆی خاوەنی هیچ ئامرازێکی بەرهەمهێنان نیە" ( ئیقتباسی مارکس و ئەنگڵس) . گریگۆر دەزانێت کە تاکە ئامرازی مانەوەی لە ژیان بریتیە لە کارکردنی بەردەوام، هەرچەندە کارەکەی جگە لە مانگانەیەکی بەشنەکردو و زەبوون هیچ سودێکی تری پێنابەخشێت. ئەو دەڵێت " ئەگەر لە بەرخاتری دایک و باوکم نەبوایە، زۆر دەمێک بەر لە ئێستا وازم لەو کارە دەهێنا". ئەمە تەنها زەرورەتێکی ئابوریە وای لێدەکات هەموو ڕۆژ بچێت بۆ کار. لەژیانی ڕۆژانەی گریگۆردا ململانێیەک لەنێوان ئارەزووی ئینسانی بۆ کار بەخاتری سوودی ڕاستەوخۆ بۆ خۆی و خواستە ئابوریەکان کە بەهۆی ناچارکردنی بە کارکردن بۆ کەسێکی تر لەکارەکەی نامۆی دەکەن، وجوودی هەیە. ئێمە بەزووی دوای ئاشنابونمان بە گریگۆر، بەڕێوەبەرکەیمان پێ دەناسێنرێت؛ ئەندامێکی نموونەیی چینی بۆرژوازی یان " چینی سەرمایەداری مۆدێرن، خاوەنی ئامرازەکانی

## لەبەرزیەوە قسە بۆ کرێکارەکانی خوار خۆی دەکات و لەبەر پێگە ئابورییە پێشکەوتووەکەی بە جۆرێک ئەکت و نمایش دەکات کە زۆر باڵاترە لە کرێکارەکان

بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و خاوەنکاری کاری کرێ" ( ئیقتباسی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست؛ مارکس و ئەنگڵس). بەڕێوەبەرە نەناسراو و بێناوەکە وەک کەسێکی فەرماندەر و بێهەست و بێکەسایەتی وێناکراوە. فاکتە سادەکە ئەوەیە، نەبەخشینی هیچ ناوێک پێی لەلایەن کافکاوە، ئاماژەیە بۆ نا ئینسانی بوونی ئەو بەڕێوەبەرە. گریگۆر باس لەوەدەکات " بەڕێوەبەرەکە لەسەر مێزێک دادەنیشێت و لەبەرزیەوە قسە بۆ کرێکارەکانی خوار خۆی دەکات " و لەبەر پێگە ئابوریە پێشکەوتووەکەی بە جۆرێک ئەکت و نمایش دەکات کە زۆر باڵاترە لە کرێکارەکان. تاکە شتی جێگای بایەخ و گرنگ بەلایەوە بریتیە لە بەرهەم و داهاتی کرێکارەکان. کاتێک گریگۆر دوای پێنج ساڵ لەگەیشتنی هەموو ڕۆژێک لەکاتی خۆیدا بۆ سەرکارەکەی، چەند کاتژمێرێک دوادەکەوێت، بەڕێوەبەرەکەی دەچێت بۆ ماڵیان و بەشێوەیەکی شەخسی ئیهانەی دەکات، چونکە ئەو وەک ئەندامێکی چینی بۆرژوازی خۆی هیچ کارێکی نیە ئەنجامدانی بدات، بەڵام کاتی هەیە بچێت بۆ ماڵی گریگۆر و سەرزەنشتی بکات. وێناکردنی کافکا بۆ بەڕێوەبەرە بۆژوازیەکە نیشاندانیەتی وەک کەسێکی ناحەز و وامان لێدەکات زیاتر بەشێوەیەکی سۆزداریانە بە گریگۆری دەعباوە پەیوەندیداربین تا بە بەڕێوەبەرە مرۆڤەکەوە. ململانێی ئەساسی نۆڤلێتەکە ؛ بەدگۆڕانی گریگۆر بۆ " دەعبایەکی ترسناک " میتافۆرێکە بۆ هەرچەشنە تەگەرەوکۆسپێک کەوا لە کرێکارێک دەکات قودرەتی کارکردنی نەبێت . خەسڵەتە دیارەکانی پێکهاتە و فۆرمی بەحەشەرەبوونی گریگۆر بێبەها و ناچیزن بەنیسبەت تێگەیشتن لەو سراحە تەبەقیەی کە ڕوودەدات. لەبەرئەوە وەسفی حیکایەتخوانی حەشەرەکە زیاتر تەمومژاوی و ناڕوونە و لەجیاتی ئەمە ئەوەی چیرۆکەکە فۆکەسی دەخاتە سەر بریتیە لەو ڕێگایەی کە تێیدا بەهای گریگۆر وەک کرێکارێک کاتێک توانای کارکردن لەدەستدەدات، ناچیزدەبێت و

بەکەمدەگیرێت. کاتێکیش ئەو بەهایەی لەدەستدەدات ئەوا خێزان و بەرێوەبەر و تەنانەت ژیانی خۆیشی پشتی تێدەکەن و بە مەرگێکی کلۆڵ و تەنهای دەسپێرن. یەکەم کەس کە پشتی تێدەکا بەرێوەبەرەکەیەتی _بۆرژوازی_ بەووتەی مارکس و ئەنگڵس " بۆرژوازی ئەرزش و بەهای کەسیەتی، لەناو بەهای ئاڵوگۆڕدا تواندۆتەوە" ، هەرکە جەنابی بەرێوەبەر گریگۆر لە دۆخی بەدگۆڕانەکەیدا دەبینێت دەستبەجێ ماڵەکە جێدەهێڵێت و هەرگیز ناگەڕێتەوە یاخود تەنانەت تاقە ووشەیەکیش بۆ خێزانەکە نانێرێت. تەفسیرێکی ئاشکرا و ڕوونی ئەمە بریتەلەوەی کە ئەو لەو فۆرمە حەشەریەی گریگۆر وەریگرتوە، ترساوە. بەڵام بەگوێرەی تەرزی میتافۆری چیرۆکەکە، ئیدراکی ئەو کە گریگۆر قودرەتی کاری لەدەستداوە، وای لێدەکات بەچاوێک سەیری بکات کە ئەو هیچ بەها و ئەرزشێکی نەماوە و پشتی تێبکات. لەبەرئەوە بەبێ هیچ ئۆفەرێکی کار، گریگۆر بێبەها و هیچ لەباردا نەبووە. بەرێوەبەرەکە بەبێ هیچ گرنگی پێدان و هاوخەمی و دۆستایەتیەک بۆ گریگۆر ( پرۆلیتاریا )، بەپەلە ماڵەکە جێدەهێڵێت . هەروەها گریگۆر دوای ئەوەی ناتوانێت پشتگیری دارایی بۆ خێزانەکەی دابین بکات، لەکۆتایدا لەلایەن ئەوانیشەوە پشتی تێدەکرێت. مارکس و ئەنگڵس ئاماژەیان پێداوە کە " بۆرژوازی، ڕووپۆش و پەچەی عاتفی خێزانی پارچە پارچە کردوە و پەیوەندی خێزانی دابەزاندۆتە سەر پەیوەندی پارەی ڕووت". نۆڤلێتی مەسخ نموونەیەکی ئاشکرای ئەم دۆخەیە؛ کاتێک گریگۆر چیتر ناتوانێت پارە بۆ خێزانەکەی دابین بکات، ئەوا پەیوەندیشی بە خێزانەکەیەوە بەکۆتا دەگات و دەپچڕێت. باوکی کە دۆستایەتیەکی کەمی لەگەڵ هەبووە، توندترین مامەڵەی لەگەڵ دەکات و دوای بەدگۆڕانەکەی هیچ چەشنە یارمەتیەکی پێشکەش ناکات. لەیەکەم بینینی کوڕە بەدگۆڕاوەکەیدا کۆڵە مستی لێڕاست دەکاتەوە تا بیخاتەوە ژوورەکەی. پاشان ڕۆژێک کە کوڕەکەی لەدەرەوەی ژوورەکە گیری خواردووە، بەفڕێدانی میوە بۆی پەلاماری دەدات. ئەگەرچی ئەم مەشهەدە گاڵتەئامێز دیارە، بەڵام گریگۆر بەهۆی تێگرتنی سێوەکە لەلایەن باوکیەوە بەسەختی بریندار دەبێت و مانگێک بەو ئازاری برینەوە دەتلێتەوە.

**"تاقە سەردانکەر خوشکەکەیەتی و سەرەڕای ناڕەحەتبوونی بەدیمەن و ڕووکارە ترسناکەکەی هەموو ڕۆژ خواردنی بۆ دەبات و ژوورەکەی پاکدەکاتەوە**

ئەمە گاڵتەجاڕیە، دوای چەند ساڵ کارکردن لەو ئیشەی ڕقی لێیبوە تا قەرزەکانی باوکی بداتەوە کەچی ئێستا هەرکە چیتر توانای دەستخستنی ئەو پارەیەی نەماوە، دەستبەجێ لەلایەن باوکیەوە تڕۆدەکرێت. هەڵوەشانەوە و داڕمانی کۆمپلێتی ئەو پەیوەندیە دوابەدوای نەمانی پارە و مووچەکە، ئەوە نیشاندەدات کە پەیوەندیە خێزانیەکە لەسەر ئەساسی پارەی ڕووت بووە. ئەگەرچی دایک و خوشکەکەی سەرەتا بەو شێوەیە توندنین لەگەڵیا بەڵام لەکۆتایدا ئەوانیش پشتی تێدەکەن. بەتایبەت (گرێتە)ی خوشکی ڕاستەوخۆ دوای بەدگۆڕانەکە باشە لەگەڵیدا. دایک و باوکی لەماوەی دوو هەفتەی سەرەتادا ناتوانن بچنەلای، بەڵام تاقە سەردانکەر خوشکەکەیەتی و سەرەڕای ناڕەحەتبوونی بەدیمەن و ڕووکارە ترسناکەکەی هەموو ڕۆژ خواردنی بۆ دەبات و ژوورەکەی پاکدەکاتەوە. لەکۆتایدا دایکیشی دەچێتە ژوورەکەی بۆ یارمەتی گرێتە تا ئەساس و کەلوپەلەکان لەژوورەکە بەرنەدەرەوە بۆ هۆڵەکە. لەگەڵ ئەوەشدابۆ ژیانی کوڕەکەی لەباوکی گریگۆر دەپارێتەوە کاتێک باوکی بە تێگرتنی سێوەکان ناڕەحەتی دەکات. بەڵام تێپەڕینی کات بەبێ هیچ پشتگیریەکی دارایی لەلایەن گریگۆرەوە، ووردەووردە خۆشەویستی و مەیلی دایک و خوشکەکەشی بەرەو نەمان خلۆردەکاتەوە. دواجار خوشکەکەی بە باوکی دەڵێت " ئەو دەبێت بڕوات و نەمێنێ" و زۆر کەمتەرخەم و بێ هەست دەردەکەوێت کاتێک براکەی بە " ئەو it" ناو دەبات. پاشان دەڵێت ئەگەر حەشەرەکە بەڕاستی گریگۆر بووبێت ئەوا زەمەنێک بەرلەئێستا درکی ئەوەی دەکرد کە مەحاڵە ئینسان بتوانێ لەگەڵ

زیندەوەرێکی لەو جۆرەدا بژیت، بۆیە ئەو بە ویست و ئیرادەی خۆی ڕۆیشتووە و ونبووە. باوەڕی ئەو کە ئەو حەشەرە واقیعەن براکەی نیە، بەهۆی ئەو فاکتەوە ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو ( براکەی) بەڕاستی حەشەرەیەکە. بەڵام بەگوێرەی میتافۆری چیرۆکەکە، کاتێک گریگۆر توانای کارکردنی نامێنێت، ئەوا چیتر لەوەکەوتووە کە شەخسێک بێت. لەبەرئەوەی پەیوەندیە خێزانیەکە لەسەر ئەساسی مووچە و مانگانەیەکی هاوبەشە، بۆیە نەمانی ئەو موچە و مانگانەیەش نەمانی پەیوەندیەکەیە.

کۆتا دەرئەنجامی بەدگۆڕانەکەی گریگۆر و بێ توانا هاوشێوەکەی بۆ کار، بریتی بوو لە مەرگ. ناتوانایی بۆ خواردن، چارەنووسی گریگۆر پشتی بە خێر و سەدەقەی خێزانەکەی بەستبوو کە تەواو زەبوونی کردبوو لەکۆتایشدا لەبرسا مرد. بەیانیەیەک ژنە خزمەتکارەیان بەسەر لاشەمردووەکەیدا دەچێ و دەستبەجێ هەواڵەکە بەخێزانەکە ڕادەگەیەنێت. لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە هیچ نیشانە و ئاماژەیەکی خەم و دڵتەنگی نیشان نادەن بەڵکو هەست بە ئاسوودەی دەکەن، کۆمێنتی بەڕێز سامسای باوک " ئێستا دەکرێ سوپاسی خوا بکەین" و زۆر دڵخۆش بوو بە ڕزگاربوونی لەدەست بارگرانیەکی ئابووری بۆ سەپۆرتی کوڕەکەی. خێزانەکە لەجیاتی پرسەگێڕان و خەمخواردن، بڕیاریاندا بچنە دەشت ودەر تا چێژ لە هەتاو و تیشکی خۆر ببینن. هەروەها لەجیاتی یادگاریەکانی ڕابردووی کوڕە لەدەسچووەکەیان، قسە لەبارەی قازانجە ئابووریەکانی مەرگی ئەو و پلانی دارایی بۆ داهاتوو، دەکەن. لەبەر ناتوانایی گریگۆر بۆ کار، بەهایەکی بۆ خێزانەکە نامێنی و پاش مەرگی جێگای بیرکردن نیە. گرنگ نیە چەند خۆشیان ویستوە کاتێک کە خاوەنی داهات و سەرمایەیەک بووە، بەڵام دوای لەدەستدانی قودرەتی کار ناکرێ چیتر جێگای خۆشویستن بێت. مەسەلەی ئابوری و دارایی هەموو پەیوەستیەکی عاتفی لە خێزانەکەدا پووچەڵ کردۆتەوە.

> ئەگەرچی هەمان چیرۆکە وتراوەکەی مەسخ ناکرێت لە دەرەوەی پانتایی فەنتازیادا ڕووبدات، بەڵام تەمسیلی سیناریۆیەکی تەواو واقعی کرێکارێک دەکات

کاتێک دایک وباوکەکە لەگەڵ کچەکەیان لەسەر گالیسکەکە دانیشتوون، بیر لە هاوسەرگیری ئایندەی کچەکەیان دەکەنەوە. بەدڵنیایەوە بیر لەو قازانج و بەرژەوندیە ئابوریانە دەکەنەوە کە هاوسەری ئایندەی کچەکەیان، پێیان دەبەخشێت، ئەگەرچی ئەمە بە نەووتراوی ماوەتەوە، بەڵام دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە خێزانەکە چەند بە ئاسودەیی و دڵخۆشی ئەو دوانیوەڕۆیە لەسەر گالیسکەکە دانیشتوون. ئەگەر هەلومەرجەکان وا بێنەپێشەوە کە ( گرێتە) ش بکات بە بارگرانیەکی دارایی لەجیاتی سەرچاوەی سامان و داهات، ئەوا ئەویش ڕێک چەشنی براکەی لەلایەن باوانیەوە بە فەرامۆشی دەسپێردرێ. ئەگەرچی هەمان چیرۆکە وتراوەکەی مەسخ ناکرێت لە دەرەوەی پانتای فەنتازیادا ڕووبدات، بەڵام تەمسیلی سیناریۆیەکی تەواو واقعی کرێکارێک دەکات، دوای ئەوەی قودرەتی کار لەدەستدەدات و توانای پشتگیری داریی بۆ خێزانەکەی نامێنێت ئەوا لەلایەن خاوەنکار و خێزانەکەی ترۆدەکرێ و بەفەرامۆشی دەسپێردرێ. بەهۆی خوێندوەی نۆڤلێتەکە بە دیدگایەکی مارکسیستی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تێمی ئەساسی چیرۆکەکە بریتیە لە ململانێیەک لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی. لەبەرئەوەی ئابووری لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا جێگەی هەمووشتێکی تر دەگرێتەوە، بۆیە ئەو کەسەی توانای کارکردن و بەدەستهێنانی مانگانە و مووچەیەکی نەبێت، زۆربەزوویی تەرک دەکرێ و بەفەرامۆشی دەسپێردرێ. زۆربەی جار دەرئەنجامی ئەو تەرک و فەرامۆشکردنەش ( وەک حاڵەتەکەی گریگۆر سامسا) مەرگە.

سەرچاوە
www.isk٢١.org

# لەزانکۆی کامبریج لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ فیکری ئۆجالان

ئازادیی کۆمەڵگە

له ئینگلیزییەوە: ڕێبوارڕەئوف ساڵح

**بەشی ٥**

**پرسی یەکتاپەرستی**

کارکردن و خوێندنەوەی ئۆجالان لە سەر ئاین زیاتر لە دەیەی رابردوودا گەشەی کرد، لە کتێبی (ڕەگی شارستانیەت)دا کە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا وەرگێڕدرا بۆ ئینگلیزی، ئۆجالان تیشکی خستەسەر پەیوەندی نێوان دۆگما بوون و ئاینی فەرمی وڵات، کە بونەتە هۆی بە یاسایی کردن و بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمیی، زۆر تا کەم، لەم کارەیدا ئۆجالان نەرمی نواند لەبارەی یەکتاپەرستی، چونکە لای وابوو ئاینەکانی یەکتاپەرستی لە سەردەمی پرکێشەی قوڵی گەشەکردنی کۆمەڵگەکاندا سەریان هەڵداوە. ئەمەش لە ڕاستیدا بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی بیر و کاراکتەری ڕەوشتیی لە مرۆڤایەتیدا، بە بەراورد بە باوەڕ بوون بە زیاتر لە خودایەک، یان شەریک بۆ خودا پەیداکردن یان دروشمی دیکەی بێدینی لە سەردەمی پێشوودا، ئۆجالان دەڵێت کە یەکتاپەرستی یان پەرستنی خودای تاک و تەنها پلەیەکی باڵاتری پێشکەش کرد لە بیرکردنەوەی ژیرانە، بە شێوەیەکی شاراوەش سەرنجراکێشە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و پەیوەندیشی هەیە بە سەردەمی ئاڵۆزییەکی زیاتری مێژوویی بیرمەندانەی مرۆڤەوە، زیاد لەوەش، ئۆجالان لە گفتوگۆکەیدا لەبارەی مێژووی مەسیحییەت و ئیسلام بە ڕوونی جیاکاری لە نێوان پاڵنەرە شۆڕشیەکان و ئازادی تەواو لە چینی خوارەوەدا دەکات، بەڵام ئەمە دواتر بووە هەڵبژاردەی دەسەڵاتدارەکان و گۆڕدرا بۆ ئامرازی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمیی و دەستبەسەراگرتن.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە قەبارەی یەکەمی مانیفێستۆکەیدا لەبارەی شارستانیەتی دیموکراتی، ئۆجالان وا دەردەکەوێت کە دووبارە بیری کردبێتەوە، ئۆجالان ئێستا وایدەبینێت کە مەرگی ڕێبازی ئەفسانەیی لەگەڵ گۆڕینی بۆ دۆگما بوونی ئاینی خزمەت دەکات بە شەرعی بوونی دەسەڵاتی پلەبەندی هەرەمیی، ئەمەش وەک و ئۆجالان دەڵێت پەیوەندی هەیە بە یەکتاپەرستییەوە.

لە ڕاستیدا، یەکتاپەرستی لەهەمان کاتدا بریتی بووە لە هەردوو هێزی بە کۆیلەکردن و هێزی ئازاد کردنیش، هەمان بۆچونیش ڕاستە بۆ ئەوانەی کە یەکتاپەرست نەبوون، واتە شەریکیان بۆ خودا پەیدا کردووە و باوەڕیان بە زیاد لە خودایەک هەبووە واتە بتپەرستەکان (Polytheism)، سەیری یۆنان و ڕۆما بکە لە جوڵانەوەکانیان بەرەو دیموکراسی و زاڵبوون.


لە ناو نەریتەکانی یەکتاپەرستیدا ئەگەر سەیرێکی نزیک بکرێت لەوانەی کە لە چینی زوڵم لێکراون، وشیارییەکی وا کراون کە ڕێز لە فرەژنی بگرن، ئەمەش لەوانەیە لە ڕێبازەکانی کابەلا (Cabbalah)، سۆفی (Sufi)، کواکە (Quaker) هەبێت، یان لە ناو ئاینەکانی جودایزم، ئیسلام یان مەسیحیەتدا، ڕۆیشتن بەرەو یەکتاپەرستی ڕۆیشتنێکی بێسود بوو، کە لە لایەن نوخبەی کۆمەڵگەوە سەرکردایەتی دەکرا لە سەردەمەکانی ئەخناتۆن (Akhenaton)، جۆسیا (Josiah) و زەردەشت (Zoroaster) کە کاریگەریان هەبوو لە ڕازیبوون بە یەکتاپەرستی، وەک و چەکێکی سەرەتایی دژی چینی جوتیاران.

تەنانەت لە بەهێزترین ئەو کۆمەڵگەیانەی کە خۆیان بە یەکتاپەرست دەزانن، جوتیاران و هەندێک لەوانەش

کە خۆشبەختن لە چینەکانی دیکە، خۆیان وا دەبیننەوە کە بەرەنگاریان دەکرێت لە لایەن رۆحییەتێکەوە کە تەنانەت کۆنترە لە رێبازی حەرامکردن و دۆگمابوونی یەکتاپەرستی دینی، نات تەرنە (Nat Turner)، فرێدریک دۆوگلاس (Frederick Douglas)، هاریت تەبمان (Harriet Tubman)، ماڵۆم (Malcolm)، سۆجۆنە تروس (Sojourner Truth) و جۆن براون (John Brown) لە گەڵ زۆری دیکەدا پێیانوابوو کە ئامادەبوونی هێزی رۆحیی هانیان دەدات بەرەو ئازادی، بەڵام لە بەرامبەردا رەشپێستە چەکدارەکان (Black Panthers) رێگایەکی سەخت و توندیان گرتەبەر بۆ ئەوەی کۆڵنەدەن لە خودا لە پێناوی ئازادیدا، ئەو ئازادییەی رۆحییەتی مارکسی بەبەردا کرابوو وە نکۆڵی دەکرد لەو ترسەی کە هاتبوو بۆ هێزی ڕاستەقینەی ئاینەکەیان (Ultimate Reality).

ئەم خاڵەیە دژی چیرۆکە ئاینییە مەزنەکان کە هەڵوەستەیەک دەکات لە نێوان یەکتاپەرستی و فرەخوداییدا، ئەم خاڵە خاڵێکی زۆر گرنگە و شایەنی ئەوەیە سەرنجێکی نزیکی لێبدەین، لە راستیدا، یەکێک لە ئێمە کە دۆنالد (Donald) دە بەشێکی زۆر لە هاوینی رابردووی بەکارهێنا بۆ گەڕان (Search) بە دوای بنچینەی یەکتاپەرستی و تێگەیشتن لە گرنگی ئەم یەکتاپەرستییە بۆ جیهانی رۆژئاوا، بێ ئەوەی بە مەبەستەوە بیڵێین، ئێمە بەردەوام بۆچوونی جیاوازمان دەدۆزییەوە لەبارەی بنچینەی یەکتاپەرستی و پێگەکەی لە مێژوودا، بۆیە دەبوایە بە شێوەیەکی قوڵتر بە دواداچونمان لەسەر بکردایە، بیرمەند و شارەزایان جیاوازییەکی قوڵیان دەردەبڕی لە بۆچونەکانیان، بەڵام بە وریاییەوە خۆیان دوردەخستەوە لە دەربڕینی بۆچوون و کۆمێنتە رەخنەییەکانیان دژ بە توێژینەوەی بیرمەندە هاوڕێکانیان.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی، دوو گریمانە هەیە، گریمانەی یەکەم ئەوەیە کە یەکتاپەرستی لە سەردەمی فیرعەون ئەخناتۆن (Pharaoh Akhenaton)ەوە، لە (١٣٠٠)ەکانی پێش زایین دەستی پێکردووە، لەو سەردەمەدا بانگەشی ئەوەیان دەکرد کە



هیچ خودایەک بوونی نییە جگە لە خۆر (Aton)، ئەمەش وایکرد لە فیرعون کە هەموو وێنەی خوداکانی تر خاپور بکات لەگەڵ داخستنی ئەو پەرستگایانەی کە خوداکانیان تێدا دەپەرسترا، بەڵام شانشینەکەی دووچاری دۆڕانێکی سەربازی بووەوە، دواتر بەشێوەیەکی گوماناوی کۆچی دوایی کرد، سکۆلار و بیرمەندان پێیانوایە کە لە لایەن قەشەکانی ئەو پەرستگانەوە کوژرابێت کە فیرعەون پێشتر دایخستبوون، هەروەها هەندێک پێیانوایە کە ئەوە مسریەکان بوون کە باوەڕ بونیان بە یەکتاپەرستی پیشاندا بەهۆی تێگەیشتنێکی ئاینی کە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خودایەکی تاک و بڵند و ئاڵۆز هەیە کە لە پێکهاتەکانی نێرە و مێیە دروست بووە.

ئێستا دەتوانین ببینین کە ئەم هەموو کارە دەربارەی یەکتاپەرستی بە بەردەوامی زیاد دەکات و ئاڵۆز دەبێت بۆ سکۆلار و بیرمەندەکان، بۆ ئەوەی بە روونی پێناسەی بکەن، هێشتا گەشەکردنی یەکتاپەرستییەکی ڕاستەقینە بە گەشەکردنێکی گرنگ دەبینرێت لە هۆشیاری مرۆڤدا، داماڵینی جیهان لە فۆرم و بایەخی ئاینیی و پیرۆزیی تاڕادەیەک دەبێتە هۆی زیادکردنی داهێنان لە لایەن مرۆڤەوە، بەڵام ئەمە بایەخێکی سیاسی مەزنی هەیە، لەبەرئەوەی ئەمە بەکار دەهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی ئاینیی و خودایی لەو کۆمەڵگەیانەی کە کەمتر باوەڕیان بە خودا و ئاین هەیە، گەشەکردنی یەکتاپەرستی خاڵێکی جیاکردنەوەیە لە نێوان ژیری و گێلیدا، یان لە نێوان باش و خراپدا، یان لە نێوان شارستانی بوون و ناشارستانی بووندا.

گریمانەی دووەم جەختکردنەوەیە لەسەر بەهاری یەکتاپەرستی لە فێرکردن و پەروەردەی ئاینی زەردەشتیدا کە مێژووەکەی بۆ (٥٠٠ تا ٦٠٠) ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، جولەکە ئاوارەکانی بابل باوەڕیان بەم بۆچوونە هێناو خستیانە نێو پرۆگرامی تێگەیشتنی ئاینیی دوای ئاوارەبوونی خۆیانەوە، بەڵام دواتر دایانڕشتەوەو دەستکاریان کرد لە سەردەمی پاشای جولەکەکان جۆسیا (Josiah)دا، لەو چاپەی کتێبە دینییەکەیاندا جولەکەکان جەخت دەکەنەوە کە یەک خودا هەیە، ئەو جولەکانەی کە خودای هەڵەی دیکەیان

دەپەرست سزا دەدران و دەگوازرانەوە بۆ مەنفا، نووسەر و سکۆلارە جولەکەکان متمانە و بایەخ نادەن بە مسرییەکان و ئێرانییەکان بۆ باوەڕەکانیان بە یەکتاپەرستی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە پیشانی بدات کە خەڵکی ئیسرایل لە سەردەمی جودا (Judah) هەرگیز پەیڕەوی یەکتاپەرستیان کردبێت و خودای تاک و تەنهایان پەرستبێت، بەڵکو بەڵگە مێژووییەکان پیشانی دەدەن کە جوتیارانی جولەکە پەرستنی چەند خودایەکیان پەیڕەو کردووە بە درێژاییی سەرهەڵدانی دەسەڵاتیان لە فەڵەستین.

تەنانەت بیروباوەڕی یەکتاپەرستی بووە نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی دینی جولەکە لە دینەکانی دیکە، بیروباوەڕی یەکتاپەرستی شۆڕ بووەوە بۆ مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان، ئەمانیش یەکتاپەرستیان سەپاند بەسەر پەیڕەوکەرەکانیاندا بە شێوەیەک کە ئەگەر کەسێک سەرکەوتوو نەبوایە لەم تاقیکردنەوەیەدا ئەوا دژایەتی دەکراو سزا دەدرا، هەروەها لەوەتەی ئەم سێ دەربڕینە سەرەکییەکەی یەکتاپەرستی دروست بووەو تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە بۆ یەکتاپەرستی، دەستکرا بە چەوسانەوە و سزادانی یەکتری و دژایەتی کردنی بیروباوەڕە ناباوەکانیان یان ناپەسەندەکانیان (Unorthodox Beliefs).

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاینی، ئەم باوەڕبوونە لێکچووەی یەکتاپەرستی لەناو جولەکەکان و مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان هیچ ڕاستیەکی نییە، چونکە جولەکەکان و مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان نەک تەنها جیاوازیان هەیە لەوەی کە چۆن لە یەکتاپەرستی تێدەگەن و پەیڕەوی دەکەن، بەڵکو هەریەکەشیان لەناو خۆیاندا و لە نەریتەکانیاندا جیاوازیان هەیە لەسەر دەربڕینی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، بەڵام با بگەڕێینەوە سەر ڕوونکردنەوەکەی ئۆجالان، لە مانیفێستۆکەیدا ئۆجالان هێشتا ئامادەیە ڕازی بێت و دان بنێت بە هەندێک لایەنی ئیجابی یەکتاپەرستی، بۆ نموونە، ئۆجالان ئەوە دەڵێت کە باوەڕی یەکتاپەرستی لەگەڵ عبرییەکاندا (Hebrews) زیاتر پەیوەندیدار بووە بە بەرگریکردنیان بۆ ئەوەی لە ناو شارستانێتیدا نەتوێنەوە، زۆر تا کەم، ئۆجالان ڕەخنە لەو پێکهاتە خێڵەکییەی عبرییەکان دەگرێت و لۆمەیان دەکات، بەوەی کە هۆکار بوونە بۆ سەرهەڵدانی چەمکی نەگۆڕینی یاسا کۆن و خێڵەکییەکان، هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا گواستنەوە و گۆڕان لە باڵادەستی خودایی بۆ وێنەی پادشای سەربەخۆ و داڕێژەری یاسا، ئەو پادشایانەی کە هەر خۆشیان بڕیاری جێبەجێکردنی یاسا و فارمانەکانیشیان دەدا.

**بەشی: ٦**

**بۆچونی ئۆجالان لەسەر ئیسلام و مەسیحیەت**

دەربارەی ئیسلام، ئۆجالان پارێزگاری لەوە دەکات کە دەستەواژەی خودا (الله) خۆی چەمکێکی ئەوەندە فراوانە کە ئەگەر لە لایەنی سۆسیۆلۆجیەوە قسەی لەسەر بکەین لە توانایدا هەیە بۆ یەکانگیرکردنی سروشی پیرۆزیی ئاسمانی لەگەڵ کۆمەڵگەدا؛ بەڵام ئەو کێشانەی کە دواکەوتوەکانی ئیسلام پێیان خۆشە لێی تێبگەن و پارێزگاری لێبکەن ئەو یاسا و فەرمانە نەگۆڕانەیە کە بە شێوەیەک زۆر ناڕونن. ئۆجالان لای وایە کە هەرچەندە ئەو شێوە تێگەیشنە لە یاسا و فەرمانەکان و نەگۆڕینیان، لەوانەیە بەسود بوبێت بۆ زاڵبون بەسەر ئاژوە و پاشاگەردانی هۆز و تیرەکان لە سەردەمی خۆیدا، بەڵام دواتر و لە دوای چەند سەدەیەک ئەم چەق بەستنەی یاسا و فەرمانەکان و نەگۆڕینیان سەری کێشا بۆ دیاریدەی کۆنەپارێز (Conservatism) کە تێیدا دواکەوتوانی ئایین دەیانەوێت پارێزگاری لەو یاسا و فەرمانانە بکەن و بە نەگۆڕاوی بیانهێڵنەوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا.

ئۆجالان، ڕێزدەگرێت لە پێغەمبەری ئیسلام ‹موحەمەد›. ستایشی دەکات بەوەی کە خۆی بەدور گرت لەو نەخۆشییە باوەی کە خۆی بە خودا بناسێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا لای وایە پێغەمبەر لە توانایدا نەبوو کە زاڵ بێت بەسەر توند و تیژیی و زاڵبوونی یەهودیدا. هەروەها، ئۆجالان ستایشی پێغەمبەری ئیسلام دەکات بۆ جەختکردنەوەی لەسەر ڕەوشت، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە پێغەمبەر درکی کردبوو بە کێشە قوڵ و درێژکانی کۆمەڵگەی شارستانیی. لەم چوارچێوەیەدا، ئۆجالان پێغەمبەری ئیسلام بە کەسێکی مەزن وێنە دەکات، لە بوارەکانی چاکسازیی و تەنانەت شۆڕشگێڕیشدا. ئۆجالان تێبینیەکانی ئەرێنییە دەربارەی حوکم و یاساکانی پێغەمبەر بۆ ئەو دژایەتییەی کە دەیکرد دژی بەندایەتی باو و ناسراو، لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوت و پاڵپشتییە باشەش کە بەرامبەر بە ئازادیی هەیبوو. تەنانەت

ئۆجالان ئەوەش دەڵێت کە پێغەمبەر بە هیچ شێوەیەک کۆیلایەتی ژنانی قبوڵ نەکردووە و رەتیی کردووەتەوە. لە کۆتایشدا، ئۆجالان جەخت دەکاتەوە کە پێغەمبەر درکی بە جیاوازیی چینایەتی و خاوەندارێتی کرد لە کۆمەڵگەدا، ئەو وادەردەکەوت کە وەک و سۆشیال-دیموکرات هەوڵیداوە بۆ ئەوەی رێبگرێت لە قۆرغکاری و دروست بوونی هەیمەنەی کۆمەڵایەتی لە لایەن یەک چینەوە، هەر بۆیە دەستی بە بەکارهێنان و دانانی باجی قورس کرد.

بە پشتبەستن بە ئۆجالان، بەهێزترین تایبەدمەندێتی ئیسلام ئەو هاوسەنگییەیە کە دروست بوو لە نێوان ماددەخوازیی و رۆشنبیریی ئایدۆلۆژیی. ئەمەش جیاوازە لەوەی کە لە مەسیحییەتدا هەیە، بەوەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە رەوشت تیایدا هێزی سەرەکی دەبێت. بە هۆی ئەم کاریگەرییەوە، ئۆجالان تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە وتەکان (حدیث)ی پێغەمبەر کە دەڵێت:»کار بۆ ئەم دونیایەت بکە بە شێوەیەک کەوا هەست بکەیت هەرگیز نامریت، کار بۆ ئەو دونیاشت بکە بە شێوەیەک کەوا هەست بکەیت سبەی دەمریت».

ئەمەش ئەوە رووندەکاتەوە کە لە ئیسلامدا جۆرە هاوسەنگییەک هەیە، لە نێوان خەمەکانی مرۆڤ بۆ ئەم دونیا و ئەو دونیاشی.

ئۆجالان، بەردەوام دەبێت و سەرنجیش دەدات لەسەر پێوەندی ‹سەدام حوسێن› لەگەڵ قورئاندا راسەوخۆ پێش لە سێدارەدانی. ئۆجالان، لای وایە ئەو پەنابردنەی سەدام بۆ قورئان جێگەی گرینگی پێدانە و نیشانەیەکە بەوەی کە قورئان هێزێکی جیاواز و تایبەت دەبەخشێت بۆ بنیاتنانی هۆش و بیری ئەو کەسانەی کە هیچ هیوایەکیان نەماوە. دواتر ئۆجالان دەگەڕێتەوە سەر بابەتی بەهەشت و دوبارە جەخت دەکاتەوە کە بەهەشت هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی هیوا لە کەشێکی زۆر بێهیوایدا، ئەمەش ئامرازێکە کە بەردەوام کۆپی دەکرێت وەک و وەڵامێک بۆ زوڵم و کۆیلەگەرایی. کەسێک لەوانەیە تێنەگات لەو پەیامانەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتوون بەبێ تێگەیشتن لەو رەوشانەی کە لە کۆیلەگەرایدا هەیە. دواتر، ئۆجالان ئەوەش زیاد دەکات، کە ئەوە تەنها رەوشە زۆردارییەکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو سروشتی ئاسایی مرۆڤە کە هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی رەوشێکی یۆتۆپیانە و بەهەشت کردن کە بەرامبەرەکەشی یان دۆزەخە. بەبێ هەوڵدان بۆ داهاتویەکی باش، ژیان کردن بەئاسانی بەردەوام نابێت.

ئەوە جێگەی پرسیارە کە ئاخۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت بە شێوەیەکی کرداری هەوڵدانیشە بۆ ئایندەیەکی باشتر؟ ئەمەش نەک لەبەرئەوەی کە لە نەریتی ئیبراهیمی (Abrahamic Tradition)دا باسی بوونی بەهەشت کراوە، بەڵکو لەوەش گرینگتر لەبەرئەوەی کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت هەوڵدانە بۆ ئەو ئارەزووە قوڵەی مرۆڤ بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ رابردوو، بە شێوەیەکی تایبەتتریش یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خۆشت ویستوون و لەدەستت داون. ئەمە ویستێکە بۆ نەمردن و ژیانی هەتاهەتایی بۆ خۆمان و بۆ ئەوانەشی کە خۆشمان دەوێن. ئەمەش ئارەزوویەکە کە ئۆجالان ناوی لێناوە «ترس لە مردن».

بە پشتبەستن بە رونکردنەوەکەی ئۆجالان، هەردوو دینی ئیسلام و مەسیحی بەڵێنی تەواو دەدەن بۆ کۆتایهێنان بە کۆیلایەتی؛ بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایە ئەلتەرناتیفیان چییە؟ بۆ کۆیلەگەرایی و زوڵم و زۆرداریی؟! ئۆجالان بەردەوام دەبێت و دەڵێت نەبوونی ئەلتەرناتیف یان جێگرەوە بۆ کۆیلەگەرایی و زوڵم و زۆرداریی واتای خۆلادان و خۆدزینەوە دێت لەو بەڵێنەی کە ژیانێکی وەک و بەهەشت دابین بکەیت لە جیاتی کۆیلەگەرایی لە کاتێکدا کە دەیانەوێت پاشەکشە بکەن بە جیهانی عەلمانی بەرەو ناو جیهانی کۆمەڵگە گاورییەکان و قوتابخانە دینییەکان (Madrasas)، ئەمەش هەوڵدانە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکان بە فۆرمی نوێ بنیاد بنێرینەوە. هەستی شاراوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو دیندارانە زیاتر دەڕوخێت لەسەر دەستی سەرکردەی کەنیسەکان و فەرمانڕەواکانی ئیسلام کە دینەکانیان وەک و ئایدیایەکی بنەڕەتی و رابەر دەخەنە پێش (Instrumentalisation) و بە ئاسانی سیستمی کۆیلەگەرایی و مافی خاوەندارێتی کۆیلەیان زیندوو کردەوە. ئۆجالان، بە گرینگیەوە دەڵێت کە شارستانییەتی مەسیحی و ئیسلامی نادادپەروەریان تێدابوو، بوونە هۆی دروست بوون و زیندوکردنەوەی رژێمە کۆیلەگەراکان و ئەمارەتەکان (Principalities) و دەوڵەتی شاریی و ئیمپراتۆرەکان لە ژێر ناوی ئیسلام و مەسیحییەتدا. ئەم پێناسەیەش وایکرد کە ئەمانە نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیایەکی

ئیسلامی یان مەسیحیی روخێنەر بکەن، چونکە لە راستییدا ئامانجی ئەم یۆتۆپیایانە دروست کردنی شارستانییەکی نوێ نەبوو، بەڵکو ئامانجیان رزگاربوون بوو لە ژیان و گۆڕینی بۆ ناو کەشێکی جوان.

لە دەرەنجامدا، ئۆجالان بەوە کۆتایی پێدێنێت کە سەرەڕای ئامانجەکانیان، یۆتۆپیای هەردوو ئایینی مەسیحیی و ئیسلامی بوونە هۆی خزمەتکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداریی (Capitalism)، تەنانەت ململانێش لە نێوان ئەم دوو ئایینەدا بووە ململانێی نێوان دەوڵەتان و چیتر ئەو ململانێیانە بە ململانێی نێوان ئەو دوو ئایینە ناویان ناهێنرێت. لە راستییدا ئەو ململانێیانە بنچینە و هۆکارەکانیان بۆ پاڵنەرەکانی پلەبەندی هەرەمی و شارستانی دەگەڕێتەوە، لەم نێوەندەشدا ئایین تەنها بەکارهێنراوە بۆ روپۆشکردن و شاردنەوەی. هەروەها، لێردا ئایین بە شێوەی مەجازی (Metaphor) و رازاندنەوە بەکار هاتوون، وەکو ماسکێک بۆ شاردنەوەی راستیی هۆکاری ململانێکان. ئەم یۆتۆپیا ئایینییانە تەنها لە خزمەت کردنی سەرهاڵدانی سەرمایەدارییدا نەوەستاون، بەڵکو هیچ کارامەیەکیان نییە بۆ جوانکردن و باشکردنی ژیان لە جیهانی سەرمایەداریی دا، ئەمەش وەکو کارێک کە ئۆجالان لای وایە تەنها لەلایەن هێزو کارامەیی جۆرێکی نوێ لە زانستی کۆمەڵگە (کۆمەڵناسیی- Sociology) دەکرێت ئەنجام بدرێت. دەبێت بە شێوەیەکی ئازادانەش ئەنجام بدرێت، زانستێک کە تەنها دەتوانین خەیاڵی بکەین، چونکە ئەم شێوە لە زانستی کۆمەڵناسیی رێگری لێدەکرێت و کۆت و بەند کراوە بە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە سەردەمی گەشەی ئاسۆیی نوێخوازیی سەرمایەداریی داین؛ بەڵام ئەمە کارێکە کە ئۆجالان بەڵێن دەدات ئەنجامی بدات و بیکات بە بەشێک لە کار و لێکۆڵینەوەکانی داهاتووی. هەوڵێکی کرداریی کە ببێە هۆی داڕوخانی هەڵسوکەوت و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی ئایین.

دابەزین و گۆڕینی ئایینی ئیسلام و مەسیحیەت بۆ فۆرمێکی نوێ پێویستە، بە لایەنی کەمەوە دەربارەی کاریگەری ئەو نەریتی کۆنی ئایینی لەسەر کاروبارەکانی ئەم جیهانە، بەڵام ئەوە لە هەمان کاتدا نامەیەکی گەردن ئازادانەیە و نیمچە لێخۆشبوونێکە لە ئیسلام و مەسیحیەت. ئۆجالان ئەو سەردەمە نوێیە کە دروست دەبێت، جیادەکاتەوە لە سەردەمە درێژخایەنە مێژووییەکەی کرداری گەندەڵانەی ئەو ئایینانە و دەست بەسەراگرتن و هەڵقۆستنەوەی پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتداران، ئەوانەی کە بە دوای شەرعیەتدا دەگەڕان بۆ پلەبەندییە هەرەمییەکانیان و نادادپەروەرانە دەستیانکرد بە سود بینین لە ماسکە ئاینییەکان و گۆڕینی مانای راستەقینەی هەردوو ئایینی ئیسلام و مەسیحی.

ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتیی وا رەچاودەکرێت کە یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی رۆشنبیریی لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەک و ئایینی مەسیحی کە بناغەی رۆشنبیریی رۆژئاواییە(Western Culture). ئۆجالان، ناکۆکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە لایوایە سەرچاوەی راستەقینەی هەردوو کولتوورەکە بۆ پێنج هەزار ساڵ بگەڕێەوە، وەکو تەمەنی پلەبەندی هەرەمی و پێکهاتەی دەوڵەت. ئەگەر ئۆجالان بەم جۆرە رێزی زۆر نیشان بدات بۆ بە رەسەنی بوون و پەیامی شۆڕشگێڕانەی ئیسلام و مەسیحیەتی پێشوو، کەواتە ئۆجالان بایەخێکی کەمتر پیشان دەدات بۆ دواکەوتووە گەندەڵەکانی ئەم سەردەمە، ئەوانەی کە لە ژێر ناوی خودادا خۆیان دەردەخەن. ئەم بیروڕایەی ئۆجالان سنوردار و مەبەستدارە و لەم کەم بایەخکردنەش مەبەستی ئیسلامییە سیاسیی و رادیکاڵەکانە. لێرەدا ئەو بزوتنەوانەی کە ئۆجالان پشتگوێیان دەخات و بێبایەخیان دەکات بە بزوتنەوە بەرگریکارە درۆینەکان ناو دەبات، بە شێوەیەکی ترسناک دژایەتی نوێخوازیی ئەوروپا دەکەن و رەخنەی لێدەگرن، بە رادەیەک کە دەگاتە ئەوەی کە توندوتیژی تێدا بەکاربێنن، ئەم کردارانەشیان بووە هۆی ئەوەی کە لەسەر جلوبەرگ و ریشیان رەنگ بداتەوە. لە راسیی دا ئەو جۆرە کەسە توندڕەوانە ناخ و جەستەیان پڕە لە دواکەوتوترین پاشماوەی نوێخوازیی. بە کورتی، ئۆجالان وا بیر لەو گروپە ئیسلامییە سیاسیی و رادیکاڵییانە دەکاتەوە کە بەرگرییەکی دۆڕاو دەکەن، ئەم بزوتنەوانە بە بەردەوامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت ئەو بەهایانە بەرجەستە بکەن کە بەرگری لە پێناویدا دەکەن، هەروەها لە راستیی-شدا ئەم بەرگرییەشیان کردووە بە فۆرمێکی نەتەوەیی.

# هەرجارە و ناودارێك



محەممەد کوڕی مەلا وەسمانی باڵخی

مەحوی لە ١٨٣٠-١٨٣١ لە ئامێزی خێزانێکی مەلازادەدا لەدایکبووە و سەرەتای ژیانی لە حوجرەدا لای باوکی خوێندوویەتی و بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی دەچێتە شارەکانی سنە و مهاباد و ٣ ساڵ لای مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب خوێندوویەتی و دەچێتە شنۆش و ئینجا دەگەڕێتەوە سلێمانی و دواتر چووەتە بەغداد و لای مفتی زەهاوی لە بەغداد خوێندن تەواو دەکات و مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێ و ساڵی ١٨٥٩ ی زایینی لە مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم لە بەغداد دەبێتە مامۆستای وانەبێژ.. ساڵی ١٨٦٢ ی زایینی دەگەڕێتەوە سلێمانی و دەبێتە ئەندامی دادگا تا ساڵی ١٨٦٨ ی زایینی بەردەوامدەبێ و ئیتر وازدەهێنێ.

دیارە هەلومەرجی ژیانی خێزانی وای لە مەحوی کرد ئەویش لە ئاستانەی سۆفیگەریدا خۆی ببینێتەوە و ببێتە شاعیر، شاعیرێکی سۆفیگەری.. چونکە باوکی سۆفی و خەلیفەی شێخی سیراجەدینی تەوێڵە بووە.

لەبارەی ساڵی مردنەکەیشی بیروڕای جیاواز هەیە، ئەوەی کە کۆکە ساڵی ١٩٠٦ کۆچی دوایی دەکات.

ئەوی ئەمرۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق
لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینێ وەلوەلەی مەخلووق

بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببوایە باوەڕیان
دەبوو قەت بەم حەدە نەبوایە بۆ دنیا پەلەی مەخلووق


دەخاتە فکری ئەهلی مەعریفەت شێوەی جەجاڵ (الحق)
دەبینی بەعزە ئەشخاصێ بەدویا خەر گەلەی مەخلووق

وەها پڕ فیتنە بوو عالەم کە ئیبلیسێکی وەک ئیبلیس
نەماوە مەئمەنێ غەیری کڵێشە و کەڵکەڵەی مەخلووق

لە پەردەی جیلوەیەکتا ڕوونمایە شۆری صەد مەحشەر
نیقابێ لادە لەو چهرە، ببینە زەلزەلەی مەخلووق

بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو
هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق

لە سووقی دەهردا دوکانی هەر کەس موددەتی عومرە
گوهەر-دانە بە پشکڵ دانە "مەحوی"! مامەڵەی مەخلووق



٣ی ئاب رۆژی رەش لە مێژووی ئێزیدییەکاندا
٧٣یەمین فەرمان و کۆمەڵکوژی!